سەفین دزەیی: هەر گرووپێک هەڕەشە بێت بۆ سەر هەرێمی کوردستان و وڵاتانی دەوروبەر جێگای نابێتەوە

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

خەبات

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5780) سێ شەممە 2ی تەممووز 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، سەفین دزەیی: گوتی: بەداخەوە پەکەکە بەناوی جیاجیا هەوڵیداوە پەردەپۆشی کردە نەشیاوەکانی خۆی بکات، هەر گرووپێک کە هەڕەشە لە هەرێمی کوردستان و وڵاتانی دەوروبەر بکات، جێگای لە هەرێمی کوردستان نابێتەوە. **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**


سەرۆکی فراکسیۆنی بەرەی تورکمانی: پەکەکە دەیەوێت پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و تورکیا تێکبدات

سەرۆکی فراکسیۆنی بەرەی تورکمانی رایدەگەیەنێت، ئامانجی پەکەکە لە دروستکردنی گرووپێکی چەکدار و چالاکییە سەربازییەکانی دژی تورکیا، بۆ تێکدانی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و تورکیایە. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

شاندی دانوستانکاری پارتی و یەکێتی لەبارەی دۆخی کەرکووکەوە کۆبوونەوە

هەر ڕێککەوتنێک لەنێوان پارتی و یەکێتی بکرێت دەبێ ڕێز لە پێکهاتەکانی دیکەش بگیرێت





مەسرور بارزانی پێویستیی هەماهەنگی نێوان هێزەکانی هەرێمی کوردستان و هاوپەیمانان دووپاتدەکاتەوە

مەسرور بارزانی ڕاسپێردراوی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە شاندێکی بااڵی سەربازی هێزی هاوپەیمانان بە سەرۆکایەتی جەنەڕاڵ گرنک ویچ جێگری فەرماندەی فەرماندەیی هێزی هاوپەیمانان لە عێراق و سووریا کرد. لەم دیدارەدا پێشهات و پەرەسەندنەکانی ناوچەکە بە گشتی و هەماهەنگی نێوان هێزەکانی هەرێمی کوردستان و هاوپەیمانان تاوتوێ کران. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

خەبات/دوێنێ دووشەمە، کۆبوونەوەی شاندی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان سەبارەت بە پرسی ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووک و دانانی پارێزگارێک بۆ شارەکە و چەند پرسێکی تر، لە سلێمانی کۆبوونەوە، شاندەکەی پارتی پێکهاتبوون لە مەحموود محەمەد، دڵشاد شەهاب و فرسەت سۆفی و ئومێد سەباح، هەروەها شاندەکەی یەکێتیش پێکهاتبوون لە حاکم قادر حەمەجان، لەتیف شێخ عومەر، خالید شوانی و شاڵاو کۆسرەت ڕەسوڵ.

دوای کۆبوونەوەکەش دڵشاد شەهاب، ئەندامی سەرکردایەتی و ئەندامی شاندی پارتی دیموکراتی کوردستان و لەتیف شێخ عومەر گوتەبێژی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ خستنەڕووی ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکەی نێوانیان، پرێس کۆنفرانسێکیان بۆ ڕۆژنامەنووسان ڕێکخست. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

ئەمەریکا و بەشێک لە وڵاتانی ئەورووپا داواکارن پێکهێنانی حکوومەت دوانەخرێت

ڕاوێژکاری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان ئاشکرای کرد کە نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەمەریکا و یەکێتیی ئەورووپا جەختیان لەوە کردووەتەوە کە ناکرێت دوای تێپەڕبوونی 9 مانگ بەسەر هەڵبژاردندا، حکوومەت دروست نەکرێت. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

لە ڕۆژانی داهاتوو پەرلەمانی عێراق دەنگ لەسەر هەمواری پرۆژەیاسای دادگای فیدراڵی دەدات

پەرلەمانی عێراق داوای خوێندنەوەی پرۆژەیاسای دادگای فیدراڵیی کرد و پەرلەمانتارێکی پارتییش دەڵێت، داواکاری ئێمە لەنێو پرۆژە هەمواڕەکەدا جێگیرکراوە و لە ڕۆژانی داهاتوو دەنگ لەسەر پرۆژەیاساکە دەدرێت. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

ڕێبوار تاڵەبانی: کار بۆ هەڵوەشاندنەوەی بڕیارە نایاساییەکان دەکەم

دادگای فیدراڵیی عێراق بڕیاری ئەستۆپاکیی ڕێبوار تاڵەبانی دەرکرد، ناوبراویش ڕایدەگەیەنێت، بەهۆی ڕیفراندۆم و ئااڵی کوردستان و قبووڵنەکردنی بارودۆخی دوای 16ی ئۆکتۆبەر بووە، هاوکات لە داهاتوویشدا کار بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو کارە نایاساییانە دەکات، کە لە پارێزگاکەدا ئەنجامدراون. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**



ئەگەر دۆخی کەرکووک ئاسایی نەکرێتەوە پێویستە هەڵبژاردنی تێدا دوابخرێت

جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی کەرکووک-گەرمیانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ڕایگەیاندووە کە هیچ ماوەیەکی دیاریکراو بۆ گەڕانەوەی پارتی بۆ کەرکووک و ناوچە کێشەلەسەرەکان دانەنراوە و بە پێویستیشی دەزانێت هەڵبژاردن لە کەرکووک دوابخرێت، گەر بە خێرایی دۆخی شارەکە ئاسایی نەکرێتەوە. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

لێژنەی نەوت و غاز: هۆکاری سیاسی لە پشت دروستنەکردنی پاڵاوگەیە لە کەرکووک

ئەندامێکی لێژنەی نەوت و غاز لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک ڕایدەگەیەنێت، لە ساڵی 2007 ــەوە بڕیار بۆ دروستکردنی پاڵاوگە بۆ کەرکووک دەرچووە، بەاڵم دەستاودەستی پێوە دەکرێت و بە هۆکارێکی سیاسی دروست نەکراوە، بەم هۆیەشەوە لە پارێزگاکەدا کێشەی بەنزین بە زەقی هەیە. دوێنێ دووشەمە بەشێک لە شۆفێرانی نارەزایی لە شاری کەرکووک ڕژانە سەر شەقام و بەرانبەر بە دروستبوونی قەیرانی بەنزین نارەزایەتییان دەبڕی. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

لەندەن... لە ڕێوڕەسمێکدا دەستەی خەاڵتی گەل کۆچەر بیرکاری خەاڵت کرد



دەستەی خەاڵتی گەل لە ڕێوڕەسمێکی شایستەدا، لە هۆڵی سەرۆکی شارەوانی کینزیگتن تاون ۆڵ لە لەندەنی پایتەختی بەریتانیا، خەاڵتی ئاڵتونی گەل کەگوزارشت لە گەلی کورد دەکات بە ئامادەبوونی بەشێکی بەرچاو هاوڵاتیانی هەر چوار پارچەی کوردستان لە کەسایەتی سیاسی و ڕۆشنبیران بەخشرایە پرۆفیسیۆر کۆچەر بیرکار کە توانی ئەو شانازییە بە گەلی کورد ببەخشێت وەک کوردێک ببێتە هەڵگری خەاڵتی فێڵدس. **(زیاتر لە ل16 بخوێنەوە)**

کورد 400 پۆستی پلە تایبەتەکانی لە بەغدا بەردەکەوێت

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق گوتی، لیژنەیەک لە بەغدا بۆ دابەشکردنی پۆستی پلە تایبەتەکانی کابینەی نوێ دەستبەکار بووە، کە 400 پۆستیان بەر کورد دەکەون. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

دهۆک.. دۆستەک گوندی لەقلەقەکان

لەقلەق یەکێکە لەو باڵندانەی کە سیفاتی کۆمەاڵیەتی هەیە و هاوشێوەی مرۆڤ لەگەڵ یەکتری دەژین، بەاڵم تیرەکانیان لەگەڵ یەکتر تێکەڵ نابن، خێزان خێزان بە جیا پێکەوە دەژین، هەر خێزانێک هێاڵنەی خۆی هەیە، شوێنی سەقامگیر و دوور لە جەنگ و جەنجاڵی هەڵدەبژێرن بۆ ژیان، مانەوە و زۆربوون. **(زیاتر لە ل16 بخوێنەوە)**



کۆمپانیاکانی ئەمەریکا خوازیاری وەبەرهێنانن لە کەرتی گواستنەوە و گەیاندن

بە مەبەستی وەبەرهێنان و لەسەر داوای ژووری بازرگانی و پیشەسازی ئەمەریکا، شاندێکی گروپێکی کۆمپانیاکانیASKAR GLOBAL ENTERPRISES ئەمەریکی سەردانی وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندنی حکومەتیان کرد. **(زیاتر لە ل7 بخوێنەوە)**

مەسرور بارزانی پێشوازی لە شاندێکی باڵای سەربازیی هێزی هاوپەیمانان دەکات

هاوپەیمانان: هەماهەنگییەکان رۆڵی خۆی دەبینێت لە پاراستنی دەستکەوتەکان و ڕێگەگرتن لە سەرهەڵدانەوەی تیرۆریستان



دوێنێ دووشەممە 2019/7/1 مەسرور بارزانی ڕاسپێردراوی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە شاندێکی باڵای سەربازیی هێزی هاوپەیمانان بە سەرۆکایەتی جەنەراڵ گرنک وبچ جێگری فەرماندەی فەرماندەیی هێزی هاوپەیمانان لە عێراق و سووریا کرد.

لەم دیدارەدا پێشهات و پەرەسەندنەکانی ناوچەکە بە گشتی و هەماهەنگی نێوان هێزەکانی هەرێمی کوردستان و هاوپەیمانان تاوتوێ کران.

لە میانەی دیدارەکەدا مەسرور بارزانی، وێڕای ئاماژەدان بە ڕۆڵ و کاریگەری هەماهەنگی لە نێوان هێزی پێشمەرگە و هاوپەیمانان لە شەڕی تیرۆریستانی داعش و سەرکەوتنیان بۆ مەسرور بارزانی خواست لە سەرۆکایەتیکردنی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و دووپاتیشیان کردەوە، کە بەردەوامی هەماهەنگییەکان ڕۆڵی خۆی دەبینێت لە پاراستنی دەستکەوتەکان و ڕێگەگرتن لە سەرهەڵدانەوەی تیرۆریستان.

کوردستان بۆ هەماهەنگییەکان، هیوای سەرکەوتنی بۆ مەسرور بارزانی دووپاتی لە پێویستی بەردەوامیی هەماهەنگی هەمەلایەنەی نێوان هێزەکانی هەرێمی کوردستان و هاوپەیمانان کردەوە.

لە بەرانبەردا شاندی باڵای هاوپەیمانان، وێڕای سوپاسکردنی هەرێمی پەرەسەندنەکانی ناوچەکە بە گشتی و هەماهەنگی نێوان هێزەکانی هەرێمی کوردستان و هاوپەیمانان تاوتوێ کران.

لە میانەی دیدارەکەدا مەسرور بارزانی، وێڕای ئاماژەدان بە ڕۆڵ و کاریگەری هەماهەنگی لە نێوان هێزی پێشمەرگە و هاوپەیمانان لە شەڕی تیرۆریستانی داعش و سەرکەوتنیان بۆ مەسرور بارزانی خواست لە سەرۆکایەتیکردنی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و دووپاتیشیان کردەوە، کە بەردەوامی هەماهەنگییەکان ڕۆڵی خۆی دەبینێت لە پاراستنی دەستکەوتەکان و ڕێگەگرتن لە سەرهەڵدانەوەی تیرۆریستان.

عارف ڕۆشدی:

ئەمەریکا و بەشێک لە وڵاتانی ئەورووپا داواکارن پێکهێنانی حکوومەت دوانەخرێت



ڕاوێژکاری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان ئاشکرای کرد کە نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەمەریکا و یەکێتیی ئەورووپا جەختیان لەوە کردووەتەوە کە ناکرێت دوای تێپەڕبوونی 9 مانگ بەسەر هەڵبژاردندا، حکوومەت دروست نەکرێت.

عارف ڕۆشدی، ڕاوێژکاری مەکتەبی سیاسیی پارتی بۆ خەبات ڕایگەیاند: ئەگەر کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دروست نەکرێت، ئەوا کارەکان لەبارەی چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا بەپێی پێویست چارەسەر نابێت.

شایانی باسە دوێنێ ئەندامێکی شاندی دانوستانکاری پارتی دیموکراتی کوردستان ئاشکرای کرد کە لە کۆبوونەوەکەی دوێنێ دووشەمە 1ی 7ی 2019یاندا لەگەڵ شاندی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، زۆر لە یەکترەوە نزیک بوون.

لە پرێس کۆنفرانسێکی هاوبەشدا، دڵشاد شەهاب، ئەندامی شاندی پارتی ڕایگەیاند: خۆشبەختانە لە هەر کاتێک زیاتر نزیکین لەوەی هەنگاوی کردەیی بۆ ئاسایکردنەوەی دۆخی کەرکووک بنرێت، تێگەیشتنی باش لەگەڵ عێراق هەیە و پارتی و یەکێتی پێکەوە لە لیژنەکان بەشدارن و نەتەوە یەکگرتووەکان بە جددی لەسەر هێڵن لەبارەی دۆخی سەرجەم ناوچە جێناکۆکەکان.

بەغدا.. لیژنەیەک بۆ دابەشکردنی پۆستە پلە تایبەتەکانی کابینەی نوێ دەستبەکار دەبێت

د. ڤیان سەبری: کورد 400 پۆستی پلە تایبەتەکانی لە بەغدا بەردەکەوێت

لیژنەیەکی هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدا دەکات



سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق گوتی، لیژنەیەک لە بەغدا بۆ دابەشکردنی پۆستی پلە تایبەتەکانی کابینەی نوێ دەستبەکار بووە، کە 400 پۆستیان بەر کورد دەکەون. دەشڵێ، هەوڵ دەدەن ئەو پۆستانە وەربگرن کە بۆ هەرێمی کوردستان گرنگن.

د. ڤیان سەبری، لە لێدوانێکدا بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاندووە: لە کابینەی نوێی حکوومەتی عێراقدا 400 پۆستی پلە تایبەتەکان بەر کورد دەکەون و لیژنەیەکیش هەیە لە بەغدا بە ناوی هاوسەنگی، کە ئێمەش وەکو پارتی تێیدا بەشدارین و کار بۆ دابەشکردنی پۆستەکانی حکوومەتی عێراق دەکەین، ئەوانەی پلەی تایبەتن لە هەموو وەزارەت و دەستەکاندا، بۆیە باش خۆمانمان بۆ ئامادە کردووە.

سەبری گوتیشی: وەکو پارتی دیموکراتی کوردستان دوو لیژنەمان دروست کردبوو، یەکێک لەسەر ئاستی لقەکان و ئەوەی دیکەش لەسەر ئاستی مەکتەبی سیاسی بە بڕیاری سەرۆک بارزانی، خەڵکیش سێقیی خۆیان پێشکەشکرد لەسەر ئاستی لقەکان و سێقییەکان بەپێی پسپۆڕی و لێهاتوویی و شارەزایی یەکلاکراونەتەوە و ناوەکان ئامادە کراون و لیژنەیەکیش بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ عێراق تا ئێستا دووجار سەردانی بەغدای کردووە و بڕیارە جاری سێیەمیش سەردانی بەغدا بکات بۆ گفتوگۆکردن سەبارەت بە کێشەکانی نێوان حکوومەتن، لایەنێکی سیاسی بەدەر لە یاسا هەلدەستێ بە دروستکردنی گرووپێکی چەکدار، ئامانجی ئەو هێزانەش تێکدانی سەقامگیری هەرێمی کوردستان و پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستانە.

گوتیشی: هەر هێزێک لە دەرەوەی هێزی پێشمەرگە لە هەرێمی کوردستان دروست بکرێت هێزێکی نا یاساییە. هێزی پێشمەرگە هێزێکی یاساییە و هەرێمی کوردستان پێویستی بە هیچ هێزێکی دیکە نییە.

ئایدن مەعروف، ئاماژەی بە پەیوەست بەم بابەتەوە جەخت لەسەر جێگیرکردنی میکانیزمی هەماهەنگی لە نێوان هێزی پێشمەرگە و سوپای عێراق و هاوپەیمانان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەی تیرۆریستان کرایەوە.

هەر هێزێک لە دەرەوەی هێزی پێشمەرگە لە هەرێمی کوردستان دروستبکرێت هێزێکی نایاساییە

ئایدن مەعروف: پەکەکە دەیەوێت پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و تورکیا تێکبدات

دەبێ بەپێی یاسا مامەڵە لەگەڵ ئەو هێزانە بکرێت کە بە نایاسایی دێنە ناو خاکی هەرێم



سەرۆکی فراکسیۆنی بەرەی تورکمانی ڕایدەگەیەنێت، ئامانجی پەکەکە لە دروستکردنی گرووپێکی چەکدار و چالاکییە سەربازییەکانی دژی تورکیا، بۆ تێکدانی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و تورکیایە.

ئایدن مەعروف، سەرۆکی فراکسیۆنی بەرەی تورکمانی لە پەرلەمانی کوردستان بۆ کوردستان 24 ڕایگەیاندووە: ئێستا کە هەرێمی کوردستان پێویستی بە سەقامگیری سیاسی هەیە و لایەنەکان سەرقاڵی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتن، لایەنێکی سیاسی بەدەر لە یاسا هەلدەستێ بە دروستکردنی گرووپێکی چەکدار، ئامانجی ئەو هێزانەش تێکدانی سەقامگیری هەرێمی کوردستان و پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستانە.

گوتیشی: هەر هێزێک لە دەرەوەی هێزی پێشمەرگە لە هەرێمی کوردستان دروست بکرێت هێزێکی نا یاساییە. هێزی پێشمەرگە هێزێکی یاساییە و هەرێمی کوردستان پێویستی بە هیچ هێزێکی دیکە نییە.

ئایدن مەعروف، ئاماژەی بەوەشکرد: دەبێ بەپێی یاسا مامەڵە لەگەڵ ئەو هێزانە بکرێت کە بە نا یاسایی دێنە ناو خاکی هەرێمی کوردستان و عێراق، نابێ ڕێگە بە هیچ گرووپێکی چەکدار بدرێت لەناو خاکی عێراق و هەرێمی کوردستان هێرش بکاتە سەر وڵاتێکی دیکە. ئەوەشی خستەڕوو: ئێستا پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و تورکیا لە قۆناخێکی باشدایە و بەرەو باشتر دەچێت، هەرێمی کوردستان پێویستی بەوەیە کە پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەر باشتر بێت، ناکرێت هێزێک بێتە هۆکار بۆ تێکدانی ڕەوشەکە، کە ئامانجی سەرەکی تێکدانی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و تورکیایە، لە هەمانکاتدا بوونەتە هۆکار بۆ ئەوەی زیان بە هاووڵاتیان بگات، پێشتریش حکوومەتی هەرێم چەندین جار داوای کردووە کە دەبێ پەکەکە لەو ناوچانە بکێشتەوە، کە کاریگەری خراپی هەیە بۆ ڕەوشی سیاسی و ژیان و گوزەرانی خەڵکی هەرێمی کوردستان.

سەرۆکی فراکسیۆنی بەرەی تورکمانی ڕاشیگەیاند: بۆ سەقامگیری ناوچەکە دەبێ ئەو ناوچانەی پەکەکە لێی جێگیر بووە بخرێنەوە چوارچێوەی دەسەڵاتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، هەروەها دەبێ حکوومەتی عێراقیش هەڵوێستی هەبێت لە ڕێگریکردن لەو هێزانە کە لەناو خاکی عێراق و هەرێمی کوردستان چالاکی سیاسی و سەربازی دژی وڵاتێکی دراوسێ ئەنجامدەدەن.

هەدار بارزانی: بەگوێرەی پرۆژەیاساکە سێ دادوەری کورد لە دەستەی دادوەرانی دادگای فیدراڵیدا دادەنرێن

پەرلەمانی عێراق دەنگ لەسەر هەمواری پرۆژەیاسای دادگای فیدراڵی دەدات



پەرلەمانی عێراق داوای خوێندنەوەی پرۆژەیاسای دادگای فیدراڵیی کرد و پەرلەمانتارێکی پارتییش دەڵێت، داواکاری ئێمە لەنێو پرۆژە هەمواریکەدا جێگیرکراوە و لە ڕۆژانی داهاتوو دەنگ لەسەر پرۆژەیاساکە دەدرێت.

هەدار بارزانی، ئەندامی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی عێراق، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاندووە: پەرلەمانی عێراق داوای خوێندنەوەی بۆ هەمواری پرۆژەیاسای دادگای فیدراڵیی کردووە و بڕیارە ڕۆژانی داهاتوو دەنگ لەسەر پرۆژەکە بدرێت، چونکە هەموو کاروبارەکان کۆتاییان هاتووە و ڕەوانەی لیژنەکان کردووە.

ئەو پەرلەمانتارە دەڵێت: داواکاریی ئێمە لەنێو پرۆژەیاسای دادگای فیدراڵیدا جێگیر کراون، ئەگەر بەو شێوەیەی لەسەری ڕێک کەوتوون پەسەند بکرێت، سێ دادوەری کوردە لە دەستەی دادوەرانی دادگای باڵای فیدراڵیدا دادەنرێن و دادوەرێکی کریستیانیش هەر لەسەر پشکی هەرێمی کوردستان دادەنێرێت و بەو شێوەیە دەبنە چوار دادوەر.

هەدار بارزانی ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد: یەکێک لەو خاڵانەی فراکسیۆنە کوردستانییەکان پێداگرییان لەسەر دەکرد هەبوونی سێ شارەزای ئایینی لە دادگای فیدراڵیدایە، چونکە جگە لە دەستەی دادوەران کەسانی ئایینیش دەبنە ئەندام.

لەبەر ئەوە، ئێمە پێداگرین ئەوەمان کردووە کە دەبێ سێ کەس بن، شیعەیەک و سوننەیەک و کوردێک، ئەوە چارەسەرێکی گونجاوە بۆ دادگای فیدراڵی، لەبەر ئەوەی پێویستە هاوسەنگی هەبێت تا لایەنگری بۆ هیچ پێکهاتە و لایەنێک نەکرێت.

وەزارەتی بەرگریی عێراق کۆژرانی دوو تیرۆریستی داواکراوی داعشی ڕاگەیاند

وەزارەتی بەرگریی عێراق ڕاگەیاند کە دوو تیرۆریستی داواکراوی داعش لە ڕۆژئاوای پارێزگای نەینەوا کۆژراون. بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگری سەربازیی سەر بە وەزارەتی بەرگریی عێراق ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە و تیایدا ئاماژەی بەوەکردووە، هێزێکی هەواڵگری سەربازیی، دوو تیرۆریستی داعشیان لە گوندی ئوم هەرام سەر بە قەزای بەعاج کوشتووە. بەپێی ڕاگەیەندراوەکە، دوو تیرۆریستییەکە خۆیان لە گوندەکە حەشاردابوو و دوای ئەوەی ئاشکرابوون، هەوڵی هەڵاتنیان دابوو، بەڵام هەوڵەکەیان لەلایەن هێزێکی هەواڵگری سەربازییەوە شکستپێهێندرا و کۆژراون.

شاندی دانوستانکاری پارتی و یەکێتی لەبارەی دۆخی کەرکووکەوە کۆبوونەوە

دڵشاد شەهاب: کەسێکی خەڵکی کەرکووک وەک پارێزگاری کەرکووک دەستنیشان دەکرێت کە پارێزگاری هەموو لایەنەکان بێت

لەتیف شێخ عومەر: دەبێت پەلە بکەین لە پێکهێنانی حکوومەت و دڵسۆزیی خۆمان وەک شەریکێکی راستەقینە دەربڕی



خەبات: دوێنێ دووشەمە 2019/7/1 کۆبوونەوەی شاندی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان سەبارەت بە پرسی ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووک و دانانی پارێزگارێک بۆ شارەکە و چەند پرسێکی تر، لە سلێمانی کۆبوونەوە، شاندەکەی پارتی پێکهاتبوون لە مەحمود محەمەد، دڵشاد شەهاب و فرسەت سۆفی و ئومێد سەباح، هەروەها شاندەکەی یەکێتیش پێکهاتبوون لە حاکم قادر حەمەجان، لەتیف شێخ عومەر، خالید شوانی و شالاو کۆسرەت ڕەسوڵ.
دوای کۆبوونەوەکەش دڵشاد شەهاب، ئەندامی سەرکردایەتی و ئەندامی شاندی پارتی دیموکراتی کوردستان و لەتیف شێخ عومەر گوتەبێژی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ خستنەڕووی ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکەی نێوانیان، پرێس کۆنفرانسێکیان بۆ ڕۆژنامەنووسان ڕێکخست.

دڵشاد شەهاب، ئەندامی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە کۆنگرە ڕۆژنامەنووسییە هاوبەشەکەیدا سەبارەت بە ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکەی نێوان پارتی و یەکێتی، ڕایگەیاند: لە کۆبوونەوەکەمان بە یەک تیم باسی پرسی پارێزگاری کەرکووک و هەماهەنگییەکانی نێوان یەکێتی و پارتی و ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووک و چەند بابەتێکی دیکەش کران. ئەوەی ئەمڕۆ کرا هەنگاونانی جدی بوون و بیروبۆچوونەکانمان زۆر لە یەکەوە نزیکن، سەبارەت بە دانانی کەسێکیش بە پارێزگای کەرکووک، هەروەها لەبارەی ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووکیش لێکتێگەیشتنی ڕوون هەن.
دڵشاد شەهاب، ڕاشیگەیاند: تێگەیشتنی باش هەیە بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووک، سەبارەت بەو کەسەی دەکرێتە پارێزگاری کەرکووک، گوتی: کەسێکی خەڵکی کەرکووک وەک پارێزگاری کەرکووک دەستنیشان دەکرێت کە پارێزگاری هەموو لایەن و پێکهاتەکانی کەرکووک بێت، هەر ڕێککەوتنێکیش لەنێوان یەکێتی و پارتی بکرێت، دەبێت ڕێز لە پێکهاتەکانی دیکەش بگیرێت و بیروبۆچوونەکانیشمان زۆر لەیەوە نزیکن. سەبارەت بە هەنگاوەکانی ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووک، ئەو ئەندامەی سەرکردایەتیی پارتی، ڕایگەیاند: هەنگاوی باش نراون بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووک و تێگەشتنی باشیش لەلایەن حکوومەتی عێراق هەیە و نەتەوە یەکگرتووەکانیش لەبارەی ناوچە کوردستانییەکان بە جدی لەسەر خەتن. دڵشاد شەهاب گوتیشی: ئومێدمان زۆرە کە لەگەڵ هەموو لایەنەکان لەبارەی پۆستی پارێزگاری کەرکووک دەگەینە ڕێککەوتن، ڕاشیگەیاند: تێگەیشتنێکی باش هەیە لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵ و نێوان پارتی و یەکێتی لە لایەک، لە لایەکی دیکەوە نەتەوە یەکگرتووەکانیش بە جدی لەسەر خەتن. دڵشاد شەهاب گوتیشی: ئومێدمان زۆرە کە لەگەڵ هەموو لایەنەکان لەبارەی پۆستی پارێزگاری کەرکووک دەگەینە ڕێککەوتن، ڕاشیگەیاند: تێگەیشتنێکی باش هەیە لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵ و نیشتمانیی کوردستان بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن ڕایگەیاند: دەبێت پەلە بکەین لە پێکهێنانی کابینەی حکوومەتی کوردستان و دڵسۆزی خۆمان وەک شەریکێکی ڕاستەقینە دەربڕی بۆ بەشداریکردن لە کابینەی داهاتوودا و تەئکیدمان کردەوە کە دەبێت لە ماوەیەکی کورتدا کابینەی تازە پێکبهێندرێت. هەروەها گوتەبێژی یەکێتی لە بەشێکی تری قسەکانیدا گوتیشی: لە کۆبوونەوەکەمان باسمان لەوەشکرد کە دەبێت بە پەرۆشەوە هەنگاوی گەورە بنێین بۆ ئەوەی پێش تەواوبوونی وادەی دیاریکراو کابینەی نوێمی حکوومەت پێکبهێندرێت و دەستبەکارەکانی بکات.
هەروەها ڕاشیگەیاند: دڵسۆزی خۆمان وەک شەریکێکی ڕاستەقینەی هاوبەش بۆ بەشداریکردن لە کابینەی نوێی حکوومەت ڕاگەیاندووە و ئامادەکارییەکانمان دەستپێکردووە، وادەکەین لە ماوەیەکی کورتدا دڵی هەموو دڵسۆزانی خەڵکی کوردستان بەو پەیوەندییە بەهێز و پتەوەی نێوانمان خۆش بێت، بەو هیوایەی پێ بنێتە قۆناخێکی دیکە.

دیاری حوسێن:

ئەگەر دۆخی کەرکووک ئاسایی نەکرێتەوە پێویستە هەڵبژاردنی تێدا دوابخرێت

بارەگاکانی پارتی ئەوکاتە دەگەڕێنەوە کەرکووک کە پێشمەرگە و سوپا بە هەماهەنگی ناوچەکە بپارێزن



جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی کەرکووک-گەرمیانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ڕایگەیاندووە کە هیچ ماوەیەکی دیاریکراو بۆ گەڕانەوەی پارتی بۆ کەرکووک و ناوچە کێشەلەسەرەکان دانەنراوە و بە پێویستیشی دەزانێت هەڵبژاردن لە کەرکووک دوابخرێت، گەر بە خێرایی دۆخی شارەکە ئاسایی نەکرێتەوە.
لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ دەنگی ئەمەریکا، دیاری حوسێن، جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی کەرکووک-گەرمیانی پارتی، دەڵێت: ئێمە لەگەڵ حکوومەتی عێراقدا هاوبەش و شەریکین، وەزیرمان هەیە لە نێو ئەو حکوومەتەدا، سەردانمان دەکەن و سەردانیان دەکەین، بۆیە کێشەمان نییە لە گەڕانەوە بۆ کەرکووک، بەڵام وەک ئەو جەختی لەسەر دەکاتەوە، کاتێک بارەگاکانی پارتی دەبەنەوە کە دۆخەکە ئاسایی بکرێتەوە، بەوەی پێشمەرگە و سوپای عێراق بە هەماهەنگی ناوچەکە بپارێزن.
دیاری حوسێن، گوتیشی: ئێمە کێشەی گەڕانەوەیان بۆ کەرکووک نییە، بەڵام بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پارێزگاکان لەو شارە، دەبێت دۆخەکە ئاسایی بکرێتەوە، گوتی: ئەگینا لەگەڵ ئەنجامدانی هەڵبژاردندا نین، لەو کاتەی باس دەکرێت، بەڵام ئەگەر دۆخەکە ئاسایی کرایەوە، بەوەی ئاوارەکان گەڕانەوە و خەڵکی هێندراو گەڕێندرانەوە و هێز لە شارەکە ببرێتە دەرەوە، ئەوکات با هەڵبژاردن بکرێت، کێ بردیەوە، پیرۆزی بێت.
لە بەشێکی تری قسەکانیدا جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی کەرکووک-گەرمیانی پارتی، ڕوونیکردەوە گفتوگۆی نێوان هەرێم و بەغدا لەژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکاندا بەردەوامە، گوتیشی: هەست دەکەین، بەرەو پێشچوون هەیە، نییەتێک هەیە بۆ بردنی ناوچەکە بەرەو ئارامی.
دەربارەی داواکاری پارتی لە بەغدا و وەڵامی حکوومەتی عێراق بۆ داواکارییەکانیان، دیاری حوسێن گوتیشی: ئێمە داوای جێبەجێکردنی دەستوور و ئاساییکردنەوەی ناوچەکە دەکەین، با دواتر سەرژمێری بکرێت و پاشان ڕاپرسی، تا بزانرێت خەڵکی ئەو ناوچانە هەرێم و بەغدا کامیان هەڵدەبژێرن.

ئەرکی ئەنجوومەنە کۆبێتەوە و سەرجەمی کارە نایاساییەکان بە فەرمیی هەڵوەشێنێتەوە

ڕێبوار تاڵەبانی: کار بۆ هەڵوەشاندنەوەی بڕیارە نایاساییەکان دەکەم



دادگای فیدراڵیی عێراق بڕیاری ئەستۆپاکیی ڕێبوار تاڵەبانی دەرکرد، ناوبراویش ڕایدەگەیەنێت، بەهۆی ڕیفراندۆم و ئاڵای کوردستان و قبوڵنەکردنی بارودۆخی دوای 16ی ئۆکتۆبەر بووە، هاوکات لە داهاتوویشدا کار بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو کارە نایاساییانە دەکات، کە لە پارێزگاکەدا ئەنجامدراون.

ڕێبوار تاڵەبانی، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک، لە لێدوانێکیدا بۆ ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان، ڕایگەیاندووە: لە چەند مانگی ڕابردوودا کاری نایاسایی لە شاری کەرکووک کراوە و لەسەر ئەوەش سکاڵای لای داواکاری گشتی تۆمار کردووە و چاوەڕێی ئەنجامەکەیەتی. ناوبراو هۆکاری بە دادگادانیشی بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆم و هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە پارێزگای کەرکووک و داکۆکیکردن لە مافەکانی خەڵکی شارەکە لەلایەک، لە لایەکی دیکەیش قبوڵنەکردنی بارودۆخی دوای 16ی ئۆکتۆبەر گێڕایەوە، گوتیشی: ئەگەر بگوتایە ئەو بارودۆخەی لەدوای 16ی ئۆکتۆبەر بەسەر کەرکووکدا هاتووە، یاسایی و لە کەرکووک بماباماییەوە و وەکو خەڵکی دیکە ئەو بارودۆخەم قبوڵ بکردایە، تووشی ئەو کێشانە نەدەهاتم، سوپاس بۆ خودا توانیم بەسەر ئەو کێشانە سەربکەوم.
تاڵەبانی جەختیشی لەوەشکردەوە، کە هەر لە دوای 16ی ئۆکتۆبەریشەوە هەوڵی یەکڕیزیی نێومااڵی کورد و لیستی برایەتی داوە، کە کۆبوونەوە ئەنجامبدرێت، سەبارەت بەو کارە نایاساییانەی لە ڕابردووشدا ئەنجامدراون، دەڵێ، کە ئەرکی ئەنجوومەنە کۆببێتەوە و سەرجەمی کارە نایاساییەکان بە فەرمی هەڵوەشێنێتەوە، هەر بۆیەشە چاوەڕێی ئەنجامدانی کۆبوونەوەی ئەنجوومەنەکەیە، هەتا کار بۆ هەڵوەشاندنەوەی سەرجەم کارە نایاساییەکان بکات.
دادگای کەتنی ڕەسافەی تایبەتمەند بۆ دۆسییەکانی دەستپاکی و سپیکردنەوەی دراو، تەواوی تۆمەت و فەرمانەکانی دەستگیرکردنی ڕێبوار تاڵەبانی، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووکی هەڵوەشاندەوە، کە پێشتر لەلایەن دادگای کەتنی کەرکووکەوە لە دژی دەرکرابوو.

لێژنەی نەوت و غاز: هۆکاری سیاسی لە پشت دروستنەکردنی پاڵاوگەیە لە کەرکووک

ئەندامێکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک: سەدان خێزانی عەرەب نفووسیان کراوە بە کەرکووک

ئەندامێکی لێژنەی نەوت و غاز لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک ڕایدەگەیەنێت، لە ساڵی 2007 ـەوە بڕیار بۆ دروستکردنی پاڵاوگە بۆ کەرکووک دەچووە، بەڵام دەستاودەستی پێوە دەکرێت و بە هۆکارێکی سیاسی دروست نەکراوە، بەم هۆیەشەوە لە پارێزگاکەدا کێشەی بەنزین بە زەقی هەیە. دوێنێ دووشەمە بەشێک لە شۆفێرانی ناڕازی لە شاری کەرکووک ڕژانە سەر شەقام و بەرانبەر بە دروستبوونی قەیرانی بەنزین ناڕەزایەتییان دەبڕی.
لە بەرانبەردا فوئاد حوسێن، ئەندامی لێژنەی نەوت و غاز لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بە خەباتی ڕاگەیاند: کەرکووک لەسەر دەربایەک نەوتە، ئێمە لە ساڵی 2007 بڕیاری دروستکردنی پاڵاوگەیەکمان لە کەرکووک دەکرد، بەڵام تا ئێستا دەستی دەستی بەو بڕیارە دەکرێت و هۆکارەکەشی سیاسییە، نەک تەکنیکی.
ڕوونیشی کردەوە: هۆکاری نەبوون و کەمیی بەنزین لە کەرکووک، نەبوونی پاڵاوگەیە لە شارەکەدا، بۆیە ناوە ناوە قەیرانی بەنزین دروست دەبێت و خەڵکی کەرکووک بە دۆخێکی دژوار و پڕ لە گوشاردا تێدەپەڕن، لە لایەک سەدان خێزانی عەرەب بۆ شارەکە ڕاگوێزراون و نفووسیان کراوە بە کەرکووک، لەلایەکی دیکەشەوە کورد تەعریب دەکرێن. ئەو ئەندامەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بە گرنگی دەزانێت کە نێومااڵی کورد یەک بخرێت، بە هەموو لایەکەوە هەوڵی دروستکردنی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بدەن، دواتر شاندێکی دانوستانکاری بەهێز بۆ گفتوگۆ لەگەڵ بەغدا لەسەر بابەتی ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووک پێک بهێنن، هەموو ئەو گۆڕانکارییانەی لە دوای 16ی ئۆکتۆبەر بەسەر کەرکووکدا هاتووە، بیگەڕێننەوە دۆخی خۆی.



بنەماڵەی ڕەفیق حیلمی سوپاسی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکەن

دوا بەدوای بروسکەی ماتەمینی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەبۆنەی کۆچی دوایی ناهیدە ڕەفیق حیلمی، بنەماڵەی ڕەفیق حیلمی سوپاسنامەیەک ئاڕاستەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکەن، ئەمەش دەقەکەیەتی:

بۆ بەڕێز جەنابی نێچیرڤان ئیدریس بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان

بەوپەڕی ڕێزەوە سوپاسی جەنابی بەڕێزتان دەکەین بۆ نارەدنی پرسەنامە بۆ کۆچی دوایی خوشکی خۆشەویست و گەورەمان، یادگاری ڕەفیق حلمی (ناهدە خان). سوپاسی بنەماڵەکەمان ئاڕاستەی بەڕێزتان دەکەین. ئێمە دڵنیاین لە بەڕێزتان بەرامبەر پەیوەندیی سەدسالەی هەردوو خانەوادەکەمان لە بواری ڕامیاری و کۆمەڵایەتی کە لە کوردستان بۆ خزمەتی خاک و نیشتمان تێکۆشاون.
هەمیشە هیوامان سەرکەوتنتانە..

سلێمانی/بنەماڵەی ڕەفیق حلمی
ژین ڕەفیق حلمی - فوزی ڕەفیق حلمی

بەهۆی پەکەکە نەتواندراوە ژمارەیەکی زۆر لە گوندەکانی سەر سنوور ئاوەدان بکرێنەوە

سەفین دزەیی: هەر گرووپێک هەڕەشە بێت بۆ سەر هەرێمی کوردستان و وڵاتانی دەوروبەر جێگای نابێتەوە

نامانەوێت هەرێمی کوردستان ببێتە بنکەیەک بۆ هەر گرووپێک کە هەڕەشە لە وڵاتانی دراوسێ بکات



گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، سەفین دزەیی: گوتی: بەداخەوە پەکەکە بەناوی جیاجیا هەوڵیداوە پەردەپۆشی کردە نەشیاوەکانی خۆی بکات، هەر گرووپێک کە هەڕەشە لە هەرێمی کوردستان و وڵاتانی دەوروبەر بکات، جێگای لە هەرێمی کوردستان نابێتەوە.

دوای ئەوەی ژمارەیەک کەسی دەمامکدار کە چەکیان بەدەستەوەیە لە گرتەیەکی ڤیدیۆیبیدا، خۆیان بەناو هێزی پاراستنی جەوهەریی باشووری کوردستان ناساند و ڕایانگەیاند کە بنکە و بارەگاکانی تورکیا لە هەرێمی کوردستان دەکەنە ئامانج، گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، سەفین دزەیی ڕایگەیاند کە گرووپەکانی سەر بە پەکەکە بەناوی جیاجیا هەوڵی پەردەپۆشکردنی کردە نەشیاوەکانی خۆیان دەدەن و ئاماژەی بەوەیشکرد کە ئەو جۆرە گرووپانە جێگایان لە هەرێمی کوردستان نابێتەوە.

سەفین دزەیی، گوتیشی: بەداخەوە پەکەکە بەناوی جیاجیا هەوڵیداوە پەردەپۆشی کردە نەشیاوەکانی خۆی بکات، هەر گرووپێک کە هەڕەشە لە هەرێمی کوردستان و وڵاتانی دەوروبەر بکات، ئەو گرووپە جێگای نابێتەوە لە هەرێمی کوردستان چونکە ئێمە نامانەوێت هەرێمی کوردستان ببێتە بنکەیەک بۆ هەر گرووپێک کە هەڕەشە لە وڵاتانی دراوسێ بکات، بوونی ئەو جۆرە گرووپانە لە هەرێمی کوردستان بووەتە مایەی نیگەرانی هەموو لایەک، بووەتە هۆکاری ئەوەی کە شەڕ و پێکدادان هەبێت و زەرەر و زیان بە هاوواڵتیان و ناوچەکە بگات.

گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئاشکرایشی کرد کە بە هۆی بوونی ئەو گرووپەوە چەندین گوند لە سنوورەکانی هەرێمی کوردستان نەتواندراوە ئاوەدان بکرێتەوە و گوتی: بە هۆی بوونی پەکەکە لە هەرێمی کوردستان، ژمارەیەکی زۆر لە گوندەکانی سەر سنوور نەتوانراوە ئاوەدان بکرێتەوە، هۆکاری سەرەکی ئەوەیە بوونی ئەو چەکدرانە لەو ناوچانە، هیوادارین دووبارە بیر لە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان بکەنەوە و کاردانەوەیەکی وا نەکەن ببێتە هۆی ناخۆشی و نەهامەتی.

حکوومەتی هەرێمی کوردستان چەندینجار جەختی لەوە کردووەتەوە کە نابێت خاکی هەرێمی کوردستان بۆ هێرشکردنە سەر وڵاتانی دراوسێ بەکاربهێندرێت و ئارامی و سەقامگیری هەرێمی کوردستان تێکبدرێت.

مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی و کونسوڵی نوێی کۆماری ڕووسیای فیدراڵ کۆبوونەوە



بەپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان هۆشیار سیوەیلی، پێشوازی لە ئۆلێگ لێڤین کونسوڵی گشتی نوێی ڕووسیای فیدراڵ لە هەرێمی کوردستان کرد. سیوەیلی بە ناوی سەرکردایەتیی پارتییەوە پیرۆزبایی دەستبەکاربونی لە لێڤین کرد و هیوای سەرکەوتنیشی بۆ خواست و ڕایگەیاند کە مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی ئامادەی هەموو هاوکارییەکە، لە درێژەی ئەو دانیشتنەدا تاوتوێی بارودۆخی ئیستای هەرێمی کوردستان و عێراق و ناوچەکەیان کرد. سیوەیلی بە وردی باسی لە دوایین قۆناغی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کرد کە دەبێت کەمتر لە دوو هەفتەی تر کۆتایی بێت و دەستبکات بە کارەکانی.

ئۆلێگ لێڤین، سوپاسی ئەو پێشوازی و دەرفەتەی کرد، پاشان پەیوەندیی نێوان گەلی کوردستان و ڕووسیای بە مێژوویی و گرنگ وەسفکرد و خۆشحاڵی خۆشی بۆ ئەو پەیوەندییە باشە دەربڕی کە لە نێوان حکوومەتی ڕووسیا و هەرێمی کوردستاندا هەیە، چەندین قۆناغی باشیشی بڕیوە، لە چەند ساڵی ڕابردوودا و هیوای خواست کە هەردوولا هەماهەنگی زیاتر و کاری باشتر پێکەوە ئەنجامبدەن بە ئاماژەی بەوەیشکرد کە ئەو پێشەوەچوون و فراوانکردن و بەهێزبوونی پەیوەندییەکان لە هەموو بوارەکاندا. هەر لەو دیدارەدا کونسوڵی گشتی باسی لە بەرنامەی کاری خۆی کرد بۆ ئەو ماوەیەی لە هەرێمی کوردستانە، ئەویش بەرەوپێشەوەبردنی زیاتری ئەو پەیوەندیانەیە کە لە بوارە جیاوازەکاندا هەن و فراوانکردنیان بۆ بوارەکانی تری وەکو بازرگانی و وەبەرهێنان و ئەکادیمی و دیپلۆماسی مەبەست لێی زیاتر سوودوەرگرتنە لە تواناکانی هەردوو نەتەوە، ئەمەش لە بەرژەوەندی هەمووانایە.

لە میانەی ئەو دیدارەدا بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی پەیوەندییەکانی نێوان حکوومەتی هەرێم و حکوومەتی فیدراڵیی بۆ شاندی میوان باسکرد و ڕایگەیاند کە دەرفەتێکی نوێ هاتووەتە ئاراوە تا هەردوولا بیقۆزنەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵواسراوەکان کە بۆ ماوەی پازدە ساڵە بێ چارەسەر ماونەتەوە، لە کاتێکدا کە لە دەستوور کاتی بۆ دیاری کراوە، بەڵام حکوومەتەکانی پێشوو ئیرادە و نیازی جێبەجێکردنیان نەبووە.

پێشێلی دەستوور بووە کارێکی ئاسان، بۆ نموونە بەکارهێنانی هێز و بڕینی بەشە بوودجە و بێبەشکردنی هێزی پێشمەرگە لە ڕاهێنان و دابینکردنی پێداویستییەکان.

سەرکردەکانی یەکێتیی ئەورووپا لەبارەی پۆستە باڵاکان نەگەیشتن بە ڕێککەوتن و ئەمڕۆش کۆدەبنەوە



سەرکردەی 28 وڵاتی ئەندام لە یەکێتیی ئەورووپا، دوای ماوەیەکی زۆر لە دانوستان نەگەیشتن بە ڕێککەوتن و بڕیاریاندا ئەمڕۆ سێشەممە دووبارە کۆببنەوە.

سەرکردەکانی یەکێتیی ئەورووپا بۆ جاری سێیەم کۆبوونەوە و بۆ ماوەی نزیکەی 18 کاتژمێر دانوستانیان کرد لەبارەی ئەو کەسانە دەکرێنە سەرۆکی ناوەندە گرنگەکانی یەکێتییەکە وەک کۆمیسیۆنی یەکێتیی ئەورووپا، ئەنجوومەنی یەکێتیی ئەورووپا، پەرلەمانی ئەورووپا، بانکی ناوەندی ئەورووپا و نوێنەری باڵا لە سیاسەتی دەرەکی و کاروباری ئاسایش.

گوتەبێژی دۆنالد توسک، سەرۆکی ئەنجوومەنی یەکێتیی ئەورووپا، پێبن ئامان لە پەیامێکیدا کە لە هەژماری خۆی لە تویتەر بڵاویکردەوە و ئاماژەی بەوە کرد کە سەرکردەکان پشوویان وەرگرتووە و ڕۆژی سێشەممە دووبارە کۆدەبنەوە.

لە بەسرە.. پێکدادان ڕوویدا



چەند سەرچاوەیەک بڵاویانکردەوە خۆپێشاندان لە بەسرە دووبارە دەستیپێکردەوە بە هۆی ئەوەی داواکارییەکانی خۆپێشاندەران لەلایەن حکومەتی عێراقەوە جێبەجی نەکراون، بەتایبەت لەم وەرزی گەرمایەدا کە گەورەترین کێشەی خۆپێشاندەران لەبەر نەبوونی کارەبا و ئاوە. سەبارەت بە خۆپێشاندانی بەسرە چەند شایەتحاڵ ڕایانگەیاند لەو خۆپێشاندانەدا شەڕ و پێکدادان لەنێوان هێزە ئەمنییەکان و خۆپێشاندەران ڕوویدا و بەوهۆیەوە ژمارەیەک هاوواڵتی دەستگیرکران و چەند کەسێکیش بریندارببوون. هەر لەو بارەیەوە ژووری ئۆپەراسیۆنەکانی بەسرە پێشتر لە بەیاننامەیەکدا ڕایانگەیاندبوو دەبێت بۆ ئەنجامدانی خۆپێشاندان داوای مۆڵەتی فەرمی بکرێت لەڕێگەی نووسینگەی پارێزگاوە کە سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای ئەمنییە لەو پارێزگایە، لە بەیاننامەکەدا ڕوونیشکراوەتەوە کە ترسی ئەوەمان هەیە تیرۆریستان و ئاژاوەگێڕان دزە بکەنە ناو خۆپێشاندانەکان و بەڵاڕێدا بیبەن، هەر بۆیە بۆ پاراستنی گیانی هاوواڵتیانی ئەو پارێزگایە و پاراستنی ژێرخانی ئابووری دەبێت لایەنێکی ناسراو هەستێت بەو داواکاریە بۆ بەڕێوەبردنی خۆپێشاندانەکان بەشێوەیەکی هێمنانە، چونکە داواکارییەکانیان مافی ڕەوای خۆیانە.



جۆرجیا.. خۆپیشاندان لەدژی سەرۆکایەتیکردنی 26مینی کۆبوونەوەی دەستەی گشتیی پەرلەمانی نێودەوڵەتی ئۆرسۆدۆکس لەلایەن پەرلەمانتارێکی ڕووسیا کە لەشارەکە بەڕێوەچوو

سعوودییە هاوپەیمانێکی زۆرباشی ئەمەریکایە

تەرەمپ: ئەرکی ئەمەریکایە هەڕەشەکانی ئێران لەسەر هاوپەیمانانی واشنتۆن لە ناوچەکەدا نەهێڵێت



خەبات -مەریوان نەقشەندی

سەرەڕای ئەوەی ڕاپۆرتێکی نەتەوە یەکگرتووەکان و چەندین ڕاپۆرت و زانیاری جۆراوجۆر لە میدیاکانەوە باسی ئەوەیان کردووە کە ناکرێ جێنشینی سعوودییە محەمەد بن سەلمان، ئاگای لە کوشتنی جەمال خاشقجی، ڕۆژنامەنووس و کەسایەتی ناسراوی سعودی نەبێت لە کونسوڵخانەی سعوودییە لە ئەستەمبوڵ، بەڵام دۆنالد ترەمپ، سەرۆکی ئەمەریکا هەموو ئەم تۆمەت و ئیدعایانەی ڕەتکردەوە و گوتی: لەبەر ئەوەی هیچ بەڵگەیەک لەسەر بوونی پەیوەندی نێوان کوشتنی جەمال خاشقجی و محەمەد بن سەلمان نییە و هیچ لایەنێک و ڕاپۆرتێکیش ڕاستەوخۆ لەم تاوانەدا ئاماژەی بۆ محەمەد بن سەلمان نەکردووە، بۆیە دەبێ لەگەڵ نیگەرانی زۆرمان بە کوشتنی خاشقجی و زەرورەتی چاوەڕوانکردنی ئەو لێکۆڵینەوەی کە بەرپرسانی سعوودییە بۆ ئەم مەبەستە دەستیانپێکردووە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا دەبێ تۆمەت و ئاماژەی بێ بنەما بۆ کوشتنی خاشقجی نەدرێتە پاڵ محەمەد بن سەلمان سعودیە کە دۆستێکی گرنگی ئێمەیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەردەوامیش دەبین لە پشتیوانی هەنگاوەکانی سعودییە بۆ هاوسەنگراگرتنی نرخی نەوت لە بازارەکانی جیهان.

لە لایەکی ترەوە دۆنالد ترەمپ لە لێدوانێکی ڕۆژنامەنوسیدا ئاماژەی بۆ لاوازبوونی ئێران و ڕۆڵی ئێران لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کرد و گوتی: گەمارۆ و گوشارەکانمان بۆ سەر ئێران بەردەوام دەبێت تۆمەت و ئاماژەی بێ بنەما بۆ دەگاتە ئەو قەناعەتەی کە ئەمەریکا ڕێگەی پێنادا چەکی ئەتۆمی هەبێت و هەڕەشە و دەستوەردان لە ووڵاتانی ناوچەکە بکات و هاتووچۆی بازرگانی و نەوت لە گەروی هورمز بخاتە مەترسییەوە، گوتیشی: ئێمە نامانەوێت ڕژێمی ئێران بگۆڕین، چونکە ئەوە دەبێ خەڵکی ئێران قسەی لەسەر بکەن، بەڵام ئەرکی ئەمەریکایە ئاستەنگ و هەڕەشەکانی ئێران لەسەر هاوپەیمانانی ئەمەریکا لە ناوچەکەدا نەهێڵێت.

وەزارەتی ناوخۆ: تەقینەوەکە لە ڕێگەی ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراوەوە ڕوویداوە

ئەفغانستان.. بەهۆی تەقینەوەیەک زیاتر لە 50 کەس بریندار بوون



تەقینەوەیەکی بەهێز لە شاری کابولی پایتەختی ئەفغانستان ڕوویدا، بەگوێرەی ئاژانسی هەواڵیی ئەسۆشەییتد پرێس، بەرپرس لە پۆلیسی کابوڵ، محەمەد کەریم ڕایگەیاندووە کە تەقینەوەکە لە نزیک باڵەخانەی وەزارەتی بەرگریی ڕوویداوە. محەمەد کەریم ڕوونیکردەوە، بەر لەوەی تەقینەوەکە ڕووبدات، ژمارەیەک چەکدار پەلاماری بازارێکی قەرەباڵغیانداوە لە نزیک باڵەخانەی وەزارەتی بەرگریی. لای خۆیەوە فەرماندەی هێزەکانی پۆلیس لە کابوڵ، فردەوس فاراماز ڕایگەیاندووە کە دوای پەلامارەکە، تەقینەوەکە ڕوویداوە.

دوێنێ دووشەممە ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراو لە نزیک باڵەخانەی وەزارەتی بەرگریی ئەفغانستان لە شاری کابوڵ تەقییەوە و وەزارەتی تەندروستی ئەو وڵاتەش ئاماریکی لەبارەی ژمارەی قوربانییان باڵاوکردەوە. گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی ئەفغانستان، وەحیدوڵا میار لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر ڕایگەیاندووە کە لە ئاکامی تەقینەوەکەی نزیک باڵەخانەی وەزارەتی بەرگریی، تا ئێستا کەسێک کوژراوە و 65ی دیکەش برینداربوون کە نۆیان منداڵن. هاوکات گوتەبێژی وەزارەتی ناوخۆی ئەفغانستان، نەسرەت ڕەحیمی لەبارەی تەقینەوەکە ڕوونکردنەوەی دا و ڕایگەیاند: تەقینەوەکە لە ڕێگەی ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراوەوە ڕوویداوە کە دواتر دوو چەکدار تەقەیان لە ناوەندێکی لۆجستی سەر بە وەزارەتی بەرگریی کرد کە ژمارەیەک کوژراو و برینداربوونی لێکەوتەوە.

باڵەخانەی وەزارەتی بەرگریی، هاوکات بزووتنەوەی تاڵیبان لە بەیاننامەیەکدا بەرپرسیاریەتی خۆی لە ئەنجامدانی تەقینەوەکە ڕاگەیاند و ئاماژەی بەوەدا کە ژمارەیەک کارمەندی ئەمنی کوژران و برینداربوون.

هەروەها لە هێرشێکی چەکدارانی بزووتنەوەی تاڵیبان بۆ سەر بەرزاییەکانی کوش لە سنووری ویلایەتی جوزجان باکووری ئەفغانستان، شەش کارمەندی هێزە ئەمنییەکان کوژران. بەڕێوەبەری ئاسایشی جوزجان، عەبدول واحید قیجدان لە لیدوانێکی بۆ ڕۆژنامەنووسان باسی لەوەکرد کە لە ئەنجامی هێرشی تاڵیبان بۆ سەر بەرزاییەکانی کوش بە چەکی قورس، شەش کارمەندی هێزە ئەمنییەکان کوژران و برینداربوون. عەبدول واحید قیجدان باسی لەوەشکرد کە دوای هێرشەکە شەڕ و پێکدادان دروستبووە و لە ئاکامدا، 30 چەکداری تاڵیبان کوژراون و 10 چەکداری دیکە و 15 کارمەندی هێزە ئەمنییەکان برینداربوون.

تۆڕی سووریا بۆ مافەکانی مرۆڤ ئاماریکی سەبارەت بە ژمارەی قوربانیانی سووریا بڵاوکردەوە

لە نیوەی یەکەمی ئەمساڵدا هەزار و 864 مەدەنی لە سووریا کوژراون

159 لەو قوربانییانە لەژێر ئاوار و ئەشکەنجەدا گیانیانلەدەستداوە



تۆڕی سووریا بۆ مافەکانی مرۆڤ ڕایگەیاند کە لە نیوەی یەکەمی ئەمساڵدا، هەزار و 864 مەدەنی لە سووریا کوژراون کە 468یان منداڵ و 285یان ژنن. هێزەکانی ڕژێمی بەشار ئەسەد کە لە سوپای ڕژێم و گرووپەکانی سەر بە ئێران، پێکهاتوون، 891 مەدەنییان کوشتووە کە 211یان منداڵ و 136یان ئافرەتن. هەروەها ڕاشیگەیاندووە کە لە ئاکامی هێرشەکانی هێزەکانی ڕووسیاشدا، 149 مەدەنی خستووەتە سەر ئەوەی کە لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا، هەزار و 864 مەدەنی لە سووریا کوژراون کە 468یان منداڵ و 285یان ژنن. هێزەکانی ڕژێمی بەشار ئەسەد کە لە سوپای ڕژێم و گرووپەکانی سەر بە ئێران، پێکهاتوون، 891 مەدەنییان کوشتووە کە 211یان منداڵ و 136یان ئافرەتن. هەروەها ڕاشیگەیاندووە کە لە ئاکامی هێرشەکانی هێزەکانی ڕووسیاشدا، 149 مەدەنی کوژراون کە 34یان منداڵ و 21یان ژنن. هەروەها گوتوشیەتی کە یەپەگە99 مەدەنی کوشتووە کە 33یان منداڵ و 10یان ژنن. لە ئاکامی هێرشەکانی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعشیش، 82 مەدەنی کوژراون کە 11یان منداڵ و حەوتیان ژنن. بە هۆی هێرشەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژ بە داعشیش، 64مەدەنی کوژران کە 20یان منداڵ و 17یان ئافرەتن.

بە هۆی هێرشەکانی ئۆپۆزسیۆنی چەکداری و گرووپە چەکدارەکانی دژ بە ڕژێمیش، 39 مەدەنی بوونەتە قوربانی کە 10یان منداڵ و یەکێکیان ئافرەتە، هەروەها 540 مەدەنی دیکە کە 149یان منداڵ و 93یان ئافرەتن، هەر لە ماوەی ئەم شەش مانگەدا لە لایەن گرووپە نەناسراوەکانەوە کوژراون. تۆڕی سووریا بۆ مافەکانی مرۆڤ سەرنجی بۆ ئەوەش ڕاکێشاوە کە لە کانوونی دووەمدا، 197 و لە شوباتدا 246 و لە ئاداردا 334 و لە نیساندا 324 و لە ئایاردا 416 و لە حوزەیرانیشدا 347 مەدەنی کوژراون. لە ڕاپۆرتەکەدا تیشک خراوەتە سەر ئەوەی 15لەو کوژراوانە کارمەندی تەندروستین و شەشی دیکەیشیان خۆبەخشانی بەرگریی شارستانین. هەروەها 159 لەو قوربانیانە لەژێر ئاوار و ئەشکەنجەدا گیانیان لەدەستداوە کە لە ئەنجامدا 142یان لە لایەن هێزەکانی ڕژێمی بەشار ئەسەدەوە ئەشکەنجە دراون.

ئێران سنووری پیتاندنی یۆرانیۆمی تێپەڕاند



حکوومەتی ئێران ڕایگەیاند کە ئاستی پیتاندنی یۆرانیۆمی ئەو سنوورەی تێپەڕاندووە کە لە ڕێککەوتنی ئەتۆمیدا ئاماژەی پێ کراوە و بە 300 کیلۆگرام دیاریکرابوو.

ئاژانسی هەواڵیی فارس Fars بڵاویکردەوە، حکوومەتی تاران سنووری ئاستی پیتاندنی یۆرانیۆمی لەسەدا 67،3 کە دەکاتە 300 کیلۆگرام وەک ئەوەی لە ڕێککەوتنی ئەتۆمییدا دیاریکراوە، تێپەڕاندووە.

چاودێرانی دامەزراوەی وزەی ئەتۆمی نێودەوڵەتی (UAEK) لە ڕۆژی چوارشەممەوە تا ئێستا بڕی یۆرانیۆمی پیتێنراوی ئێرانیان پێوانەکردووە و ئاماژەیان بەوە کرد کە ڕێژەی پیتاندن 300 کیلۆگرامی تێپەڕاندووە. گوتەبێژی دامەزراوەی ئەتۆمی ئێران، بەهەروز کەمالفەندی لە ڕوونکردنەوەیەکدا لە 26ی حوزەیراندا ڕایگەیاندبوو کە دوای تەواوبوونی ئەو ماوەیەی بۆ لایەنە ئەوروپییەکانیان دیاریکردووە بڕی یۆرانیۆمی پیتێنراو زیاد دەکەن.

ڕاپۆرتێکی ئەمەریکی: داعش بە شێوەی نهێنی و مەترسیدار گەڕاوەتەوە عێراق

پەیمانگەی تۆڕینەوە جەنگییەکانی ئەمەریکا لە واشنتۆن نوێترین ڕاپۆرتی خۆی لەبارەی چالاکییەکانی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش بڵاوکردەوە و ڕایگەیاندووە، ئەو ڕێکخراوە بە شێوەیەکی مەترسیدارتر لە جاران گەڕاوەتەوە عێراق و دەستی بە چالاکییەکانی کردووەتەوە.

ئەو پەیمانگەیە لە ڕاپۆرتەکەیدا کە لە ڕۆژنامەی دەیلی ستار بڵاوکراوەتەوە، لەبارەی دۆخی ئێستای ڕێکخراوی داعشەوە نووسیویەتی : زۆر لە جاران مەترسیدارترە، بەوەی کە ئێستا لەو ناوچانە دەستی بە کردەوەکانی کردووەتەوە، کە پێشتر داگیری کردبوون، لەو کردەوانەش وەرگرتنی باج لە هاووڵاتیان و کوشتنی ئەو سەرکردە خۆجێییانەی لە کاتی جەنگدا هاوکاریی هێزە عێراقییەکانیان کردووە. لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووشە، داعش چەکدار و خێزانەکانی بۆ ئەو شوێنانەی سنووری نێوان عێراق و سووریا گواستووەتەوە، کە پێشتر داگیری کردبوون و دەستیان بە جەنگێکی زۆر مەترسیداری چەتەیی کردووە، کە ئەو ڕێکخراوە لە ڕێگەی تۆڕە داراییەکانییەوە سامانەکەی پاراستووە و ئێستا ژێرخانەکەی بووەتە یارمەتیدەرێک بۆ ئەوەی جارێکی دیکە ببێتەوە ڕێکخراوێکی ژێرزەمینی، کە بەشێکی زۆری چەک و پێداویستییەکانی لە حەشارگەکانی ژێر زەوی ئەو ناوچانەدا شاردووەتەوە، کە پێشتر داگیری کردبوون. پەیمانگە ئەمەریکییەکە پێشبینیی کردووە، ڕێکخراوی داعش دەست بە شەپۆلێکی نوێی هێرشە تیرۆریستییەکانی دەکات، بەتایبەت لەگەڵ بەدەستهێنانی داهاتێکی گەورە لەو ناوچانەی کە لە دەرەوەی عێراق و سووریا کۆنترۆڵی کردوون، تا ئەو ئاستەی ئەو داهاتەی بەدەستی دەهێنێت، توانایییەکی دیکەی بە ڕێکخراوەکە بەخشیوە.

پەرلەمان بەدواداچوون بۆ سکاڵای قوتابیانی پۆلی 12ی ئامادەیی دەکات



لێژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە پەرلەمانی کوردستان، بە سەرپەرشتیی عەبدولسەلام دۆلەمەرێ، سەرۆکی لێژنە بەڕێوەچوو و چەند پرسێکیش تاووتوێکرا

راشیدەگەیەنن: سەرەتا ئەو یاداشت و داواکاری و سکاڵا و نووسراوانەی ئاراستەی لێژنە کرابوون خوێندرانەوە و کاری پێویستیان لەسەر کراو

ئاراستەی شوێنی پەیوەندیدارکران بەمەبەستی وەڵامدانەوە.

راگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان دەشڵێت: هەر لە کۆبوونەوەکەدا لێژنەیەکی لاوەکی پێکهێنرا بۆ سەردانێکردنی وەزارەتی پەروەردە و بەڕێوبەرایەتیی گشتیی ئەزموونەکان لە هەرێمی کوردستان بە مەبەستی بەدواداچوون بۆ ئەو سکاڵایانەی کە ئاراستەی ئەندامانی لێژنە و لێژنەکە کراون لەسەر کێشە و کەموکوڕییەکان لە پرسیارەکانی کۆتایی ساڵی پۆلی 12ی ئامادەیی لەهەرێمی کوردستان، کە زۆربەی سکاڵاکان لەسەر هەڵە گەڕانەوەی نمرەیە کە قوتابیان پێیان وایە نمرەی کەمیان بۆ دانراوە.

لەکۆتاییدا رایدەگەیەنن، بڕیارە لێژنە لاوەکییەکە رۆژی چوارشەممەی داهاتوو بەدواداچوون بکات و لە راپۆرتێکدا سەرۆکایەتیی لێژنەکە لە ئەنجامەکەی ئاگادار بکاتەوە.

وەزارەتی دارایی ڕوونکردنەوە لەبارەی بەشێک لە فەرمانبەرانەوە دەدات

وەزارەتی دارایی و ئابووریی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبارەی بەرواری نوێکردنەوەی گرێبەستی فەرمانبەران ڕوونکردنەوەیەک ئاڕاستەی بەڕێوبەرایەتی گەنجینەی یەکی سلێمانی دەکات.

بەپێی نووسراوێکی بەڕێوبەرایەتی گشتیی ژمێرکاریی سەر بە وەزارەتی دارایی کە وێنەیەکی بە باسنیوز گەیشتووە و واژۆی ڕابەر سەدیق، بریکاری وەزارەتی دارایی بە وەکالەتی بەسەرەوەیە و تێیدا ڕوونکردنەوە لەبارەی بەروارەی نوێکردنەوەی گرێبەستی فەرمانبەران دراوە.



لە نووسراوەکەدا ئەوە خراوەتە ڕوو، ئەو گرێبەستانەی پێش دەرچوونی ڕێنمایی ژمارە 10ی ساڵی 2019لەلایەن وەزارەتمانەوە نوێکراوەتەوە پێویست بە نوێکردنەوە ناکەن تاکو کۆتاییهاتنی گرێبەستەکە بەردەوام دەبێت.

ئاماژە بەوەش کراوە، کە لە خاڵی 17ـەیەمی ڕێنماییەکە بەروارەی جێبەجێکردنی بڕیارەکە لە 1/1/2019ـەوە دیاریکراوە جگە لە مووچە.

ڕێنمایی دارایی ژمارەی 10ی 2019 تایبەتە بە ڕێکخستنی مووچە و ماف و ئیمتیازاتی فەرمانبەرانی گرێبەست لە دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

زیاتر لە 30 هەزار فەرمانبەری گرێبەست لە دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کار دەکەن و سەردەڕای تێپەڕبوونی سێ ساڵ بەسەر ماوەی گرێبەستەکەیان، بەڵام بەهۆی قەیرانی دارایەوە نەکراونەتە هەمیشەیی.

لە قەزای دەشتی هەولێر ئامادەکاری بۆ کردنەوەی هۆڵی لەدایکبوون دەکرێت

خەبات ـ سەید فاتیح بەرزنجی

ماوەیەکە لە لایەن بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر، کار بۆ کردنەوەی هۆڵی لەدایکبوون بەسەرپەرشتی تەندروستی دەشتی هەولێر دەکرێت و ستافی پزیشکی پسپۆڕی ئافرەتان و کارمەندی کارامەی بواری لەدایکبوونیشی بۆ ئامادەکراوە و هەموو ئامێر و کەلوپەلێکی تازە بۆ هۆڵەکە دابینکراوە.

لەمبارەیەوە، دکتۆر ئەحمەد قادر پالانی بەڕێوبەری تەندروستی دەشتی هەولێر بەخەباتی ڕاگەیاند: ماوەیەکی زۆربوو هاوواڵاتیانی قەزای دەشتی هەولێر لەچاوەڕوانی کردنەوەی هۆڵی لەدایکبوون دەکەن لەو دەڤەرە بەهەوڵ و کۆششی بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر کار بۆ کردنەوەی ئەو هۆڵە کراوە و هەموو ئامادەکارییەکی تەواوی بۆ کراوە و بڕیارە لەم چەند ڕۆژانەی دوایی بکرێتەوە بۆ ئەوەی لە خزمەتی دانیشتوانی قەزای دەشتی هەولێر و دەوروبەری دابێت

سەردانی کردنی نوێنەری بەڕێوبەری گشتی تەندروستی هەولێر بۆ ئەو شوێنە بە مەبەستی ئاگادارکردنەوە لە چۆنیەتی کردنەوەی ئەو هۆڵە، بۆیە بەیاوەری بەڕێوبەری کارگێڕی و ستافی تەندروستی دەشتی هەولێر سەردانی هۆڵەکەمان کرد و یەکەیەکەی بەشەکانمان کرد کە لە هۆڵی لەدایکبوون و دەرمانخانە و تیشک و سۆنار و هۆڵی دوای لەدایکبوون و ژووری پەرستاران و چەند بەشێکی دیکە بەسەر کرانەوە و ئامادەکاری تەواو کراوە بۆ کردنەوەی ئەو هۆڵە. دواتر کۆبوونەوەیەکمان لەگەڵ ستافی پزیشکان و کارمەندانی تەندروستی ئەنجامدا و باس لە دانانی خشتەی ئێشکگرتن و دەوامی پزیشکان و کارمەندان کرا و دەبێتە هۆڵێکی 24 کاتژمێری بۆ لەدایکبوون، شایانی باسە هەموو ئامێرو کەل و پەلێکی تازە بۆ هۆڵی لەدایکبوون لەلایەن بەڕێوبەری گشتی تەندروستی هەولێر دابین کراوە و هۆڵەکەش دەکەوێتە ناو بنکەی کلینیکی پسپۆڕی ڕاژان لە بنەسلاوە.

دواتر سەبارەت بەکردنەوەی ئەو هۆڵە ژمارەیەک لە خەڵکی ئەو قەزایە قسەیان بۆ کردین.



خاتوو سەبریە، دانیشتووی بنەسلاوە گوتی: ماوەیەکی زۆربوو لە چاوەڕوانی کردنەوەی ئەو هۆڵە بووین تا چیتر بۆ حاڵەتی لەدایکبوون سەردانی هەولێر نەکەین.

خاتوو کەلسوم گوتی: دەستخۆشی لە تەندروستی دەشتی هەولێر دەکەین کە هەوڵی کردنەوەی هۆڵی لەدایکبوون لە قەزای دەشتی هەولێر دەدات و هیواداربن بە زووترین کات بکرێتەوە.

خاتوو کافیە دانیشتووی گەڕەکی قەڵاتی نوێ گووتی: بەکردنەوەی هۆڵی لەدایکبوون لە قەزای دەشتی هەولێر زۆر خۆشحاڵین، ئومێدەوارین بە زووی بکرێتەوە تا هەر هیچ نەبێت ئەو ڕێگا دوورەی هەولێرمان لەکۆڵ دەبێتەوە.

2 تۆمەتبار دەستگیرکران کە بەقاچاخ گازی ئۆتۆمبێلیان هێناوەتە هەرێمی کوردستان

بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی سلێمانی بڵاوی کردەوە کە تیمەکانی بنکەی پۆلیسی حەساری سەر بە بەشی پۆلیسی سەیدسادق دوو تۆمەتباریان دەستگیرکرد کە گازی ئۆتۆمبێلیان هێناوەتە هەرێمی کوردستان.

پۆلیس سلێمانی ڕایدەگەیەنێت: دوای ئەوەی هێزەکانی پۆلیس زانیاریان لەسەر دوو تۆمەتبار پێگەیشت کە گازی ئۆتۆمبێلیان هێناوەتە هەرێمی کوردستان، هێزەکانی پۆلیس لێکۆڵینەوەکانیان دەستپێکردوو دوای وەرگرتنی فەرمانی دادوەر توانرا لەنزیک پارکێک لەسنوری قەزای سەید سادق دەستبگیرێت بەسەر بڕێکی زۆر لەدەبە گاز و 128 کارتۆن شامپۆی شۆردنی ئۆتۆمبێل کە بەهۆی شامپۆکانەوە توانیویانە بازگەکان تێپەڕێنن و دەبە گازەکان بهێننە سنووری قەزای سەید سادق.

ڕاشیدەگەیەنن، لەهەمان کاتدا هێزەکانی بنکەی پۆلیسی حەسار توانییان هەردوو تۆمەتبارەکە دەستگیربکەن و لەئێستادا بە بڕیاری دادوەر تۆمەتباران بەندن و لێکۆڵینەوە لەگەڵیان بەردەوامە.

سلێمانی.. بەرنامەی کارکردنی موەلیدە ئەهلییەکان گۆڕدرا

بەشی ڕاگەیاندنی بەڕێوبەرایەتیی گشتیی کارەبای سلێمانی بە بڵاوکردنەوەی ڕاگەیەندراوێک ئاشکرای کردووە لە ئەنجامی کۆبوونەوەیەکدا، نرخی ئەمپێری کارەبای مۆلیدەکان دیاری کراوە.

بەپێی ڕاگەیەندراوەکەی بەڕێوبەرایەتیی گشتیی کارەبای سلێمانی هاتووە: نرخی هەر کاتژمێرێک ئەمپێری کارەبای مۆلیدە لە مانگی حوزەیراندا37.750 دینار دەبێت، هاوکات خشتەی پێدانی کارەبای مۆلیدەش بۆ مانگی حەوت تەمووز دیاری کراوە.

لە کۆبوونەوەیەکدا کە ڕۆژی 2019.7.1 لە دیوانی قایقامیەتی قەزای ناوەندیی سلێمانی بەڕێوە چوو، نرخی کاتژمێرێک ئەمپێری مۆلیدە بۆ 37.750 دینار بۆ مانگی 6 دیاری کرا، موەلیدەکانیش بە تێکڕایی لە نێوان 140بۆ 160 کاتژمێر کاریان کردووە، بەوەش نرخی ئەمپێرێک لە نێوان 5000 بۆ 6000 هەزار دینار دەبێت و نرخی ئەمپێرێکیش لە گەڕەکێک بۆ گەڕەکێکی تر جیاوازە، هاوکات ئەو نرخەی دانراوە چەند کاتژمێرێکی مانگی پێنجی لەگەڵدایە.



سەبارەت بە بەرنامەی کارکردنی موەلیدەکان بۆ مانگی تەمووز، موەلیدە ئەهلییەکان لە ئامادەباشیدا دەبن هەر کاتێک کارەبای نیشتیمانی کوژایەوە ئەوان کارەبا بۆ هاوواڵاتییان دابین دەکەن، بەرنامەکەش لە دوێنێ دووشەمە 1ی ئایارەوە دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

لە کۆبوونەوەکەشدا ئەو خاڵە دووپات کرایەوە، کە پێویستە پاش کۆژانەوەی کارەبای نیشتمانی 10خولەک زیاتر بەسەر کارپێکردنی موەلیدە تێنەپەڕێت، بە پێچەوانەوە سەرپێچیکار ڕووبەڕووی یاسا دەکرێتەوە.

لە لایەکی دیکەوە لێژنەی موەلیدە ئەهلییەکانی پارێزگای دهۆک، دوێنێ کۆبوونەوەی مانگانەی خۆی کرد و نرخی ئەمپێری کارەبای موەلیدەی بۆ هەر ئەمپێرێک بۆ مانگی حوزەیران بە 11 هەزار و 500دینار دیاریکرد.

عەبدولقادر بامەرنی، گوتەبێژی بەڕێوبەرایەتی گشتی کارەبای دهۆک بە تۆڕی میدیایی ڕووداوی ڕاگەیاندوە، بەیانی دوێنێ لێژنەی موەلیدە ئەهلییەکان کۆبوونەوە و بەپێی کاتژمێرەکانی کارەبای ئەهلی نرخی ئەمپێر دیاریکرا.

عەبدولقادر بامەرنی دەڵێت: داوەری داواکاری گشتی و نوێنەری چەند بەڕێوبەرایەتییەکی پارێزگای دهۆک و نوێنەری خاوەن موەلیدە ئەهلییەکان لە کۆبوونەوەکە بەشداربوون و نرخی هەر ئەمپێرێک کارەبای موەلیدە بە 11 هەزار و500 دینار دیاریکرا.

پێشتر وەزارەتی کارەبای هەرێمی کوردستان ڕاگەیاندبوو، کە دهۆک لە مانگی حوزەیران ڕۆژانە 14 کاژێر کارەبای میری هەبووە، کە لە هەموو ناوچەکانی کوردستان کەمتر بووە.

کار بۆ تەواوکردنی ڕێگای بەردەڕەش ـ ڕۆڤیا دەکرێت

خەبات ـ ئالان شەهاب:

بۆتان بۆتانی بەرپرسی بەشی ڕاگەیاندنی قایمقامیەتی قەزای بەردەرەش بە خەباتی ڕاگەیاند: لە هەفتەی دابێت دەست دەکرێت بە کارکردنی ڕێگای بەردەرەش بۆ ڕۆڤیا تەواو دەکرێت. دوای ئەوەی لەماوەی ڕابردوو بەهۆی قەیرانی داریی و شەڕی داعش کارکرنی ڕێگای بەردەرەش بۆ ڕۆڤیا ڕاوەستابوو.

شایەنی باسکردنە ڕێگاکە 13کم بە گوژمەی 34 ملیار دینار و 75% کارەکەی ئەنجام دراوە لە هەفتەی دابێت دەست دەکرێت بەکارکردن و لە ماوەی 2 مانگ لەلایەن کۆمپانیای جەیلان تەواو دەکرێت.

گەرمیان... کۆمپانیایەکی پاککردنەوە چەند داواکارییەک ئاراستەی هاووڵاتییان دەکەن

خەبات ـ سەبریە یوسف:

کۆمپانیای سەگرمە لە گەرمیان بۆ پاکڕاگرتنی زیاتری گەرمیان، لە ڕێگەی ئاگانامەیەکەوە چەند داواکارییەک ئاراستەی هاووڵاتییانی گەرمیان دەکات.

لە وێنەیەکی ئەو ئاگانامەیە بە خەبات دراوە هاتووە ڕۆژانە ستافێکی تەواو لە هەولێ پاککردنەوە و هەڵگرتنەوەی خۆڵ و خاشاکی سنووری ئیدارەی گەرمیانن، تاوەکو بتوانین پێکەوە ئێمە و ئێوەی هاووڵاتی ژینگەیەکی تەندروست بەدەست بێنین لە سۆنگەی ئەم باسەوە چەن خاڵێک دەخەینە ڕوو.

1- فڕێدانی خۆڵ و خاشاک لە ناو کوچە و کۆڵانەکەن هێندەی تر کاری ئێمە قورستر دەکەن بۆیە داواتان لێ دەکەین ئەم دیاردە خراپە با نەهێڵین چونکە ڕۆژانە سەیارەی تەندروست تایبەت بە هەڵگرتنەوەی خۆڵ و خاشاک ڕوو دەکەنە تەواوی گەڕەکەکان.



2- فڕێدانی دەبەی ئاو و قوتوی شەربەت چەندین جۆری تری پاشماوە لە جامی ئۆتۆمبیلەکانەوە ناشارستانی ترین کارە، چونکە بەو کارەی تایبەت بە هەڵگرتنەوەی خۆڵ و خاشاک تەواو ماندوو دەبن.

3- دوای دانیشتنت لە شوێنە گشتییەکان و پارکەکان شوێنی خۆتان پاک ڕابگرن و پاشماوەکان بکەینە سەبەتەی خۆڵەکانەوە.


4- تکا دەکەین سەتڵی شیاو لە پێش دەرگاکان دانێن تاوەکو زیاتر کاری پاکەوانەکە ناڕەحەت نەکات.

5- پاراستنی ژینگە تەنها ئەرکی ئێمە نییە بەڵکو ئەرکی تەواوی هاووڵاتییانی ئازیزە، هەر کاتێکی کارێکی ناتەندروست و دژی جوانی ژینگە دەبینی ڕێگای لێ بگرە و ڕێنمایی بکە.

6- دیاردەیەکی زۆر خراپ و ناشیرین بەتایبەت لە ڕزگاری و کەڵاڵ ئەوەش ئۆتۆمبیلی میوە فرۆش و یا هەندێ جار هاووڵاتی ئاسایی خۆڵ و خاشاک فڕێ دەدەنە شوێنە نشێو و چەمەکان بەتایبەت پردی گازینۆ و سەر ڕوباری سیروان، بۆیە داوا لەتۆی هاووڵاتی ئازیز دەکەین لەهەر حاڵەتێکی لەو شێوە لایەنە پەیوەندیدارەکان ئاگادار بکەنەوە تاوەکو بە سزای خۆیان بگەیەنرێن چونکە دەبنە هۆی تێکدانی سیمای شار و ژینگە.

7- هاووڵاتی خۆشەویست لەکاتی سەردانیکردن بۆ بازاڕ هەوڵ بدە ژینگەی بازار بپارێزی، چونکە پاکڕاگرتنی ژینگەی گەرمیان لە تاکەوە دەست پێدەکات.

بریکاری وەزارەتی ڕۆشنبیری پێشوازی لە کونسوڵی ژاپۆن دەکات



دوێنێ لە دیوانی وەزارەت، د. سالار عوسمان بریکاری وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان پێشوازی لە کونسوڵی ژاپۆن لە هەولێر کاتسومی مۆریاسۆ کرد و لە کۆبوونەوەیەکدا کونسوڵی ژاپۆن باسی بڕۆژەکەی سینەمایی کرد، کە وابڕیارە بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ناوەڕاستی مانگی ئۆکتۆبەری ئەمساڵ لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان بکەوێتە بواری جێبەجێکردن.

بریکاری وەزارەت، وێڕای پشتگیری لە بیرۆکە و پڕۆژەکە، باسی بایەخی پەیوەندییە کلتوورییەکانی کرد و لەو پێناوەشدا هەموو ئامادەیی و هاوکارییەکی خستەڕوو.

بەڕێوەبەرایەتی چاککردنەوە و پاراستنی ڕێگاوبانی هەولێر ژمارەیەک ڕێگاوبانی ستراتیژی چاک دەکاتەوە



خەبات ـ سەید فاتیح

بەرزنجی:

بەهۆی ئەو جەنجاڵی و قەرەباڵغییە زۆررەی کە لە سەر ڕێگاوبانەکانی دەرەوەی شاری هەولێر هەیە، زۆربەی ئەو ڕێگاوبانانە بەهۆی کامیۆن وئوتومبێلە گەورەکان تێکچووە، بۆیە ڕۆژانەیش لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی چاککردنەوە و پاراستنی ڕێگاوبانی هەولێر کار بۆ چاککردنەوەیان دەکرێت.

لەمبارەیەوە ئەندازیار دڵشاد عیمادەدین بەڕێوەبەری چاککردنەوە و پاراستنی ڕێگاوبانی هەولێر بە خەباتی ڕاگەیاند: لە دەروبەری هەولێر چەندین تیمی چاککردنەوەی ڕێگاوبانمان هەیە و ڕۆژانە بە شێوەی مەیدانی سەردانی هەموو ئەو ڕێگاوبانانە دەکەن کە تێکچووە و چاڵوچۆڵی زۆری تیایە لەو چەند ڕۆژانەی دوایی توانرا چەندین ڕێگاوبان چاک بکرێتەوە لەوانە دروستکردنی دیواری گابیۆن بۆ پردی خانەقا لەسەر ڕێگای حافیز ـ خانەقا ـ وەرتێ لە پرۆژەی دانانی بۆڕی ئاسنی بۆ ڕێگاکانی قەزاکانی سۆران و چۆمان و ڕەواندزو لەلایەن کەرتی دوو، بەردەوام کاری دەبڵ دریسینگ لە ڕێگای نێوان باسرمە ژهەریر و چاککردنەوەی لۆفەی جۆنەرە لەسەر ڕێگای سپیلک ـ خەلان ـ ڕێزان لە پرۆژەی دانانی بۆڕی ئاسنی ئارامکۆ بۆ ڕێگاکانی قەزاکانی سۆران و چۆمان و ڕەواندوز و کار بۆ کردنەوە و دروستکردنی ڕێگای دەوازەی سنووری میرگەسۆر و کار بۆ چاککردنی چەند شوێنێکی تێکچووی نێوان چۆمان و حاجی ئۆمەران لەلایەن تیمی چوارەوە لەگەڵ چاککردنەوەی چاڵەکانی ڕێگای نێوان زار گەلی ژ بازگەی گەلی عەلی بەگ و هەموو تیمەکان لە سنووری قەزاکانی سۆران و چۆمان و ڕەواندوز ڕۆژانە کار بۆچاککردنەوەی ڕێگا تێکچووەکان دەکەن.

پرسە و سەرەخۆشی

بەناوی خودای گەورە و میهرەبان

بەڕێز حاجی موراد ڕەسوڵ خالە

بەدڵگرانییەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی خاتوو (فات موسا)ی هاوژینی بەڕێزتانمان پێگەیشت. هاوبەشی خەمی بەڕێزتان و خانەوادە بەڕێزەکەتانین و سەرەخۆشی ئارِاستەی ئێوە و خزم و دۆستانتان دەکەین.

لە خودای گەورە داواکارین ئارامی و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت و خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.

إنا لله و إنا إليه راجعون

بارەگای بارزانی

***

هەڤالانی بەڕێز ڕزگار لەشکری و ئازاد لەشکری

خەمباربووین بە بیستنی هەواڵی کۆچی دوایی برای بەڕێزتان خوالێخۆشبوو (مزۆ لەشکری). هاوبەشی خەم و پەژارەتانین و پرسە و سەرەخۆشیمان ئاراستەی ئێوە و خانەوادە تێکۆشەرەکەتان و تەواوی خزم کەس و هاوڕێیانی خوالێخۆشبوو دەکەین.

لەخودای گەورە داواکارین دواکۆستی خانەوادەکەتان بێت و سەبووری بە هەموو لایەک ببەخشێت و گیانی برای کۆچکردووشتان بە بەهەشتی بەرین شاد بکات.

إنا لله و إنا إليه راجعون

دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن

کەرکووک.. نەبوونی بەنزین خۆپیشاندانی شۆفێرانی لێکەوتەوە



دوێنێ دووشەمە کۆمەڵێکی بەرچاو شۆفێران لە کەرکووک و بەتایبەت شۆفێرانی تەکسی بەهۆی نەبوون و کەمیی بەنزین و کوالێتی خراپی بەنزین، لە پێش بینای پارێزگای کەرکووک خۆپیشاندانێکیان ساز کرد.

دوێنێ دووشەمە 2019/7/1 شۆفێرانی خۆپیشاندەر و نارازی کە لەبەردەم بینای پارێزگای کەرکووک کۆبوونەتەوە و لەبەر کەمی و نەبوونی بەنزین نارِەزایی دەربڕیوە و یەکێک لە شۆفێرانی نارازی لەمبارەوە ڕایگەیاند: ئەو بەنزینەی پێمان دەدەن کەمە و زۆر خراپە و نەوتی تێکەڵە و بە تایبەت ئەو بەنزینەی کە بە تەکسییەکان دەدرێت و توانایی دابینکردنی ئەو بڕەشیان نییە و حکوومەتێک نەتوانێ 40 لیتر بەنزین دابین بکات، هەر نەبێت باشە.


هاوواڵاتییەکی دیکە لەمبارەوە گوتی: ئێمە وەک شۆفێرانی تەکسی لە شاری کەرکووک داوای مافی خۆمان دەکەین، لە حاڵێکدا شاری کەرکووک ژێرەکەی هەمووی نەوتە، ئاخر کەی ڕەوایە بەنزینی تێدا نەبێت، ماوەیەکە بەنزینی تەکسییەکان لە لایەن بەنزینخانە ئەهلییەکانەوە دابین دەکرێت و بەهۆی نەبوونی ڕکابەر، ساختەکاری و دزیی تێدا دەکرێت و ئەو بڕە کەمە بەنزینەش کە دەدرێت زۆر خراپە و مادەی دیکەی تێکەڵ دەکرێت.

ئەو هاوواڵاتییە ئاماژەی بەوەش کرد: کەس نییە لێپێچینەوە و لێپرسینەوە لەگەڵ خاوەن بەنزینخانە ئەهلییەکاندا بکات، ئێمە تەنانەت بەوەش ڕازی بووین، بەڵام ئێستا بەنزینخانە ئەهلییەکانیشیان لێ داخستووین، باشە ئێمە ڕوو لە کوێ بکەین؟

گوتیشی: هانامان هێناوەتە لای پارێزگار و ئەویش وەڵامان نادانەوە وق ئێمە ڕەوانەی لایەنێکی دیکە دەکات، ئەگەر پارێزگار لەم شارە ئەم گرفتەی بۆ چارەسەر نەکرێت، پێمان بڵێن کێ پێی چارەسەر دەکرێت؟

شۆفێر تەکسییە نارِازییەکان دەڵێن: ئێمە هەموومان لە تویژی دەستەنگ و هەژارین و ئەم گرفتەش هەر بۆ تەکسییەکانە و ئۆتۆمبێلی دیکە کێشەی نییە و کەس بە هانامانەوە نایەت و کەس وەڵامدەر نییە و هەموو لایەک گرفتمان بۆ ساز دەکەن.

کۆمپانیاکانی ئەمەریکا خوازیاری وەبەرهێنانن لە کەرتی گواستنەوە و گەیاندن



بەڕێوەبەرانی گشتی دیوان باسیان لە پلانی وەزارەت بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەکان کرد کە تا ئێستا بەهۆی قەیرانی دارایی بەشێکیان جێبەجێ نەکراون، ئێستاش دوای کۆتایی هاتنی ئەو قەیرانە ماستەریلانیان هەیە لە بواری جیاجیاکان بە تایبەتی گواستنەوەی ئاسمانی، ئامادەییان دەربڕی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ Presentationی گرووپەکە بە تایبەتی لە بواری گواستنەوەی ئاسمانی و لە چوارچێوەی یاسای وەبەرهێنان و ڕێنماییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

بە مەبەستی وەبەرهێنان و لەسەر داوای ژووری بازرگانی و پیشەسازی ئەمەریکا، شاندێکی گروپێکی کۆمپانیاکانیASKAR GLOBAL ENTERPRISES ئەمەریکی سەردانی وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندنی حکومەتی هەرێمی کوردستانیان کرد، دوای بەخێرهاتن کۆبوونەوەیەکی هاوبەش لە نێوان شاندی میوان بە سەرۆکایەتیSAM ASKAR و لەلایەنی وەزارەتیشەوە ئازاد عومەر بەڕێوەبەری گشتی دیوان، عەبدولمەجید شێخانی بەڕێوەبەری گشتی پلاندانان و بەدواداچوون، ڕۆنی ئیسحاق بەڕێوەبەری نووسینگەی وەزیر، نوێنەرانی هەردوو فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر و سلێمانی کۆبوونەوەیەکی هاوبەش ئەنجامدرا.

شاندی میوان ڕوونیان کردەوە بە بەمەبەستی وەبەرهێنان و لەسەر داوای ژووری بازرگانی و پیشەسازی ئەمەریکا سەردانی هەرێمی کوردستانیان کردووە و دیداریان لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیران و بەڕێز مەسرور بارزانی ڕاسپێردراو بۆ پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتەکان ئەنجامداوە، ئەوان لە چەند سێکتەرێکی وەبەرهێنان بە تایبەتی ڕێگاوبان، فرۆکەخانەکان، سیکوریتی، ئایتی کارەکەن و بەهیوان لە هەرێمی کوردستانیش هەلی وەبەرهێنانیان بۆ بڕەخسێت.

هەر لەو دیدارەدا کۆمەڵێک پرۆژەیان لەوبارەیەوە خستەڕوو کە لە ئەمەریکا و چەندین وڵاتی جیهان جێبەجێیان کردووە.

دووکان... 700 کارتۆن هێلکەی ماوەبەسەرچوو لەنێوبران

قایمقامییەتی قەزای دووکان دەستیان بەسەر بارهەڵگرێکی هێلکەدا گرت، کە 700 کارتۆن هێلکەی ماوەبەسەرچوو و ڕایەگەیێنێت: سەرجەم هێلکەکان لەنێوبراون.

لە ڕاگەیێندراوێکی قایمقامییەتی قەزای دووکاندا لەبارەی ئەو هێلکە ماوەبەسەرچوودا هاتووە: لەچەند ڕۆژی ڕابردوودا ئوتۆمبێلێکی بارهەڵگر کە بڕی 700 کارتۆن هێلکەی هەڵگرتبوو لە ڕێگەی کلکەسماق سووتا و بەم هۆیەوە پەکیکەوت، دوای سێ ڕۆژ بەسەر ئەو ڕووداوەدا ڕۆژی یەکشەمە شۆفێرەکەی ویستبووی بارە هێلکەکە، کە سێ ڕۆژە لەبەر هەتاوە لەڕێگەی چەن کرێکارێکەوە بە ئەتۆمبێلێکی دیکە بگوازێتەوە و لە بازاڕەکان ساخیکاتەوە، بەڵام لیژنەی هاوبەشی ئابووری دوای ئاگادارکردنەوەیان و پشکنینی ئاسایش دەستیان بەسەر تەواوی بارەکەیدا گرت کە نزیکەی 250هەزار هێلکەبوو. دواتر بە بڕیاری قایمقام و لەژێر چاودێری لیژنەی ئابووری و بە هاوکاری ئامێرەکانی شارەوانی دووکان تەواوی هێلکەکان لەنێوبران.

کەلار... بەتۆمەتی دزینی پاسکیلی نوێژخوێنانی مزگەوت 3 تۆمەتبار دەستگیرکران

لەڕاگەیاندراوێکدا بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی گەرمیان بڵاوی کردەوە کە دوای ئەوەی چەن جارێک ئاگادارکرایەوە کە لەنێو مزگەوتەکانی گەڕەکی فەرمانبەران و خەباتی قەزای کەلار پاسکیلی نوێژخوێنانی مزگەوتەکەیان لەلایەن کەسانی نەناسراوەوە دەدزرێت. پۆلیس دەشڵێت: دوای چاودێری و بەدواداچون و سوودوەرگرتن لە کامێرای چاودێری شەوی ڕابردوو پۆلیسی نەهێشتنی تاوانی گەرمیان توانیان دوو تۆمەتبار کە هەستاون بەدزینی باسکیلەکانیان و ئەو تۆمەتبارەش کە پاسکیلەکانی لێ کڕیون دەستگیربکات. پۆلیسی گەرمیان ڕاشیدەگەیێنێت، دوای لێکۆڵینەوە لەگەڵیاندا دانیان بە تاوانەکەدا ناوەو بە وتەی خۆیان چەن حاڵەتێکی دزینی پاسکیلیان لەنێو مزگەوتەکانی قەزای کەلار ئەنجامداوە لەئێستادا بەبڕیاری دادوەر و بەپێی مادەی 446ی سزادانی عێراقی هەرسێ تۆمەتبار بەند کراون.



خەبات: تریفە ئازاد

پاش ئەوەی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان سوێندی یاسایی خوارد. لە 12ی6ی 2019 نێچیرڤان بارزانی یەکەم فەرمانی سەرۆکایەتی دەرکرد بە ڕاسپاردنی بەڕێز مەسرور مەسعود مستەفا بارزانی وەک سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی بۆ پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی هەرێمی کوردستان. هەڵبەت نێچیرڤان بارزانی وەکو قوتابییەکی چالاکی سەرۆک مسعود بارزانی و دڵسۆزی ڕێبازی بارزانی و خەباتگێڕێکی بە ئەزموون لە بواری سیاسەت و دەوڵەتداری و حوکمڕانیدا، لەتوانایدایە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بکاتە چەترێکی کۆکەرەوەی ناوماڵی کوردستان بۆ هەموو لایەنە سیاسییەکان و هەموو نەتەوە و ئایین و ئاینزا کانی کوردستان بۆ ئەوەی کوردستان بە دەستەجەمعی و ئاراستەیەکی هاوبەش، بەهێزەوە بەرەو ئایندەیەکی گەش هەنگاوبنێت. هەروەها بە ڕاسپاردنی بەڕێز مسرور بارزانی بۆ پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، خەڵکی کوردستان دڵنیادەکرێنەوە کە پارتی دەخوازێ کوردستانێکی بەهێز بونیاد بنێت بۆ ئەوەی هێمنی و ئارامی و خۆشگوزەرانی بەرجەستە ببێت. بەم شێوەیە پڕۆسەی سیاسی و حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە کابینەی نۆیەم، یەکەم هەنگاوی خۆی نا. لەم ڕووەوە ڕۆژنامەی خەبات لەم تەوەردا ڕاو بۆچوون و خواست و داواکارییەکانی شارەزا و پسپۆڕ و هاووڵاتیانی کوردستان بۆ حکوومەت و کوردستانیان دەخاتەڕوو:

خواست و داواکاریی کوردستانیان لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان



ئەو یاسایانەی لە پەرلەمان دەرچووە، بەشێکیان پێویستیان بە هەموارکردنەوە هەیە

خەدیجە عومەر مزوری ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسۆنی پارتی لە لێژنەی کاروباری یاسایی لە لێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات گوتی: یەکێک لە گرینگترین دەسەڵاتەکان کە هەموو وڵاتێک بریتی یە لە دەسەڵاتی یاسادانان پەرلەمان بالاترین مەرجەعی یاسایی و سیاسییە کە لە کۆمەڵێک خەڵک پێک دێت بە سیستەمی نوێنەرایەتی خەڵک هەڵدەبژێردرێت لە لایەن هاوڵاتیانە کە مافی دەنگدانیان هەیە ئەم دامەزراوەیە هەندێک ئەرک و دەسەڵاتی هەیە یەکێک لەوانە دەسەڵاتی یاسادانانە بێگۆمان یاساش بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگا و بەرژەوندییەکانی هاوڵاتیان دەردەچێت، پەرلەمانی کوردستانیش دوای هەڵبژاردنی گشتیی هەڵبژێردرا لە لە ساڵی **1992** سازکرد کۆمەڵێک یاساو بڕیاری دەرکرد، بێگومان هیچ کاتێک پەرلەمان یاسایەک دانارێژێت کە لە بەرژەوندی هاوڵاتیان دانەبێت و هیچ یاسایەکیش و مادەیەکیش هەموار ناکاتەوە کە لە بەرژەوندی خەڵک نەبێت وە ئەو یاسانەی پەسەندی دەکات یاخود هەمواری دەکاتەوە بە پێ گۆڕانکاریی ژیانی هاوڵاتیان دەبێت ئەو یاسانەی کە لە پەرلەمانی کوردستانیش دەرچوونە ژمارەیەکی زۆریان پێویستی بە هەموار کردنەوە و پێداچوونەوە هەیە پێویستە پەرلەمان کاری لەسەر بکات لە داهاتوو، یاسای هەڵبژاردن کوردستان ژمار (1) ساڵی **1992** بە تایبەت ئێستا لە بۆشاییەکی دەستوری داین ئەم یاسایەش ڕەهەندێکی دەستوری یاسایی هەیە، وە یاسای لێبوردنی گشتی کە تاوەکو ئێستا سێ جار لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووە دەبێت سنور دار بێت چونکە بە پێ ئەنجامی لێکۆڵینەوەی کە لە لایەن دەستەی مافی مرۆڤ دەرچووە زیاتر لە **70%** ئەم تاوانبارانە کە بەر ئەم یاسایە دەکەون دووبارە تاوان دەکەنەوە یاسا ئیمتیازاتی کەس و کاری شەهیدان و

خەدیجە عومەر مزوری:
پەرلەمان هیچ یاسا و مادەیەک هەموار ناکاتەوە ئەگەر بەرژەوەندی خەڵک نەبێت

ئەنفالکراوەکان ژمارە (**9**) ساڵی (**2007**) هەموار کردنەوەی دەبێ ئاراستەیەک بێت بۆ زیاتر خزمەت کردن بە کەس و کاری شەهیدان و هەندێک لە یاسی تر کە گرینگن کاریان لە سەر بکرێت و هەوار بکرێنەوە لەوانەش یاسای ڕۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستان بە ژمار (**35**) یاسای وەزارتی خوێندنی باڵا یاسای خراپ بەکار هێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی کردن بە ژمارە (**6**) ساڵی **2008**وە یاسای چاکسازی و موچە و دەرماڵەی بەخشین و ئیمتیازات لە هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ئەمەشدا هەندێک بۆشایی یاسایی هەیە کە پێویستە حکوومەت و پەرلەمان بە هەماهەنگی لەگەڵ یەکتر ئەم بۆشایانە پڕ بکەنەوە یاسای پێویست دەربکەن لە گرینگترینیان نوسینەوەی دەستور .

پێویستە حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە چوار ساڵی ئایندە هەماهەنگی باشی هەبێت لەگەڵ حکوومەتی ناوەند

دکتۆر شاری نانەکەلی مامۆستای زانکۆ و شارەزا لە بواری یاساو دەستور لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: گومان لەوەدا نیە کە چەندین کێشەی یاسایی هەیە بەهەڵواسراوی ماوەتەوە تاوەکوو ئێستا کە چارەسەریان تەنیا بەڕێگەی یاسایی دەبێت کە ئەویش خوی دەنوێنێ پەیڕەوکردنی دەقەکانی دەستوور وەکوو خۆی واتە دەتوانین بڵێین ئەگەر بێت و ماددەکانی دەستوور جێبەجێ بکرێت لە ڕووی کردارییەوە لەسەر ئەرزی واقع ئەوا ئەگەر هەموو کێشەکان چارەسەر نەبێت ئەوا زۆربەی زۆری کێشەکان چارەسەردەبێت، وە ئەوە کێشانەی کە ئەمێنێتەوە بە ئەوانەن کە پێویستی بەدەرکردنی یاسا هەیە لە پەرلەمانی عێراقی کە تاکوو ئێستا یاسای بۆدەرنەکراوە بۆ جێبەجێکردنیان. جێگای باسە یەکێک لە کێشە هەرەگەورەکان نێوان بەغدا و هەولێر بریتیە لە جێبەجێ نەکردنی مادەی **140**ی دەستوور کە تایبەتە بەم ناوچەو شار و شارۆچکانەی کە تائێستا نەگەڕێندراونەتەوە سەر هەرێم کوردستان یاخود ناوچە کێشە لەسەرکان یان ناوچەدابراوەکان لە هەرێمی کوردستان، وە جێگای ئاماژە پێکردنە تاوەکوو ئێستا چەندین جار لیژنە پێکهێناوە بۆ جێبەجێکردنی مادەی **140** بەڵام بەهۆی نەبوونی سەرەوری یاسا لە دەوڵەتی عێراقی لەبەر ئەم هۆکارە نەتوانراوە ئەم مادەیە جێبەجێ بکرێت چونکە لە دەوڵەتێک ئەگەر یاسا سەروەر بێت ئەوا هیچ هێزێک ناتوانێ ببێتە ڕێگر لە پەیرەوکردن و جێبەجێکردنی دەقەکانی دەستوور و یاساکان، بۆیە کاری ئەم لێژنانەی تاوەکوو ئێستا پێکهێناوە بێگومان هەرهەمووی بێ هوودە بووە و نەیانتوانیوە بگەنە هیچ ئەنجامێک، ئەو ئاستەنگانەی کە بونەتە ڕێگر لەبەردەم جێبەجێنەکردنی مادەی **140** هەروەک باسمان کرد لەسەرەوە نەبوونی سەروەری یاسایە ئەمە بەپلەی یەکەم وە بە پلەی دووەم بریتیە لە نەبوونی یەک دەنگیی کورد لە بەغدا واتا نەبوونی یەکڕیزی ناوماڵی کورد هەرلەدەچوونی دەستوور تاوەکوو ئێستا ئەمەش ئاستەنگێکی ترە کە نەیهێشتووە تاوەکوو ئێستا ئەم مادەیەو زیاتر لە پەنجا مادەی تری دەستووری جێبەجێ بکرێت.باشترین ڕێگا ئەوەیە کە ناوماڵی کورد ڕێک بخرێتەوە وە دوای ئەمە وە حیزبە سیاسییەکان واز لە حیزبایەتی تەسک بهێنن وئەوکەسانەی کە کاندیدیان دەکەن بۆ پەرلەمانی عێراقی کەسی شیاو خاوەن بڕوانامەی بڕواپێکراوبن و شیاو بن بۆ کاری ئەندام پەرلەمانی نەوەک کاریان تەنیا دەست بەرز کردنەوە بێت یان دەچوون بێت لەهۆلی پەرلەمان بەمەبەستی نارەزایی دەربڕین. وە باشتر وایە زۆربەی ئەوکەسانەی کە کاندید دەکرین بۆ پەرلەمانی بەغدا یاساناس بن، لەبەر ئەوەی پەرلەمان بە پلەی یەکەم کاری دەرکردنی یاساکانە دوای ئەمە کاری چاودێری کارەکانی حکوومەت.

هەروەها پێویستە حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە چوار ساڵی ئایندە هاماهەنگی باشی هەبێت لەگەڵ حکوومەتی ناوەند لەپێشێلکردنی بەند و مادەکانی، ئەمەش بایەخی بەڕێوەبردنی ڕاست ودروست و ڕێکخراوە لەهەر وڵاتێک و پێشتر دەیگرتەبەر بێگومان ئەمەش لەڕێگەی ڕاوێژ کردن لەگەڵ کەسانی پسپۆڕ و شارەزا لە بواری یاسا و سیاسەت، کە بەڕاستی شارەزابن و نەوەک لەبەر خاتری حزبایەتی و کەسایەتی کرابن بەڕاوێژکار ، ئەوەی جێگای دڵخۆشیە ئەو عێراقەی کە بەبەردەوام وولاتان جەخت لەسەر یەکگرتووی دەکەنەوە هەرگیز یەکگرتوو نابێت لەبەر ئەوەی هیچ تاکێکی عێراقی ئینتمای نیە بۆ عێراقێک کە بەهی خۆی نەزانێ بەواتایەکی تر عەرەبی شیعە ئەوەندە ئینتمای بۆ مەزهەبەکەی خۆی هەیە بۆ دەوڵەتی عێراقی نیە وەهەروەها



د.شاری نانەکەلی:
پێویستە حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە چوار ساڵی ئایندە هەماهەنگی باشی هەبێت لەگەڵ حکوومەتی ناوەند

بەهەمان شێوە عەرەبی سوونەش وە تاکی کوردیش بەهەمان شێوە ئەوندە ئینتمای بۆ کوردبوون و خاکی کوردستان هەیە ئەوەندەئینتمای بۆ دەوڵەتی عێراقی نیە ، وە ئەگەر تاکەکانی هەرووڵاتێکی ئەم دوونیایەش لە پێش هەموو شتێک ئەگەر ئینتمای بۆڵاتەکەی نەبێت ئەوا ئەم وولاتە هەرگیز یەکگرتوو نابێت ئەگەرچی لەڕووکەشەوە خۆی بەیەکگرتوو نیشان بدات هەروەک دەوڵەتی عێراق. وەئەم خاڵەش یارمەتیدەرە بۆ جێبەجێکردنی مادە دەستووریەکان ئەگەر کورد بتوانێ کاری لەسەر بکات بە هەستیاری و بە زانایی.

کاری ئیدارەدان بەیاسا ڕێک دەخرێ کە سەرجەمی لەسایەی دەستور دەبێ
تاریق نامق مافپەروەر و یاسا ناس لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: (سەروەری یاسا) ئاماژەیە بۆ ڕێزگرتن لەیاسا و ڕێنماییەکان لەڕێگای جێبەجێکردنی دەقەکانی و ڕێگەگرتن لەپێشێلکردنی بەند و مادەکانی، ئەمەش بایەخی بەڕێوەبردنی ڕاست ودروست و ڕێکخراوە لەهەر وڵاتێک و



یاساناس/تاریق نامیق:
بەبێ سەروەربوونی یاسا زۆر شت ناتەواو و ناکام دەبێ و هەڵەی گەورە بەدوای خۆیدا دەهێنێ

دەتوانین ئەوە بڵێین کە بەبێ سەروەربوونی یاسا زۆر شت ناتەواو و ناکام دەبێ و هەڵەی گەورە بەدوای خۆیدا دەهێنێ، هەرچەندە ئەم دەستەواژەیە زۆر بەرگوێمان دەکەوێ و زۆر دەبیستین و دروشمی زۆری لەسەر دەوترێت وەکو ئەوەی "یاسا سەروەرە" و " یاسا لەسەرووی هەمووانە" و "نا بۆ پێشێلکردنی یاسا" و هتد، بەڵام تەنها دروشم ڕۆلی نابێ لەسەروەربوونی یاسا و بگرە زۆرجار کەتەنها دروشم وتنەوە بێ زیانی زۆریشی پێ دەگەیێنێ .سەروەری یاسا لەهەموو بوارەکاندا ڕەنگدانەوەی دەبێ و بنەمای سەرەکی سەرکەوتنی کاری دامەزراوەییە و بێ ئەمەش دەکەوینە بەردەم ژیانێکی هەڕەمەکی نادروست و شێواو و دوور لەشارستانی ، لە ڕووی دەقە یاساییەکانەوە وڵاتی ئێمە لەدێر زەمانەوە پێشەنگ بووە، لێرە بەگرنگی دەزانم کە ئاماژە بەوە بدەین کەوا بەتەنها زۆربوونی دەقی یاسایی و دارشتنی بەلێشاوی یاسا و دەرکردنی ڕێنمایی لەهیچ شوێنێک نابێتە هۆکارێک بۆ سەروەری یاسا ، بگرە ئەوە نییەتی جێبەجێکردن و پەیڕەوکردنێتی ئەم سەروەرییە دەردەخات.

ئەم دەستەواژەیە لەسەر ئاستی جیهانیش باس دەکرێ و بایەخی پێ دەدرێت و لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ یەکەم جار لەکۆنگرەی نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤ لەڤییەننا کە لەساڵی **1993** سازدرا بەکارهات کە لەدوای ئەوەوە ساڵانە بڕیاری پەیوەست بەو بوارە لەلایەن زۆرێک لەئۆرگانەکانی ئەو ڕێکخراوە دەردەکرێت و لەزۆرێک لەبوارەکانی کاری ئەو ڕێکخراوە ڕەنگدانەوەی هەیە ، لەوانە بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش ژمارە **1040** کە پاڵپشت بوو بۆ هەوڵەکانی ئەمێنداری گشتی لەپتەوکردنی ئاشتی نیشتیمانی و دیموکراسی و سەروەری یاسا لەبوروندی ، هەرچەندە سەروەری یاسا بەتەنها ئەرکی حکوومەت نییە لەوڵات و بەپێی سیستەمی حوکمڕانی و دەستووری هەر وڵاتێک دامەزراوەکان و هەمووان وەکو تاک لەکۆمەڵگە ئەرکیان دەکەوێتە ئەستۆ، بەڵام حکوومەت ئەرکی گەورەی بەسەرەوەیە لەجێبەجێکردن و سەروەربوونی یاسا هەروەها توانای پێشکەشکردنی پرۆژە یاساو دەرکردنی ڕێنمایی هەیە، ئەرکی حکوومەتی هەرێم وەکو هەر حکوومەت و دامەزراوەیەک لەهەر وڵاتێک قورسە بەڵام قورستر لەهەموو شوێنێک ئەرکی لەم کابینەیە چونکە لەڕووی سیستەماتیکەوە کاری ئیدارەدان بەیاسا ڕێک دەخرێ کەسەرجەمی لەسایەی دەستور دەبێ، وەهەر دامەزراوەیەکی ئیداری لەحاڵەتی نەخوازراودا بۆی هەیە حاڵەتی نائاسایی ڕابگەیێنێت ، بەپوختی دەڵێین ئێمە ئەگەر ئیدارەیەکی نمونەیمان بوێت ئەوە کارێکی سانا نییە و هیممەتی قورسی دەوێ بەڵام گەر بمانەوێ ئیدارەیەکی باشمان هەبێ وگلەیی لەسەر نەبێ ئەوا دیسان ئەرکەکە قورسە بەڵام دەتوانرێ ئەویش بەپیادەکردنی هەندێ هەنگاو لەوانە :

دورکەوتنەوە لەدانانی کەسەکان بە پێی نزیکی و پێوەری تر، کاربەدەست کار و ئەرکەکەی خۆی لاپیرۆز بێ و بەواتایەکی تر کەس لەکارو پلەکەی پیرۆزتر نەکرێت و لێپێچینەوە هەبێت . چاودێری کاری دامەزراوەیی بە بەردەوامی و وەرگرتنی ئیجرائاتی پەلە لەکاتی پێویست و دورکەوتنەوە لەهەڵسەنگاندن بەپێی ڕاپۆرت و دەرخستنەکانی هۆیەکانی ڕاگەیاندن.

داواکردنی هەماهەنگی هاووڵاتی و چوون بەدەم ڕاوبۆچوون و گازەندەکانیان و چارە دۆزینەوە بۆیان دوورکەوتنەوە لەهەر هەنگاوێک کە لەچوارچێوەی یاسا جێگای نەبێت

جێبەجێکردنی ئەو برگە یاساییانەی کەرتی گشتی دوردەخاتەوە لەبەرژەوەندی تایبەت وبەرجەستەکردنی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان و ڕێگەگرتن لەقۆرغکردنی کار و ماندوکردنی هاوڵاتی ڕێگەگرتن لەدەستێوەردان لەکاری دادوەری لەدادگا و لەفەرمانگەکانیش بەهەر شێواز و ڕێگایەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دیار و نادیار شاراوە یان ئاشکرا.

لێرە پێویستە دەرک بەوە بکەین کە لە دۆخی پاش ململانێ و قەیرانی کاری ئەم کابینەیە قورس دەبێت چونکە کارامەیی و ژێرخانی دامەزراوەکان لە ئاستێکی دڵخۆشکەر نییە و کاریگەری بارودۆخەکانی پێشوتر لەسەر دامەزراوەکان زۆر بووە، بۆیە هیممەتی زۆر گەورە لەم کابینەیە چاوەڕوان دەکرێت.


لە ئەرشیفی / کاروان محەمەد سینو

سالّیادی داستانی شەڕی هیزۆپ 1974



محەمەد عەدلی*

لەدوای ڕێککەوتنی یانزەی ئازاری سالی **1970**ی زایینی لەنێوان سەرکردایەتی شۆڕش و حکومەتی عێراق لەسەر دەستی بارزانیی نەمر، چوارسالّ ئارامی و بەختەوەری بۆ کوردستان هاتە ئاراوە کە تائێستاش هەموو خەلّکی کوردستان شاهێدحالّی ئەو چوار سالّە ئارامییەن کە کورد ئیدارەی ولاّتی خۆیداوە بەشێوەی (خودموختاری) و هەموو پارێزگاکانی کوردستان لەدەست کوردابوو، بەلاّم ڕژێمی عێراق ڕۆژ بە ڕۆژ لەخالّەکانی ڕێککەوتنەکە پەشیمان دەبووەوە. جەنابی (بارزانیی نەمر) زۆر دژی شەڕبوو، بەلاّم ڕژێم شەڕی فەرزکرد لەسەر کورد. بۆ نموونە لەسالّی **1971** بە پیلانی (نازم گزار) بەڕێوەبەری گشتیی ئەمنی عامی عێراق کۆمەلّێ مەلایان ناردن و لەژووری پێشوازی بارەگای بارزانی خۆیان تەقاندەوە کە جەنابی بارزانی لەو ژووڕە دانیشتبوو، بەلاّم قەدەری خوای گەورە وابوو هەموویان کوژران و جەنابی بارزانییش ڕزگاری بوو.

هەر لەوساڵەدا جەنابی کاک (ئیدریس بارزانی) وەک سەرۆکی شانەی کورد و نوێنەری جەنابی بارزانی بۆ گفتوگۆ لەسەر خاڵە ناکۆکەکان هاتە بەغدا و تەقەیان لە ئۆتۆمبێلەکەی کرد، بەلاّم خۆشبەختانە جەنابی کاک ئیدریس لە ئۆتۆمبێلەکەدا نەبوو. هەردوو بەڕێزان عەریف حەمید و محەمەد عەزیز کە هاوەڵی جەنابی کاک ئیدریس بوون بریندار بوون.

ڕژێم لەو چوار سالّەی ئارامیدا کە شەڕ وەستابوو گەلێ کێشەی خۆی چارەسەرکرد لەڕووی ئابووری و سەربازی، کە لە سالّی **1972**ی زایینی نەوتی خۆمالّی کردبوو، پێی وابوو دەتوانێ بەزەبری هێز شۆڕشی کورد لاواز بکات، بەلاّم ئیرادەی گەلی کورد و هێزی پێشمەرگەی کوردستان زۆر لە پیلانی دوژمنان بەهێزتربوو. ڕژێم کەوتە پیلاندانان بۆئەوەی بیانوو بەشۆڕش بگرێ؛ لەسالّی **1971**ی زایینی کە ئەو پیلانە لە بارزانی کرا، زۆر لە سەرکردایەتی پارتی رایان وابوو بریاری وەستانی شەڕ لەگەلّ ڕژێم هەڵبوەشێتەوە، بەلاّم جەنابی بارزانی فەرمووی نابێ، چونکە بەڕژەوەندیی میللەت لەگیانی من گرنگترە .

ڕژێم لەڕووی سەربازییەوە خۆی ئامادەکرد بۆ هێرشی سەر کوردستان بەشێوەیەکی بەربلاّو بۆ هەموو خاکی کوردستان و، هەموو هەوڵێکی سەرکردایەتی پارتی و بارزانی ڕەت کردەوە بۆ ئاشتی؛ هێزی زۆریان ڕەوانەی سنووری پارێزگاکانی سلێمانی و کەرکوک و هەولێر و دهۆک کرد، بەشێک لەو هێزە ڕەوانەی شاری کۆیە کرا بەنیازی ئەوەی لە چیای (هەیبەت سولّتان) بەڕەو ناوچەی رانیە و پشدەر پێشڕەوی بکات.

سەرکردایەتی شۆڕش بە وردی ئاگاداری ئەو پیلانە بوو، ئەوکات شۆڕش دابەشکرابوو بەسەر چەند لەشکرێکدا؛ ملازم ڕەشید سندی سەرپەرشتیاری هێزەکانی دهشتی هەولێر، سەفین، کاوە و بێتواتەی دەکرد، کۆبوونەوەیەکی لە رانیە ئەنجامدا لەگەلّ (عەلی شەعبان) ئامرهێزی بێتواتە و (حسۆمێرخان) ئامرهێزی کاوە و (ڕەسوڵ فەقێ) ئامرهێزی سەفین . بەرنامەی شەڕ و بەرگرییان دانا، بەلاّم زیاتر ئەرکەکە لەسەر هێزی بێتواتە بوو، چونکە سنوری ئەو هێزە دەبووە مەیدانی شەڕ بەم شێوەیە:

أ- بن چیای (هەیبەت سولّتان) سپاردرا بە لقی شینە بۆلّی و لقی لێخۆشبوو کەمال بەگی وەرێ، تاوەکو مەفرەقی ڕێگای خەلەکان و ڕانیە و کۆیە لەبێستانە.

ب- لەمەفرەقی بێستانەوە تاوەکو گوندی باداوا، بەلقی خوالێخۆشبوو (تەیب بارزانی) سپێردرا.

ج- هێزێکی سەر بەهێزی کاوە بەچەند تۆپێکەوە چیاو کەلّکی (کۆدەڵە) یان پێسپێردرا و لەژێرچاودێری بەڕێز(حسۆ میرخان) ئامرهێزی کاوە دابوون.

هەموو هێزەکان لە شۆینی دیاریکراو دامەزران لەبن چیای(هەیبەت سولّتان) کەهێزەکانی ڕژێم لەسەر چیابوون. لەبەرەبەیانی ڕۆژی **1974/6/29** کاتژمێر (6)ی بەیانی هێزی دوژمن بە پالّپشتی چەندین دەبابەو زرێپۆشەوە بەرەو سەنگەری پێشمەرگە جووڵا؛ شەڕدەستیپێکرد، شەڕێک کە زۆر سەخت بوو، بەلاّم هێزی پێشمەرگە شێرانە ڕووبەڕوی دوژمن بوونەوە و بۆماوەیەکی زۆر بەرگریان کرد، بۆردومانی فڕۆکەکانی ڕژێم بەردەوام بوو لەسەر پێگەو سەنگەری پێشمەرگە، بەو هۆیەوە فیشەک و تەقەمەنی نەگەیشتە دەستی پێشمەرگە. لەکاتژمێر (3) دوای نیوەڕۆ هێزی پێشمەرگە بڕیاری پاشەکشەیاندا و لەڕووباری هیزۆپ پەڕینەوە، بۆئەوەی لەنێوان پردی هیزۆپ و گوندی (سکتان) بۆ لوتکەچیای کۆدەڵە بڕۆن، بەلاّم دوژمن دەیزانی هێزی پێشمەرگە بەرەو کۆی دەڕوات، پێشڕەوی کرد و لەپردی هیزۆپ پەڕینەوە، پۆلێک دەبابە ڕێگیان بەرەو حاشاهەڵنەگرەی، کە پڕۆسەی گەشەسەندنی گەل و نەتەوەکان، جارێکی تر بەرەو داواە وەرناچەرخێ. لەم ڕوانگەیەوە هەموو ئەو دەستکەوتە نەتەوەییانە بەرهەمی ئەم پڕۆسەیەن، سڕینەوە و دەستبەرداربوونیان، بۆتە مەحاڵ. هەم لەبەرئەوەی ئەو سیمبۆلانە حەز و ویست و پێداویستی ژیانن و بوونەتە بەشێک لە پێکهاتەی بوون و هەمیش ئەوانە بەرهەمی ڕەنج و تێکۆشانن. بەلێ خۆشە و پێداویستییەکی گرنگ و ژیاری مرۆڤایەتییە، نەتەوە و گرووپەکان پێکەوە ژیان پەسەند بکەن و بە هەرەوەرزی بژین، لێ لەسەر بناخەی هاوتایی و یەکسانی و نەهێشتنی داگیرکاری و چەوسانەوە. ئەمە چەند حەز و ئاواتێکی پیرۆز و هۆمانیستە، لێ دیسان ئەم گەردونە بە هەمەڕەنگی و هەمە جۆری خۆیەوە ڕازاوەیە و تامەزۆیێتی زیاتری بەخشیوەتە ژیان. باخچەیەک کۆمەلّێ گوڵ و درەختی هەمەڕەنگ و جیاوازی تێدا بێت ڕەنگینتر و جوانترە لە باخچەیەکی تەنیا گوڵە شیلان و دار گوێز.

لە ئاکام دا سەبارەت بە داگیرکەرانی کوردستانە. مەترسییەکانی سەر ناسنامەی کوردبوون بۆیە ترسناکن، چونکە لەسایەی بێدەوڵەتی کورد دا بەڕیا دەبن. بێدەوڵەتی ژینگە و بۆشاییەکی خولّقاندووە، حیزب و دەستە و گرووپە جیاوازەکان، بەهۆی ململانێ سیاسییەکانی نێوان خۆیانەوە، بە ئاسانی ناگەنە ڕێکەوتنێکی هاوبەش. دەرئەنجام، سەرباری ئەو هەموو هەڵکشان و داکشانە، دەگەینە ئەو بەڵگە و ڕاستییە تاڵەی کە ئەگەر ئێمە وەک گەلێکی بچووک و بێدەوڵەت بە هەموو هێزەکانی دنیا نەڵێین ئێمە نەتەوەیەکی گەورەین، ئەوا دەبێ بە هەموو هێزێکی دنیا بڵێین ئێمە نەتەوەیەکی گەورەین و ئەگەر بە هەموو هێزێکی دنیا نەڵێین ئێمە نەتەوەیەکی گەورەین، ئەوا دەبێ بە هەموو هێزێکی دنیا بڵێین ئێمە نەتەوەیەکی گەورەین.

هەڵبژاردنەکانی یەکێتیی ئەوروپا و پرسی ناسنامە



6 ـ کۆتایی

هەڵۆ بەرزنجەیی

پرسی ناسنامە، لە جیهانی ئیمڕۆشدا و لەم ژینگە بارگاوییە بە گلۆبالیزەیشن ، پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و داهێنانی ڕۆژبەڕۆی زیرەک، هەڵگرتنی سنوور، کۆسپی لێک نزیکبوونەوە و تێکەڵاوی یەکجارەکی گەلان ، نەعرەتەی دژە دەوڵەتی نەتەوەیی و شتگەلێکی تر، هێشتا سەنگ و بایەخی خۆی نەک هەر لەدەست نەداوە، بگرە گەر سەرنجێکی وردی بەدیقەت بدەین لە پێشهات و ڕووداوەکان و بیروڕای خەڵک، لەسەرتاسەری جیهاندا بەگشتی و لە وڵاتانی ئەوروپای سەرتۆپی وڵاّت و کیشوەری هەرە پێشکەوتووە لە جیهاندا بەتایبەت، دەبینین ئەم پرسە، شوناسگەلێ زیاتر لەجاران گرنگی و بایەخی خۆی بەسەر هەنگاوەکانی ژیان و بەرەوپێشوەچوونەکاندا دەسەپێنێ. هەروەها تا تێستا لە پلەی یەکەمدا دێت و هێشتا بزوێنەری گەلێ باس و خواست و بیرکردنەوە و تێڕامانی تاک و نەتەوەکانە.

ئێنجا ماوەتەوە بپرسین: کەی و لە کوێ ئازادی و سەربەخۆیی بەخشراوە؟ ئەوە دەیان نموونەی پرسی سەربەخۆیی گەلان لە ئەوروپای دیموکراسی و جیهانی دا تا ئێستا بە کراوەیی ماوەتەوە؟. ئەی دەوڵەتانی داگیرکەر خەریکی چین و لەدوای ئەم سەدەی **21** وە، بەرەو چ ئاقارێکی تر مل دەنێن، تاوەکو بەلّێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان ڕابگەیەنن!. کەی نەتەوەکانیان تەواو هۆشیار دەبنەوە و بەچاوێکی هاوتا سەیری خۆیان و کوردی دراوسێ و هاوچارەنووسیان لە دەڤەرەکەدا دەکەن؟. چۆناوچۆنی خۆ دەکەنە فاکت و گووشار لەسەر حکومەتە ناوەندییەکان، تا چارەسەرێکی ئاشتییانەی ئەو کێشە ئەزەلییەی کورد بکەن!. ئەی گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە و جیهان بەرەو کوێ دەڕوات!؟.

ناسامەی کوردبوون لە ڕووی ئایدئۆلۆژیی و مەزهەبیشەوە، گرفتی زۆری بۆ سازدراوە و لەبەردەم هەڕشەدایە. بەشێک لە حیزبەکان بانگاشەی جۆرە مۆدێلێک دەکەن لە شوناس کەموزۆر پەیوەندی نییە نەک بە کوردبوونەوە، تەنانەت لەمۆزەخانەکانیش دا، نە هەبوون و نە دەبن. بەشێکی تری هەڵمەتەکانی دژی شوناسی کوردبوون، لەژێر پەردەی کۆمەلّێ سیاسەتی چەواشەکاری ڕۆژانەدا و بەرژەوەندیئامێزی حیزبایەتیدا ئەنجام دەدرێ. ئەوانە ستراتیژی سیاسییان هەمیشە ڕووە و پاینەختەکانی داگیرکەر بووە و ئەگەر ئەمڕۆ ئەو ڕاستییە تاڵەی کە ئێمە وەک گەلێکی بچووک و بێدەوڵەت بە هەموو هێزەکانی دنیا نەڵێین ئێمە نەتەوەیەکی گەورەین، ئەوا دەبێ بە هەموو هێزێکی دنیا بڵێین ئێمە نەتەوەیەکی گەورەین و ئەگەر بە هەموو هێزێکی دنیا نەڵێین ئێمە نەتەوەیەکی گەورەین، ئەوا دەبێ بە هەموو هێزێکی دنیا بڵێین ئێمە نەتەوەیەکی گەورەین.

فارس قادر فەقێ عەبدوڵا*

کوڕینە دائیرەی ئیحسا زۆر موهیمە

ئەم دەستەواژەیە قسەی برادەرێکمانە خوالێخۆش بێت کە کەسایەتییەکی شاری هەولێر بوو، سالّی **1996** لەوکاتەی ڕووداوە نەخوازراوەکانی ناوەخۆ ڕوویدابوو، باری ئەمنی شاری هەولێر ئارام نەبوو، ئەم دۆستەمان دەیفەرمو "پێویستە شەوانە سەیارەیەکی نەجدە لەبەر دەرگای (فەرمانگەی ئاماری هەولێر) بوەستێت و پاسەوانی لێبکات چونکە دائیرەی ئیحسا (ئامار) زۆر گرنگە". ئەو سەردەم هەڤالاّن لە مەبەستی خوا لێخۆشبوو تێنەدەگەیشتن و هەرکەسێک باسی شۆینێکی ناو هەولێری بکردبا وەک بگوترابا زانکۆ گرنگە ئەو دەیگوت "ئیحسا گرنگ تڕە" یان پەڕوەردە یان شارەوانی ئەو دەیگوت "ئیحسا گرنگ تڕە" تا وایلێهات بگوترابا کارەبا و ئاوی مالاّن و نەخۆشخانە گرنگە ئەو دەیگوت "ئیحساش گرنگە و کورینە لە یادتان نەچێ"، تا وایلێهات ئەم بابەتە کەوتە گفتوگۆ لە نێوانمان منیش بە پێکەنینەوە گووتم بەلێ قسەی هەڤالّمان ڕاستە، ئیحسا لە هەمووی گرنگترە لە نەخۆشخانەش گرنگترە، هەڤالان ڕووی پرسیاریان لە من کرد و گوتیان چۆن وا دەبێ و مەبەستتان چیە؟!! وە چۆن دەبێ ئیحسا لە سەروی هەموو شۆینەکانە تری خزمەتگوزاری بێت، زۆر سەیرە!... گوتم هەڤالّینە ئێوە مەبەستی ئەم هەڤالّەمان تێناگەن، ئەو بۆیە وا دەڵێت چونکە مالّی خۆی بەرامبەر دائیرەی ئیحسایە و ئەو مەبەستی ئەوەیە حیمایە بۆخۆیی و مالّ و منداڵی خۆی دابین بکات نەک بۆ ئیحسا!.

ئەوەبوو ئەو هەڤالّەمان خوالێبخۆش بێت گوتی "خوا شاهێدە ڕاست دەکات و بەس ئەو، ئەوەی ناو دڵی منی زانی"، هەڤالّمان پیاوێکی دڵساف و ڕاستگۆ بوو هەزار ڕەحمەت لە گۆڕی نەیدەتوانی ئەوەی دڵی خۆی بشارێتەوە.

تا ئێرە گێرانەوەی حیکایەتێکی خۆشبوو ئەوەی لە دوای ئەو حیکایەتە مەبەستمە بیلێم ئەو سەردەمە لە دانانی کابینەی وەزارەتەکان لە حکومەتی خۆمان، خەریکە هەمووی وەک هەڤالّەکەمان بکەن و یەکێک دەڵێت نەفت گرنگە ؟!! یەکێک دەڵێت شارەوانی گرنگە لە بیرمەکەن !! یەکێک دەڵێ پەڕوەردە ئەوی تر دەڵێت دارایی بەهەرحال (هەرکەسەو گوێز لە هەمبانەی خۆی دەژمێرێ) و بە مەرامی خۆی قسە دەکات، دەبا بپرسین کامیان گرنگ نین؟!! ئایا وەزارەتی خوێندنی بالاّ چی کەمترە لەوانەی کە گوتراون و دەگوترێن؟ لە واقیعدا خەریکە ئەم وەزارەتە لە بەر کەسانی بەرژەوەندی خوازی تایبەت ئەوەی تێدا نەمینێ ئەویش زانستە، باشە با بزانین لە پەروەردە چیمان زیاد کردووە دەکرێ دەستکەوتەکان باس بکەین چین؟!! قوتابخانەی ئەهلی و تیجارەت و تێکەلاوکردنی پەروەردە لە گەل بیرۆکەی سەرمایەداری زیاتر چی کراوە؟ جا جیاوازی چیە لە نێوان وەزارەتی پەروەردە یان خوێندنی بالاّ، کامیان باشترن و گەر حوکم دەدرێ بە چ پێوەرێک پێوانەی بۆ دەکرێ کۆمپانیا و خاوەن زانکۆ و قوتابخانە ئەهلییەکان بازرگانی بێ بروانامەن ئەی شارەوانی کە دەگووترێ باشە بە چی باشە! بە ملک و سەروەت و سامانی باب و باپیران! کە تەخشان و پەخشان کراوە و دەکرێ؟ یان وەزارەتی کار کە هاوکاری مەزاجی بۆ گروپێک دەکا وە نەدانی بە گروپێکی تر بە بیانووی جۆراو جۆر.

بەراستی ئەم هاش و هیشە فلان شوێن باشترە لە فلان شوێن شتێکی بێ مانایە، هەموو شوێنەکان گرنگن، بەلێ وەزارەتی پەروەردە زۆر گرنگە، ناوەخۆ گرنگ ترە، خوێندنی بالاش پیرۆزە، دارایش ئەساسە و داینەمۆی هەموانە، تەندروستیش پێداویستیەکی ژیانە، پێشمەرگەش شەرەف و کەرامەتمانە، شارەوانیش دواڕۆژ و ئایندەمانە، ئەوقافیش ڕەوشت و ڕێنمایی و ڕێ نیشاندەرمانە و عەدلیش ڕێکخەری ژیان و بە دیهێنانی ئارامی و مافی هەموومانە. بەلێ هەمویان گرنگن هیچیان کەم نین یەک لە یەک گرنگترن پۆلێن ناکرێن و لە دووتایی تەرازوودا وەک یەک نین، بەڵکو ئەرکەکان، جیاوازن بەلاّم هەمووی ئەندامی یەک جەستەن بەلێ هەریەکێکی لەنگ بێ جەستەی کورد هەمووی لەنگ دەبێ.

بەلێ دەبێ ئەم دەستەواژەیە بگۆڕین فلان وەزارەت باشترە لە فلان! نەخێر وانیە و بەئاگاین لە نییەتەکان و کارەساتە وابگوترێ هەمووی گرنگن، بەلام گەر بگوترێ لە کاری گرنگتر دەگەڕێین بیکەین ئەوکات دەبێ پیاوی گرنگ بۆ وەزارەتەکان دابنێین نەک وەزارەتی گرنگ بۆ پیاوەکان ببینینەوە، بەلێ دەبێ پیاو بۆ شوێن ببینەوە، شوێن بۆ پیاو نەبینینەوە وەک بابەتی مەسەلەی دائیرەی ئیحسا تەنها بەردەرگەی مالّی خۆمان نەبینین، ئەگینا ئەوەی ماوەش تێکی دەدەین وەک ئەوەی ئێستا کردمانە و دەیکەین زانکۆی ئەهلی و قوتابخانەی ئەهلی بەکرێ دانی نادی کۆلیج حانوتی قوتابخانە بازارەکانمان دەکەین بە بازاری دەلال خانە. بەلێ تکایە هەمووی، بەلێ دائیرەی ئیحسا گرنگە، بەلاّم ئەوانیتریش کامیان لە ئیحسا کەمترن!. هەر ناونیشانەو شوێنێک پیاوی خۆی بۆ پەیدا بکەین نەک بۆ کۆمەلێک پیاوێکی دیاریکراو. بەلێ هەمووی گرنگە و بە دەستی پیاوی گەورە و گرنگ جوانتری دەکەین دەبا پیاوی پیس لەسەر حسابی خێر و خێراتی ئەو میللەتە جوان نەکەین هەمووی بە جوانان جوانتر بکەین!! چونکە ئەوەی جوان نیە جوانکاری بۆ دەکەین هەر هێندە جوانن تا لە شوێنە جوانەکان لایان دەدەین.

بەئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارێزگای هەولێر (پ.د.ک).

* کارگێڕی لقی11ی پارتی دیموکراتی کوردستان

وون بوون

مەنەفێست بەناوی شرکە شیرزاد اسماعیل حسین جۆری ئۆتۆمبێل: حفارە زنجیر هیتاشی حجم کبیر مۆدێل: ٢٠١٩ ژمارەی ئۆتۆمبێل: ٢٥٥٠٦ کاتی هەولێر ژمارەی شاصی: HCM١HL٠٠T٠٠٠٣٦٤٤٧ وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

دەفتەرگرانی ئۆتۆمبێل تویوتا لاندکروز استیشن لەبەڕێوەبەرایەتی گومرگی هەولێر دەرچووە بەناوی هەردی محسن احمد وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

مديرية الجنسية و الاحوال المدنية لمحافظة اربيل

الواقعات

العدد: ٨٨٥٣

التاريخ: ٢٠١٩/٦/٢٥

اعلان

قدم المواطن (لاوند جمال مصطفى) دعوى فى هذه المديرية تسجيل اللقب (ممونده) فمن لدية اعتراض مراجعه هذه مديرية خلال (١٠) ايام من تاريخ نشره فى الجريده و بعكسه فسوف تنظر هذه المديريه فى المدعوى وفق احكام المادة ٢٤ من قانون البطاقه الوطنيه رقم ٣ لسنه ٢٠١٦.

اللواء/ هيثم فاضل الغرباوى

مدير الاحوال المدنيه و الجوازات و الاقامة/ وكالة

***

دادگای بەرایی عەنکاوە

ژمارە: ١٣١ / ب / ٢٠١٩

رێکەوت: ٢٠١٩/٧/١

جاردان

بۆ داوالێکراو/ نضال عبود زغير شوێنی نیشتەجێبوون نادیار.

داواکار (هدی حنا بطرس) داوای ژمارە (١٣١ / ب / ٢٠١٩) لەسەرت تۆمارکردووە تێیدا داوای (چۆلکردنی خانوو ژمارە R١/٣٤ دەکات لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی (ئازادی نوێ) لە عەنکاوە لەبەر ئەوە دادگا بریاریدا پێراگەیاندنت لەرێگەی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان بۆ ئامادەبوونت لەڕۆژی دادبینی ٢٠١٩/٨/١ کاتژمێر ٩:٣٠ی بەیانی ئەگەر نا دادبینی دەرهەقت بەپاشملە ئەنجام دەدرێت بەپێی یاسا.

دادوەر/ تەرزە سالار عثمان

***

سەرۆکایەتی لیژنەی یەکەمی زەوی و دەست بەسەراگرتن لە هەولێر

ئاگادارى

لەسەر داوای هاوڵاتی (ئاری رمضان حمد) کوری (عائشە محمر اغا قادر) سەرۆکایەتی لیژنەکەمان هەلساوە بە ڕاستکردنەوەی ناو :

لە (عیشە محمل حسین) بۆ (عائشە محمراغا قادر) لە بریاری تەسویەی پارچە زەوی ژمارە (١٩١) کەرتی /٨ بالکیان ، کە لە ساڵانی تەسویە بە هەڵە تۆمار کراوە ، جا هەر کەس و لایەنێك بەرهەڵستکاری هەیە لەسەر ڕاستکردنەوەی ناوەکە ئاگادارمان بکاتەوە لە ماوەی (١٥) ڕۆژ لە بڵاوکردنەوەی ئاگادارییەکە بە پێچەوانەوە لیژنەکەمان کارەکەی ئەنجام ددات بە پێ یاسا .

سەرۆکی لیژنە / کاروان ابراهیم اسماعیل

***

دادگای بەرایی سلێمانی / ٥

ژمارە : ٩٧ / ب / ٢٠١٩

بەروار : ٩ / ٥ / ٢٠١٩

ئاگادارى

داواکاران : ١ – محمد احمد محمود ٢ – خالد احمد محمود ٣ – یاسین حمە رشید عبدالرحمن ٤ – طە حمە رشید عبدالرحمن داوالەسەرکراوان : أمنە حاجی علی معروف و هاوبەشەکانی کە هاوپێچ کراوە

بۆ داوا لەسەر کراو بەناوی (أمنە و هاوبەشەکانی کە هاوپێچ کراوە)

داواکار(محمد و هاوبەشەکانی) داوای ژمارە (٩٧ / ب / ٢٠١٩) لەسەرت تۆمارکردووە لە دادگای بەرایی سلێمانی / ٥ کە تیایدا داواەکات بە نەهێشتنی هاوبەشی لە مولکی ژمارە (١٠٦ / ٥٦٧) ك کانیسکان وە بەشکردنی گەڕ شایانی بەشکردن بێت ئەگەر شیاوی بەشکردن نەبوو بفرۆشرێت و بەهاکەی دابەش بکرێت بەسەر هەموو هاوبەشەکانی دا هەرکەس بە پێی بەشی خۆی و تێچووی داواکە دابەشکرێت بەسەر خاوەن بەشەکاندا وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە بەپێی واژۆ و مۆری موختاری گەرەکی (کانیسکان) بۆ یە دادگا بریاریدا بە ئاگادارکردنەوەت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆ بۆ ئامادەبوونت بەخۆت یاخود لە ڕێگەی بریکارێکی یاسایی لە دادگا لە ڕۆژی دادبینی کە دەکاتە ڕۆژی (١٣ / ٦ / ٢٠١٩) کاتژمێر (٩:٠٠) ی سەرلەبەیانی وە بەپێچەوانەوە دادگا بە نائامادەیی بریار دەردەکات بەرامبەرت .

١ – امینە حاجی علی اغا معروف ٢– مجید بگ قادر پاشا ٣– فهیمە خان قادر پاشا ٤– شمسە خان قادر پاشا ٥– اختر محمد بگ قادر پاشا ٦– گوزیدە محمد بگ قادر پاشا ٧– عطیە محمد بگ قادر پاشا ٨– عثمان محمد بگ قادر پاشا ٩– افتاب محمد بگ قادر پاشا ١٠– محمد علی بگ محمد بگ قادر پاشا ١١– فوزیە محمد بگ قادر پاشا ١٢– قادر بگ محمد بگ قادر پاشا ١٣– بهیە محمد بگ قادر پاشا ١٤ – خانم محمد بگ قادر پاشا ١٥– زکیە محمد بگ قادر پاشا ١٦– انجم محمد بگ قادر پاشا ١٧– حمدیە حاجی محمد ملا قادر ١٨– احمد توفیق افندی عزیز اغا ١٩– فایەق توفیق افندی عزیز اغا ٢٠–ناهدە توفیق افندی عزیز اغا ٢١– محمود توفیق افندی عزیز اغا ٢٢– نزیرە توفیق افندی عزیز اغا ٢٣– عزیز حامد بگ محمد بگ ٢٤– حسن حامد بگ محمد بگ ٢٥– عبدالقادر حامد بگ محمد بگ ٢٦– مدینە صالح بگ ٢٧– نامق بگ احمد بگ قادر پاشا ٢٨– حسن بگ احمد بگ قادر پاشا ٢٩ – کریم بگ محمد بگ قادر پاشا ٣٠ – فاطمە سعید سلێمان ٣١ – نجیاة صبری علی ٣٢ – فریال مصطفی سعید

دادوەر / د.ماجد رشاد محمد

***

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردنی هەولێر

ژمارەی دۆسیە: ٢٠١٩/١٨٤٢

رێکەوت: ٢٠١٩/٦/٢٣

ئاگاداری

بۆ/ عبدالستار اسماعیل محمد

لەبەر نەزانین و نادیاری شوێنی نیشتەجێ بوونت، بۆیە بەپێی ماددەی (٢٧) لە یاسای جێ بەجێ کردن بڕیاردرا لە ڕێگای ڕۆژنامەیەکی ناوەخۆوە، پێت ڕابگەیەنین تا لەماوەی (١٥) ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لەبەردەم ئەم بەڕێوەبەرایەتیە ئامادەبێت، بۆ ئەنجامدانی ڕێکارەکانی جێ بەجێ کردنی دانەوەی قەرزی (محمد مصطفی عباس) بەبڕی (١,٧١٦,٠٠٠) ملیۆن دینار، ئەگەر نا بەپێی یاسا ناچار دەکرێیت قەرزەکە بدەیتەوە.

جێ بەجێ کاری داد/ هەردی حمدامین همزه

***

دادگای بەرایی بەردەرەش

ژمارە : ٢٥٣/ب/٢٠١٩

رێکەوت : ٢٠١٩/٦/٢٥

جاردان

داواکار / سعید کریم علی – دانیشتووی قەزای بەردەرەش – شورش

داوالێکراو / هاوری هادی علی – شوێنی نیشتەجێبوونی نادیار

دادگای بەرایی بەردەرەش بریاری پاشملەی ژمارە (٢٥٣/ب/٢٠١٩) لە رێکەوتی ٢٠١٩/٦/١٢ دەرکرد دەرهەقت بە پابەند بوونت بە پارە (١,٢٠٠,٠٠٠) یەك ملیون و دوو سەد هەزار دینارە پێدانی ئەم برە پارەیە بۆ داواکار (سعید کریم علی) لە بەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونت بریار درا بە بڕیارەی سەرەوە بە ڕێگای جاردان لە دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی بۆ تانەی نارەزایی لە سەری لە ماوەی یاسایی وە بە پێچەوانەوە ئەم بڕیارە پلەی بنە بری وەردەگرێت .

دادوەر / فرهاد سلمان حسن

***

دادگای باری کەسی سۆران

ژمارە : ٣٣/ش/ ٢٠١٩

رێکەوت: ٢٠١٩/٦/٢٤

بۆ/ داوالێکراو/ بورجو احمد يراك/ شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە

ئەم دادگایە لە ڕۆژی (٢٠١٩/٦/١٧) لە دوای ژمارە (٣٣/ش/ ٢٠١٩) بە پاشملە بڕیاری داوە بە پەسەندکردنی تەلاقی دەرەکی نێوان داواکار (زبیع اسماعیل مجید) و داوالێکراو (بورجو احمد يراك) لە ٢٠١٩/٤/٣٠ و تەلاقەکە بە (رجعی) دانراوە و بڕیارەکەش شیاوی ناڕەزایی و پێداچوونەوەیە. لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە، دادگا لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت دەکاتەوە بە بڕیارەکە و بۆت هەیە لە ماوەیی یاسایدا تانەی لێبدەیت ئەگینا بڕیارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت.

دادوەر/ گۆران عبدالخالق عبدالقادر

***

دادگەها باری کەسایەتی ل/ زاخو

ژمارە: ١٨٠/ش/٢٠١٩

رێکەفت: ٢٠١٩/٦/٣٠

راگەهاندن

بو/ داوالێکراو: رحمه کریم اسماعیل

ئ دادگەهێ بریاردا ل کیشا ژمارە (١٨٠/ش/٢٠١٩) ل روژا (٢٠١٩/٦/٩) بکەتنا تەلاقا داواکاری (عمر مصطفی اسماعیل) ژ تە بەرامبەری ئ دادگەهێ ل ٢٠١٩/٦/٩ و ژبەر نەدیار بونا جهێ ئاکنجیبونا تە و ل دیف دەقی یاسایی کو پێتقیە ئاگەهداریا تە دەمێ دەرکەتنا داواەکەش شیاوی ناڕەزایی و تە مافێ نەرازیبوونێ و پێداچوونی یی هەیی د ماوەی یاسایدا و بەروڤاژیا ئ چەندێ بریار پلا بنەبر وەرگرت.

دادوەر/ یوسف الیاس سدن

***

دادگای کەتنی دهوك

ژمارە:١١٣٠/ج/٢٠١٩

رێکەفتی:٢٠١٩/٦/١٧

بۆ تۆمەتباری رەڤی (محمد عبدی جولی)

ئاگەهدارکرن

توی بەر تاوانکری د کێشا ژمارە (١١٣٠/ج/٢٠١٩) ئەوا هاتیە تۆمارکرن ل بنگەهی پۆلیسێن خبات ل سەر ماددێ (٢/ یاسا ژمارە ٦ سالا ٢٠٠٨) ژبەر نەدیاربونا جهێ ئاکنجیبونا تە بریار هاتە دان هن بهێنە ئاگەهدارکرن ڕێکا بەلاڤکرنێ دوو ڕۆژنامی ناڤخۆیی, دا بەرامبەر ئ دادگەهێ سپێدەیا ڕوژا ٢٠١٩/٧/٢٨ بەروڤاژی دادگەریا تە پاشملە (غیابیا)دێ هێتە ڕێڤەبرن ل دویڤ یاسایێ.

دادوەر/ عبدالرزاق مجید عبو

***

دادگای کەتنی دهوك

ژمارە:١٢٢٠/ج/٢٠١٩

رێکەفتی:٢٠١٩/٦/٢٠

بۆ تۆمەتباری رەڤی (١- فرات جال امین ٢- محمد امین فائق دمیر)

ئاگەهدارکرن

هین د بەر تاوانکرینە د کێشا ژمارە (١٢٢٠/ج/٢٠١٩/٢) ئەوا هاتیە تۆمارکرن ل بنگەهی پۆلیسێن مالتا ل سەر ماددێ (٤٥٣) یاسا سزای ژبەر نەدیاربونا جهێ ئاکنجیبونا هەوە بڕیار هاتە دان کو هین بهێنیە ئاگەهدارکرن ڕێکا بەلاڤکرنێ دوو ڕۆژنامی ناڤخۆیی, دا بەرامبەر ئ دادگەهێ سپێدەیا ڕوژا ٢٠١٩/٨/٦ بەروڤاژی دادگەریا تە پاشملە (غیابیا) دێ هێتە ڕێڤەبرن ل دویڤ یاسایێ.

دادوەرێ ئێکێ/ عصمت کولیك اسماعیل

***

دادگەها کەتن ل سێمێل

ژمارە: ٦٠٣/کەتن/٢٠١٩

رێکەفتی: ٢٠١٩/٦/١٩

ئاگەهداری

بۆ/ تومەتباریّ رەڤی/ علی عبدالرحمن علی

دەمێ تو یێ تومەتبار ب کێشا ژمارە ١٩٤/اساس/٢٠١٨ ئەوا هاتیە تومارکرن ل بنگەهی پولیسێن سێمێل یا بەرهنگاربونا تۆندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزان سێمێل ل دیف بەندێ (٢) ژ یاسا ژمارە (٦) یا سالا ٢٠٠٨ ژبەر کو جهێ ئاکنجیبونا تە نەیێ دیارە بریار هاتە دان تو بهێیە ئاگەهدارکرن بڕیکا بەلاڤکرنێ ب دوو ڕۆژنامێن ناڤخویی دا ئامادەبی بەرامبەری ڤێ دادگەهێ سپێدەیا ڕوژا ٢٠١٩/٩/٢٢ بو دادگەهکرنا هەوە و بەروڤاژی ڤێ چەندێ دادگەهکرنا هەوە هێتە کرن ب پاشملە ل دویڤ یاسایێ.

دادوەر/ کمیلە علی سالم

سەروکا دادگەها تاوانا دهوك/٢

***

دادگەها تاوانێن دهوکێ/٢

ژمارە: ٣٩٦/ج/٢٠١٩

رێکەفتی: ٢٠١٩/٦/٢٧

ئاگەهداری

بۆ/ تومەتباریّ رەڤی/ علی حسین سلیم

دەمێ تو یێ تومەتبار ب کێشا ژمارە ٣٩٦/ج/٢٠١٩ ئەوا هاتیە تومارکرن ل بنگەهی پولیسێن مسێریك ب هژمار ٢٠١٨/١٥٦ ل سەر ماددێ ٤٠٦ یاسا سزا ژبەر کو جهێ ئاکنجیبونا تە نەیێ دیارە بریار هاتە دان تو بهێیە ئاگەهدارکرن بڕیکا بەلاڤکرنێ ب دوو ڕۆژنامێن ناڤخویی دا ئامادەبی بەرامبەری ڤێ دادگەهێ سپێدەیا ڕوژا ٢٠١٩/٩/٢٣ بو دادگەهکرنا تە و بەروڤاژی ڤێ چەندێ دادگەهکرنا تە هێتە کرن ب پاشملە ل دویڤ یاسایێ.

دادوەر/ کمیلە علی سالم

سەروکا دادگەها تاوانا دهوك/٢

***

دادگەها تاوانێن دهوکێ/٢

ژمارە: ٤٠٢/ج/٢٠١٩

رێکەفتی: ٢٠١٩/٦/٢٧

ئاگەهداری

بۆ/ تومەتباریّ رەڤی/ عثمان ابراهیم کریم خان و بکر ابراهیم کریم خان و میرعاج اسماعیل کریم و دسکو سەعو جوهر و هاشم خان افدال جوهر

دەمێ هوون د تومەتبار ب کێشا ژمارە ٤٠٢/ج/٢٠١٩ ئەوا هاتیە تومارکرن ل بنگەهی پولیسێن کەلەك ب هژمار ٢٠١٦/١٠٣ ل سەر ماددێ ٤٠٥ یاسا سزا ژبەر کو جهێ ئاکنجیبونا هەوە نەیێ دیارە بریار هاتە دان هوون بهێیە ئاگەهدارکرن بڕیکا بەلاڤکرنێ ب دوو ڕۆژنامێن ناڤخویی دا ئامادەبی بەرامبەری ڤێ دادگەهێ سپێدەیا ڕوژا ٢٠١٩/٩/٢٢ بو دادگەهکرنا هەوە و بەروڤاژی ڤێ چەندێ دادگەهکرنا هەوە هێتە کرن ب پاشملە ل دویڤ یاسایێ.

دادوەر/ کمیلە علی سالم

سەروکا دادگەها تاوانا دهوك/٢

***

دادگەها تاوانێن دهوکێ/١

ژمارە: ٢٠٨/ج/٢٠١٩

رێکەفتی: ٢٠١٩/٦/٢٧

ئاگەهداری

بۆ/ تومەتباریّ رەڤی/ نزار محمد امین عبدالجبار

دەمێ تو یێ تومەتبار ب کێشا ژمارە ٢٠٨/ج/٢٠١٩ ئەوا هاتیە تومارکرن ل نقیسینگەها سرهلدان ب هژمار ٢٠١٧/١٠٤ ل سەر مادەە (٤٥٢) یاسا سزا ژبەر کو جهێ ئاکنجیبونا تە نەیێ دیارە بریار هاتە دان تو بهێیە ئاگەهدارکرن بڕیکا بەلاڤکرنێ ب دوو ڕۆژنامێن ناڤخویی دا ئامادەبی بەرامبەری ڤێ دادگەهێ سپێدەیا ڕوژا ٢٠١٩/٩/١٩ بو دادگەهکرنا تە و بەروڤاژی ڤێ چەندێ دادگەهکرنا تە هێتە کرن ب پاشملە ل دویڤ یاسایێ.

دادوەر/ د. عبدالرحمن سلیمان زیباری

سەروکا دادگەها تاوانا دهوك/١

***

سەروکاتییا باژێرڤانییا باعەدرێ کارگێری

ژمارە: ٣٦١

رێکەفت: ٢٠١٩/٦/٣٠

بۆ/ سامی سمیر سلیمان

ترساندن

ژ بەر دوماهیك هاتنا مۆلەتا تە ل ڕۆژا ٢٠١٩/٦/٢٨ێ بێی ئەگەر ئەم ئاگەهداریا تە دکەین کو دەست ب کارێ خو بکەی ژ ڕۆژا بهێیە ئاگەهدارکرن ب ترساندنا مە بۆ دەمێ (٧) ڕۆژا ئەگەر تو ل سنورێ هەرێمێ بی و ئەگەر دەرقەی هەرێمێ بی بۆ دەمێ (٣٠) سیھ ڕۆژا بەروڤاژی دێ هێیە دەست کێشان ژ کاری ل دویڤ برگا (١) ژ بەندێ (٣٧) ژ قانونا باژێری یا ژمارە (٢٤) سالا ١٩٧٠ یێ ڕاستکری.

ئەندازیار/ ایوب فرمان عبو

سەرۆکێ باژێرڤانییا باعەدرێ

***

سەروکاتیا دادگەها تێهەلچوونا ناوچا دهوك

دادگەها ڤەکولینا دهوك

ژمارە/ ٢٠١٩/١٦٩٦

رێکەفت/٢٠١٩/٦/٣٠

راگەهاندن

ئامازە ب کێشا ڤەکولینێ یا ژمارە (٢٠١٩/٨٩) یا بناڤی هەولدەر (عائشة محمد علی) لدور بەرزەبوونا هڤژینی وێ بناڤێ (عباس خان عباس) ئەوا تومارکری ل بنگەهێ پولیسێن سەرهلدان ل ڕێگەفتی (٢٠٠٦/٩/١١) هاوەلاتی (عباس خان عباس رشاد) ژ دایك بوون (١٩٦٥/١٢/١٩) ناڤێ دەیکا وی (نهایە عذاب) یێ بەرزەبوی وهەر کەسەك پێزانێن لسەر هەبێت یان جهی ئاکنجیی بونا وی ئاگەهداریا مە بکەت

دادوەر/ رەزڤان حبیب محمد

***

دادگەها باری کەسایەتی ل زاخو

ژمارە / ٣٤٧ /ش/ ٢٠١٩

رێکەوتی / ١ / ٧ / ٢٠١٩

راگەهاندن

بو / داوالیکراو : خالد سکفان عزو

ئ دادگەهێ بریاردا ل کێشا ژمارە (٣٤٧ /ش/٢٠١٩) ل روژا (٢٠١٩/٦/٢٠) بو پەسەندکرنا تەلاقا تە یادەرەکی ژ داواکاری (رحاب خلف ابراهیم) ل روژا (٢٠١٩/٥/٥) و ژبەر نەدیار بونا جهێ ئاکنجیبونا تە ول دیف دەقێ یاسایی کو پێتقیە ئاگەهداریتە دەمێ دەرکەتنا بریاری ژی ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب ڕێکا دوو ڕۆژنامێیت ڕوژانە و تە مافێ نە رازیبونێ وپێداچوونی یێ هەیی دماوەی یاساییدا و بەروڤاژیا ئ چەندێ بریار پلا بنەبر وەرگرت .

دادوەر / یوسف الیاس سدن

***

دادگای بەرایی هەولێر/٢

ژمارە:١٢٥٤/ب/٢٠١٩

رێکەوت:٢٠١٩/٧/١

جاردان

بۆ/ داوالێکراو (بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای POLTEKS DOGA/ سەرەڕای کارەکەی)

داواکار (کۆمپانیای PDC بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کاظم دینج سەرەڕای کارەکەی) داوای ژمارە (١٢٥٤/ ب٢٠١٩/٢)ی لەم دادگایە تۆمارکردبوو لەسەر (بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای POLTEKS DOGA/ سەرەڕای کارەکەی) وە لەبەر ئەوەی بنکەی سەرەکی کۆمپانیا نادیارە بەپێی اشعاری موختاری (گەرەکی تیمار) لە ٢٠١٩/٦/٢٠ بۆیە ئەم دادگایە بریاری دا بە پێراگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ ڕۆژی (٢٠١٩/٧/٢٥) کات (١٠)ی بەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی بەپاشملە ئەنجام دەدرێت.

دادوەر/ قباد شیرزاد نوری

***

دادگای باری کەسی هەولێر/٥

ژمارە:٧٣٣/ش/٢٠١٨

رێکەوت:٢٠١٩/٦/٣٠

جاردان

بۆ/ داوالێکراو (نوزاد عزیز محمد) شوێنی دانیشتنت نادیارە.

داواکار/ نهایەت عزیز نادر داوای ژمارە (٧٣٣/ش/٢٠١٨)ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای (تصدیق زواج و اثبات النسب) دەکات وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بۆیە دادگا بریاری دا بەپێراگەیاندنت لەرێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە لەڕۆژی دادبینی ٢٠١٩/٨/٤, بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت بە شێوەی ئاشکرا و پاشملە.

دادوەری یەکەم/ دیار محمد علی

***

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردنی هەولێر

ژمارەی دۆسیە: ٢٠١٩/٢١٩٩

رێکەوت: ٢٠١٩/٧/١

ئاگاداری

بۆ/ عامر خلف علی

لەبەر نەزانین و نادیاری شوێنی نیشتەجێ بوونت, بۆیە بەپێی ماددەی (٢٧) لەیاسای جێ بەجێ کردن, بڕیاردرا لەڕێگای ڕۆژنامەیەکی ناوەخۆوە پێت ڕابگەیەنین تا لەماوەی (١٥) ڕۆژ لەڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە بەردەم ئەم بەڕێوەبەرایەتیە ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ ڕۆژی (٢٠١٩/٧/٢٥) ناڤێ بەرزبوی وهەر کەسەك پێزانێن لسەر هەبێت یان جهی ئاکنجیی بونا وی ئاگەهداریا مە بکەت

دادوەر/ رەزڤان حبیب محمد

***

دادگەها باری کەسایەتی ل زاخو

ژمارە / ٣٤٧ /ش/ ٢٠١٩

دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا, واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو ناڕازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی سالی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.

دادنووس / شوان فوزی زکی

ئامێزەکان:

١- دوو ئامێری لەف کردنەوەی کۆیل ژمارە/ ٤٨٣١ و ٤٨٣٠ دروستکراوی خۆمالین مۆدێل ٢٠٠٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای ٢٠*K.W٢ دوودانە.

٢- ئامێری لەف کردنەوەی کۆیلی زەخت عالی ژمارە/ ٤٨٣٢ دروستکراوی خۆمالی مۆدێل ٢٠٠٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٠.

٣- ئامێری بۆردی فحص کردنی بگۆری کارەبا ژمارە/ ٤٨٣٥ دروستکراوی فرنسی مۆدێل ٢٠٠٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٧,٥.

٤- ئامێری بەرهەم هێنانی کارەبا ژمارە/ ٤٨٣٦ دروستکراوی سویدی مۆدێل ٢٠٠٨ جۆری سوتەمەنی گازوائیل توانای K.V.A٢٥٠.

٥- ئامێری ووشك کردنەوەی کۆیل ژمارە/ ٤٨٣٧ دروستکراوی خۆمالی مۆدێل ٢٠٠٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٧,٥.

***

فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)

ئاگاداری

بەروار: ٢٠١٩/٤/٣٠

بەپێ ئەو داواکاریەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (سید غانم برهان نجم الدین) لە بەرواری ٢٠١٩/٤/٢٩ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆی وئێستا دانەراوە لە (پ.باشوور) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا, واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو ناڕازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی سالی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.

دادنووس / شوان فوزی زکی

ئامێزەکان:

١- دریلی ستونی کون کردن بێ ژمارە دروستکراوی یابانی مۆدێل ٢٠٠٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١,٥.

٢- کەتەری برینی ئاسن ٧,٥ بێ ژمارە دروستکراوی خۆمالی مۆدێل ٢٠٠٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٧,٥.

٣- لەحیم ولدن ژمارە/ G١٠٤-٧٠٢٤ دروستکراوی صینی مۆدێل ٢٠٠٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای ٣٠ ئەمپێر.

٤- دریلی دەستی بچوك دوودانە ژمارە/ ١- ٣٦١٢١٣٨ ٢- بێ ژمارە دروستکراوی صینی مۆدێل ٢٠٠٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا ٥,٠ ئەمپێر.

٥- کۆسرەی دەستی صاف کردن سێ دانە بێ ژمارەن دروستکراوی صینی مۆدێل ٢٠٠٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای ٠,٧٥ ئەمپێر

٦- مۆلیدەی کارەبایی ژمارە/ ٣-٠٢٨١٥٠ دروستکراوی المانی مۆدێل ٢٠٠٥ جۆری سوتەمەنی گازوائیل توانای K.V.A٣٧,٥.

***

هەلی کار

من وەکو هاوڵاتی (هاوکار خدر شیخە) پێویستم بە (١) کرێکار هەیە بەمەبەستی کارکردن هەر کەسێك ئارەزووی کارکردنی هەیە با ڕاستەوخۆ سەردانی بەڕێوەبەرایەتی کاربکات کە دەکەوێتە ڕێگای مەخمور پشت مزگەوتی شەهید خدر سوارە یاخو پەیوەندی بکات بەم ژمارە تەلەفۆنە (٠٧٥٠٣٩١٢٩٤٩)

ناوی کار/ چاودێری نەخۆش

ژ. هەلی کار/١

مووچە/ ٤٩٠٠٠٠


ڕەگەز/ نێر

هونەری هەڵکۆڵینی تاشەبەرد لەباکووری خۆرئاوای ئێران

دیمەنەکانی سەربەرد لە هۆراند (لەقلان)

کەمال نوری مەعروف
لە فارسیەوە گێڕیویەتیی و لەسەری نووسیوە

پێشەکی:
هەڵکۆڵینی نەخش و نیگار لەسەر ڕووی بەردی سروشتی، پێدەچێت شێوەیەک بێت لەپەیا مێکی بەنرخی گوێزانەوە لەنێوان ئەو مرۆڤانەی زوودا. ئەم هونەرە، کە لە جیهاندا بەر لەپەنجا هەزار ساڵ دەرکەوتووە، سەرەتا لەئەوروپاو ئوسترالیاوە دەستی پێکردووەو دواتر پێدەچێت لەسەرتاسەری جیهاندا ڕەواجی بۆ پەیدا بوو بێت. بوونی پاشماوەی ئاسەواری هونەری لەم بابەتانە زۆرینەی ناوچەکانی وڵاتی ئێرانی ناسراوی گرتۆتەوە، هەتاکو ئێستاش لەناو ئەو دروستکراوانەدا هەن مانایان نادیارن، یان هەیانە لەهەڵکۆڵینیاندا پەیوەستن بەفەرهەنگ یان مێژوویەکەوە کەبۆیان دیاریکراوە. پاشماوەی ئاسەوارى زۆرى ئەم هونەرە لەناوچەی باکووری خۆرئاوای ئێران، و لەقەفقاز بەرچاو دەکەون. ئەم باسە کەلێکۆڵینەوە لەسەری سەرقاڵی کردووم، سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغەکانی پێنج ساڵی دوایی کەتێیدا سنوورەکەی لەڕووە جوگرافییەکەیەوە دیاریکراوە کەباکووری ئازەربایجان دەگرێتەوە، و تێیدا ئەنجام دراوە. گرووپێک لە لێکۆڵەرانی زانکۆی تاران بەهەماهەنگی لەگەڵ (میراث فەرهەنگی ئازەربایجانی خۆرهەلات)، لەڕۆژی ڕوباری (قەرەسو، یان (لەقلان چای)، لەباکووری گوندی (لەقلان) و باشووری دەربەندێک بەناوی (ئارادەرسی) نەخشی جۆرا وجۆر و زۆریان بەشێوەی هەڵکۆڵراو لەسەر ڕووی بەردەکان دۆزیوەتەوە، یان لەسەر پارچە بەردەکان کەبەڕێژەیەک بەردی گەورە بوون لەگرانیتی ڕەش، ئەم نەخشانە لەکاتی گەڕانی ساڵانی 76- 81 ناسیونان واتە (1998-2003) کەزۆرینەیان وێنەی ئاژەڵی دیاریکراون، هەروەها نەخشی هێمای هەڵکۆڵراوی تریش هەن کەبەسەر (3)کۆمەڵدا دابەشبوون لە: (دەربەندی گوتانلو، دەربەندی جیران و سنووری دیاریکراوی ناسراو بەمەعەدەن)، هەموو ئەمانە لەناوچەی هۆراند (کلیبەر)دا بڵاوبوونەتەوە.



نەخشەی هۆراند

ئامانج:
ئامانج لەم لێکۆڵینەوەیە بۆ ناسین و دانانی شوێنی جوگرافی ئەم هێمایانە بووە هەروەها بۆ شیکردنەوەیان و تێگەیشتن لێیان و بەستنەوەیان بەوانی تردەوە، و پەیوەندی ئەم نەخشانەش بەنموونەی هاوشێوە یان لەناوچەکانی تری ئێران و قەفقاز بەتایبەتی دیمەنی ئەوانەی دروستکراون و بەدەست گەیشتوون،کە تێیاندا پاشماوەی فەرهەنگی کۆمەڵایەتی لەپاشماوەی ئاسەوارەکانیاندا دەرکەوتووە کەبەشێکە لەو کارانەو دەست کاریگەری لەفەرهەنگی بیناکراویاندا هەیە، ئەو نەخشانەش کەهەن بەشێکن لەو نادیارانە کەڕەگو ڕیشەیان لەباوەڕو فەلسەفەی زوودا و لەرۆژگاری کۆندا بووە.

گریمانە:
بەسەیرکردنمان بۆ بەردە نەخشکراوەکان لەسەرتاسەری ناوچەی ئازەربایجان و قەفقاز،و بەبەراوردکردنیان بەهاوشێوەیان لەگەڵ یەکترداو دیاریکردنی سنووریان لەو شوێنەی بۆیان دیاریکراوە کەسەردەمەکەی چووە، ئەمانە دەبنە یارمەتیدەر بۆمان بۆ ساخکردنەوەیان. ئەم لێکۆڵینەوەیە شێوازێکی مەیدانی شوێنەوار ناسیی و مرۆڤ ناسی لەخۆگرتووە کەبەهاوکاری پێنج لێکۆڵەرو ژمارەیەک یارمەتیدەری ناوخۆیی ئەنجامدراوە.

ناوچەی جوگرافیی و پاروەدۆخی ژیان لەدەوروبەری:
(هۆراند) ناوچەیەکی پانو بەرینە دەکەوێتە (52) کیلۆمەتری باکووری خۆرهەلاتی شارۆچکەی (ئاهر)، لەباکووریەوە (باختەر) و شارۆچکەی (کلیبەر)، و لەباشوریەوە شاری (ئاهر) و لەخۆرهەلاتیەوە (مشکین شار) و لەباکووری خۆرهەلاتیەوە بەشارۆچکەی (موغان) سنووردارکراوە.

سێ ڕووباری گرنگ و پڕ ئاو لەم بەشەدا هەن:
1-ڕووباری عەلی ئاباد کەلەبەرزایی کێوەکانی (یەلی یورت) و هەشت سەرووی باکووری گوندی مەجید ئاباد سەرچاوەی هەڵگرتووە.
2- ڕووباری (ویرقلعە سی چای) سەرچاوەی ئاوەکەی لەبەرزاییەکانی باکووری گوندی (مەنجاب) کۆدەبێتەوە.
3-(سلین چای)، لەبەرزاییەکانی گوندی کەلی سوفلی، میداندروی باکووری کێوی (هەشتسەر) سەرچاوەکەی هەڵگرتووە.
هەر سێ ڕووبارەکەش وەرزین، جگە لە(سلین چای) کەبە (ئارس) ناسراوەو ئاوەکەی بەکەمی لەگەڵ دوو ڕووباری تر دەگات و لە (قەرەسو) کۆتایی دێت.
(هۆراند)کە دەکەوێتە ناوچەی کوێستانی (ئارسبارانی) خۆرهەلات، گرنگترینی کێوەکانی پێکهاتووە لە: (هۆراند قلعەسی) (1230م)، نەورۆز گۆزای (1226م)، (ئاستەبلی) (1355م)، هەشتسەر (2536م)، ویلی یورت (2124م).
ئاووهەوای ئەم بەشە ماموناوەندییە و ڕووەکی زۆری هەیە کەلەنێوانیاندا درەختی فستق و دارەبەن و بەڕوو و سەروی کێوی، سنەوبەرو گۆیژ، هەروەها بوونی گیای بەکار هێنراو بۆ پیشەسازی دەرمان. لەم ناوچەیەدا گیا بۆ لەوەڕگای ئاژەڵ هەیە. ئاژەڵی کێویش وەکو گۆزرگ، ورچ، بەراز، ڕێوی، کەرۆێشک، بزنی کێوی و پڵنگ، باڵندش وەکو هەڵۆ، پۆڕ، مریشکی کێوی لەناوچەکەدا هەن و دەژین. دانیشتوانەکەی (هۆراند) لەسنووری (30300)کەسن کەبەزۆری لەعەشایەری عێڵی ئارسباران و عێڵەکانی تر دروستبوون. باشووریان گەرمیانەو ناوچەی عێڵی (ئارسبارانە) و باکووریشیان هەربەهەمان شێوە کوێستانی هەر ئەو عێڵەیە. لەناویاندا تایەفەیەکی ناسراو بەناوی (قەرەچورلو) هەیە کەژمارەیان لەتایەفەکانی تری هەردوو ناوچەی گەرمیان و کوێستان زۆرترن.

بەربڵاوی ئاسەوار:
گرووپەکە تەنیا بڕیاری لەسەر بەشی (هۆراند) داوە کەبکرێتە سەرچاوە بۆ گەڕان و پشکنین، ناوچەکەش بە(لەقلان) ناسراوە کە دەکەوێتە شانزە کیلۆمەتری باکووری خۆرهەلاتی (هۆراند). ئەوەی لەم سێ ناوچەیەدا لەبەردەستدان و دیارن پاشماوەی هەڵکۆڵینە بەکەمی کەسەر ڕووی تەختە بەردەکانی داپۆشیوە و دەناسرێنەوە. بۆ گەیشتن بەو نەخشێکی ڕەسەن لەسەر هەمان بەردی نەخشێنراوی هاوشێوەی وێنەکانی تر لەم شوێنەدا هەیە کەنەخشی بزنێکی کێوی لەسەرە و بەشێوەیەکی تاک دەرهێنراوە، ئەمەش سەرچاوەیەکی تری بۆ دیمەنێکی نمایشکراو.
نازەکەند گوتانلو: شوێنی ناوبراو دەکەوێتە دوری کیلۆمەترێک لەباڵی باشوری گوندی (لەقلان) . لەم شوێنەدا تەپەیەک هەیە بەناوی (زیلداشی) کەلەڕووەکەیدا (3) پارچە بەرد دەبینرێن کەنەخشی ئاژەڵیان لەسەرە (نەخشی بزنی کێوی) ژمارەی نەخشەکانی ڕووی تەختە بەردەکانی ئەم شوێنە زۆر کەمن (یەکێک یان دووان، لەهەندێک جاریشدا (3) نەخشن).

نەخشەکانی ناوچەی هۆراند:
لەناوچەی ناوبراودا کەناسراوە بەمەعەدەن ژمارەیەکی فرە نەخشی هەڵکۆڵراو ڕووی بەردە دەرکەوتووەکانی گرتووە، گرنگترینی ئەو کۆمەڵە لەسنووری (10) وێنەن و بزنی کێوی لەسەریان لەڕووی تەختە بەردێکی بەڕێژە گەورە هەڵکۆڵراون کەشێوەی جوانکارییان پێوە دیارن. بۆ ئەندازەی ڕوبەرەکەی زانیاریم لەسەری نییە، بەڵام بەمەزندە لەسنووری 2*1.5م. بچوکترین نەخش، نۆ بزنی کێوی لەسەرە، درێژی تابلۆکە (20) تا 25سم، و ڕووی تەختە بەردەکەی گرتووە. داخراوی نەخشەکان نیشانەن بۆ کۆنییان، بەشی زۆری تێکڵی ڕووی بەردەکە ڕۆشتووە کەپێدەچێت وێنەکان لەوە زیاتر بووبن هەموو ئەو بزنە کێوییانەش شاخەکانیان کەوانەیی بڵندن و هەندێکی تریشیان شاخەکانیان گرتیاوین. ئەم ناوچەیە لەوانەیە گرنگترین و پڕ نەخشترینیان بێت کەلەو شوێنەدا ناسرابێت نەخشێکی تریش هەیە جیاوازتر لەوێنەکانی تر کەلەشێوەی بزنی کێوین بەجوانی دەرهێنراون. زۆرترین ژمارەی نەخشەکان لەم شوێنەدا کەلەسەر پارچە بەردەکان هەڵکۆڵراون لەڕووی لێژی تەپەکەدان (تەپەی قشلاقی کۆن) ژمارەی نەخشەکان ئەوانەی بۆ ژماردن دەشێن و ڕووی پارچە بەردەکانیان گرتووە (7) ژمارەن کەهەموویان لەو بابەتانەن. کەمترینیشیان چوار پارچە بەردن لەهەمان جۆر لەڕووی هەمان تەپەداو بەنەخشی بزنی کێوی هەڵکۆڵراون، بەڵام بەبەراورد، ژمارەی نەخشەکان لەوەی پێشوو کەمترن، ڕووی تەپەکەی تر، کەبەقشلاقی نوێ ناسراوە، ژمارەیەک پارچە بەردی نەخشکراوی تری لێیە کەپێویستە سەرنجیان لێبدەین ، گرووپەکە لەئەنجامی لێکۆڵینەوە توانی سنووری (10) پارچە بەردی نەخشکراو لەم شوێنەدا دیاری بکەن کەهەڵکۆڵراون و وێنەی بزنی کێویان لەسەرە، ژمارەی ئەو هەندە نەخشانەش بەسنووری (10) ژمارە دیاریدەکەن، جیاوازی لەنێوان هەڵکۆڵینی نەخشەکاندا بەرچاو ناکەون چونکە هاوشێوەن. لێرەدا (2) شوێنی تریش نەتوانرا تەواو دیاریبکرێن چونکە نیشانەو هێماکانیان تەواو نەدەکەوتنە بەرچاو.

نەخشی نوێی کەند گوتانلو:
نەخشی ئاژەڵی لەم شوێنەدا تەواو نەخشی بزنی کێوییە کەبەهەمان شێوە هەڵکۆڵراون و لەو ناوچەیەدا ناسراون. لەڕوی هەر پارچە بەردێک بەشێوەیەکی مامناوەندی (3) بزنی کێوی لەگەڵ شاخە بڵندەکانیان دەرهێنراون و لەشێوەی ئارامیدا بەرچاو دەکەون. لەهەندێک لەو وێنانەدا جگە لەنەخشی بزنی کێوی نەخشی تریش دەبینین کەهاوشێوەی وێنەی مرۆڤن، بەڵام ڕەنگیان کاڵن و کاریگەری داخوراوی خراپیان بەسەرەوەی تەنیا لەسەر نییەو پێشووە گیای لەسەر دیارە ، ئەندازەی ئەمانە کەم و زۆر یەکسان دەوستنەوە ،لەدوری چەند مەترێک لەم سنوورە داو لەڕووی تەختە بەردێکی تردا، وێنەی (3)بزنی کێوی بەشاخە بڵندەکانیانەوە دەبینین کە هەیانە.

نەخشی دەرەجیران (دەربەندی جیران):
هەموو ئەو نەخشانەی کەلەم بەشەدا هەن ئاژەڵین و بزنی کێوین. ئەوەی لەم دەربەندەدا لەسەر پارچە بەردی گرانیتی ڕەش نەخشکراون بەئەندازەی جیاواز نێوانیان لەگەڵ یەکتردا بەربڵاون . ئەوانە نەخشی لەو تێڕوانینەوە دیاریکەین). ڕووی یەکێک لەو بەردانە کەبەزۆری بزنی کێوی یە، 2ژمارە، یان 3ژمارە لەسەریان دەریان هێناون، یەکێکی تریش لەو بەردانە تەنیا نەخشی بزنێکی کێوی لەسەر دەرهێنراوە.
بەشێک لەو نەخشانە ڕەنگیان کاڵەو بەشەکەی تر یان تۆخن. بەڵام تۆخ، یان ڕەنگی کاڵ لەوانەیە بەزۆری پەیوەستبێت بەزەوقی خەڵکەکەوە، یان کۆنی و نوێیانەوە. هەموو بەردەکان کەنەخشکراون لەتوخمی گرانێتی ڕەشن و هونەر تێیاندا لەهەموو ئەو دیمەنانەدا بەمەزندە هاوشێوەی یەکتری دەرهێنراون. ئەم نەخشانە لەشێوەی هونەرییاندا جیاوازی ئەوتۆیان تێدا نییەو ئەو ئامێرانەش کەبەکارهێنراون لەهەڵکۆڵینی نەخشەکاندا لەوانەیە هەر لەبەرد بووبێت و هیچ نیشانەیەکیش بۆ ئامێری مەعدەنی بەرچاو ناکەوێت کەبەکارهێنرابێت. خەڵکی شوێنەکەش، بەتایبەتی ئاغای سەعادەتی (ڕێگا نیشاندەر) کەلەو شوێنەدا گەورە بووەو لەمندالییەوە ژیانی بەشوانی گوزەراندووە، دەڵێت: ئەم نەخشانە بەر لە (3)ساڵ بەرچاوی کەوتوون و هەبوون. ڕووی گردەکە دیارە بەبەڵگەی ئەوەی گیای لەسەر نەبوو واتە ڕووتەنی بوو پێدەچێت بۆ لەوەڕاندنی ئاژەڵ باش نەبوو بێت، دیارە ئەوەش بەهۆی ئەوە بووە کەلەوەوبەر ئاماژەمدا بەهۆی بوونی پاشماوەی گۆڕستانێکی کۆن کە لەڕووی تەپەکەدانیشاندراوە کەنیشانەیە بۆ ئەو دیاردەیە واتە ڕووتە نیەکەی. ڕووی تەپەی دووەم کەبەرامبەر بەتەپەی یەکەمە هاوشێوەی زیاترە) و کاری جوانکاری تێدا کراوە. ئەندامانی گروپەکە بەماندووبوونێکی زۆر توانییان بۆ دوو مەتری خوارەوەی کار لەسەر وێنەکانی بەوردی بکەن کەبوونیان لەو کۆمەڵەدا بەنرخن. ئەم پارچە تەختە بەردەکە بەسەر دەربەندێکی قوواڵدا دەڕوانێت لەسنگی کێوەکەدا دەرهێنراوە. درێژی باڵەکانی لەسنووری 1.5*2م، بەسەیرکردنی شوێنی تەختە بەردە دوور دەستەکە دەردەکەوێت کەبەچ شێوەیەک هەڵکۆڵراوە و ئەو نەخشانەش کە لەسەریەتی شوێنی سەرسوڕمانن ئەو شاخەی پاشماوەی لەڕووەکەیدا لەخۆگرتووە بەزمانی خەڵکی ناوچەکە بە(لە قوڵاغی) ناسراوە. کەمێک بالاتر لەو شوێنەش تەنوێرێک بەکەمەری 35و قووڵی 45سم لەدڵی بەردەکە دەرهێنراوە. ژمارەیەکی تەواو وردی ئەم نەخشانەش کەلەم تەختە بەردە دەرهێنراون ناتوانین تەواو دەستنیشانیان بکەین، بەڵام ئەوەی لەبەرچاوە زیاتر لە(دە) بزنی کێوی شاخی کەوانەیی لەخۆگرتووە کەڕووی نەخشەکەی داپۆشیوە. لەهەمان ئەو سنووردیاریکراوەشدا پارچەی تر لەبەردی گرانیتی ڕەش بەرچاو دەکەون، نەخشەکانی سەریان کەهەڵکۆڵراون دیارن و ئاژەڵی تەواون واتە بزنی کێوین کەلەناویاندا لەیەکێک زیاتر لەو نەخشی ئاژەڵانەیان لەسەرهەن کەلەشێوەیاندا هاوقەوارە بەرچاو دەکەون. لەناو ئەوانەشدا ژمارەیەک وێنەی ئەندازەیی هەن کەبەشێوەی چوارگۆشە لەو شوێنەدا دەرهێنراون.

دەرەی جیران (دەربەندی جیران):
ئەمە دووەمین ناوچەیە کەبەردی نەخشێنراوی سەرنجڕاکێشی لەشوێنێک لێیە بەناوی (دەرەی جیران). ئەم شوێنە سنووری (5) کیلۆمەترە لەگوندی (لەقلان) گرتووە و جادەی خاکو خۆڵی زۆر پێچاوپێچی سروشتیش تاوەکو نزیکی دەڕوات. دوو تەپە لێرەدا هەن کەبەتەپەی قشلاقی نوێ و قشلاقی کۆن ناسراون. لەڕووی تەپەکاندا پاشماوەی ژیانی عەشایەری کۆچەری هەن کە تا (30) ساڵ لەمەوبەر لەوەرزی زستاندا بەو شوێنانە گەیشتوون و بینراون. بەقسەی دانیشتوانی شوێنەکەش دەمێکە کە عەشایەری کۆچەری نەچوونەتە ناوچەکەو ڕووی تەپەکانیان بۆ دانیشتنیان نەگرتووە. هەتاکو ئێستاش پاشماوەی گۆڕی قۆناغی ئیسلامی لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لەسوالەتی ئیسلامی نەخشێنراوو بۆیە کراو ڕەنگی ئاسمانی کە، کەمەردەکەی سەوزە) بەڕووی تەپەکاندا بڵاوبوونەتەوە لەڕووی تەپەی قشلاقی کۆن پارچە بەردی بەڕێژە گەورە لەجۆری گرانیت بەدیمەنی ئاژەڵ نەخشکراون کەنەخشی بزنی کێوین و شاخی کەوانە ییان هەیەو دیارن و بەرچاو دەکەون. ژمارەیەک دیمەنی تر هەن کەڕووی بەردەکانیان بەجیاجیا داپۆشیۆن (هەڵبەتە بەدڵنیاوە ناتوانین بڵێین ژمارەی ئەو نەخشانەی کەهەن



وێنەی (٢)

ئەمڕۆ لە مێژوودا



سالی 1819:
بەریتانیا بڕیارێکی دەربارەی قەدەغەکردنی کارکردنی منداڵان دەرکرد .



سالی 1881:
شارل گول غیتۆ تەقەی لە جیمس جارفیلدی سەرۆکی ئەوکاتەی ئەمەریکا کرد .



سالی 1940:
ئەدۆلف هیتلەر فەرمانی بە سەرکردە سەربازیەکان دا کە پلانی داگیرکردنی دووڕگە بەریتانیەکان دابڕێژن.



سالی 1966:
فەرەنسا یەکەم تاقیکردنەوەی ئەتۆمی لە ئۆقیانووسی هێمن ئەنجام دا .



سالی 2004:
پاکستان بووە ئەندامی ژمارە 24ی کۆڕبەندی ئاسیان.



لە ئەشکەوتێکی تایلاند و 8 ڕۆژ دوای گیرخواردنیان ،پڕۆسەی ڕزگارکردنی 12 گەنج و ڕاهێنەرەکەیان دەستی پێکرد .

سەرۆکی داهاتوو ئافرەتە

فەرهاد مانگۆ

بە گوێرەی ڕێکخەرانی گشتپرسی و ڕۆژنامەڤانانی سیاسیی بێت، دینامیکییەکی نا هاندەر، بەسەر قۆناغەکانی یەکەم، لە هەڵبژاردنەکانی بەرایی سەرۆکایەتی دیموکراتیدا زاڵ بوو، ئەویش دوورخستنەوەی دەنگدەران بۆ ئافرەتانی پاڵێوراو بوو، گوایە بەکەڵکی هەڵبژاردن نایەن.

وەکو چۆن ئەمبێر فیلیپس، لە ڕۆژنامەی واشنتۆن پۆست شرۆڤەی کرد، دەنگدەرانی دیموکراتی دەڵێن، ئەگەر ئەوان خودی خۆیان، پشتیوانی لە ئەلیزابێس وارن، کەمالا هاریس و ئافرەتانی دیکە دەکەن، کە خۆیان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی پاڵاوتووە، کەچی لەوە دەترسن، کەسانی دیکە، دۆست، دراوسێ و ژمارەیەکی زۆری پیاوانی نێو ژیانیان، دەرفەتێکی ڕەوا بە ئافرەتێک نەدەن، ڕکابەریی سەرۆک ترەمپ بکات. لەڕووی سۆزەوە، ئەو جۆرە خۆپارێزییە لۆجیکییە، چونکە دۆڕانی هیلاری کلینتۆن، بڕینێکی ساڕێژ نەبووی جێهێشت. ئەمڕۆکەش دوای سێ ساڵ، یادەوەری وەکو ئاماژەیەکی هۆشداریە بۆ هاتنی مەترسیی، هۆشداریەک لەسەر ئەوەی، هەرچەندە هەندێک ئەمریکی ئەوەیان دەوێت، بەڵام ئەو وڵاتە هێشتا ئامادە نییە، ئافرەتێک بەسەرۆک هەڵبژێرێت. بەڵام ئەی دیموکراتەکان، لە پێناوی ئێوە و لە پێناوی وڵاتەکەمان، داواتان لێ دەکەم: ئەو جۆرە بیرۆکانە لە میشکتان فڕێ دەن، کە هیچ سوودێکی نییە! ئافرەتێکی شیاو فەرامۆش بکەیت، چونکە پێت وایە، ئەوانەی ڕقیان لە ئافرەت دەبێتەوە، کێشەیەکیان لەگەڵیدا هەیە، دەبێتە پێناسەی کۆمەڵگەیەکی نێرسالاری تەواو. پاشان لە بنەمای جۆرایەتی، بە شێوەیەکی مەنهەجکراوی، ڕابەرایەتی ئافرەتانی لە ئەمریکا لەبار برد، ئایا دەتوانن یەک هۆکاری ڕەوامان پێ بدەن، ئەوەمان بۆ ڕاڤە بکات، لەبەرچی دەبێت سەرۆکی داهاتوو، ئەوجارەش هەر پیاو بێت؟ کاتێکی زۆرم لە قسەکردن لەگەڵ خەڵکی، لە جیهانی سیاسەت و دەرەوەیدا، لەبارەی ئەو پرسیارە بەسەر برد، کەچی گوێم لەیەک وەڵامی گونجاویش نەبوو. بەم جۆرە، ئێستا لایەنگیریەکی پێچەوانەم بۆ دروست بووە: هەڵەیەکی گەورە دەبێت، ئەگەر دیموکراتەکان پیاوێک بپاڵێون، بۆ ئەوەی ببێتە نوێنەریان لەدژی ترەمپدا، بۆ ئەمریکاش کارەسات دەبێت، ئەگەر بۆ سەرۆکایەتی 2020 دا، پیاوێک هەڵبژێرێت، ئینجا چ ترەمپ، یان بایدن، یان بیتۆ، یان بۆتیجیج، یان بێرنی بێت. ئێستا کەشوهەوای سیاسی بۆ ئافرەتانی پاڵێوراو، لەچاو ساڵانی ڕابردوو لەبارتر بووە. لە سایەی ئەوەی لە هەڵمەتی (# هەروەها منیش) ئاشکرا بووە، ئێستا ژمارەیەکی زۆری ئەمریکییەکان، لە بلاوبوونەوەی ڕق لێبوونەوە لە ئافرەتان لەنێو کۆمەڵگە گەیشتوون.






مامەڵە لەگەڵ ئافرەتاندا دەکات، سەبارەت بە دەنگدەران لە ساڵی 2018 دا، گرنگترین بابەت بوو، لە پێش سیاسەتەکانی چەک، باج، نا یەکسانی لە سامانەکان، دەستوەردانی ڕووسیا لە ژیانی سیاسی ئەمریکادا هات. ئەو بزاوە تازەیەی ئافرەتانیش، پێویستە لایەنگیری خۆڕکسی هەڵگێڕێتەوە، چونکە ئەو ئافرەتانەی ئەمساڵ خۆیان پاڵاوتووە، شایستەی ئەوەن بچنە نێو کۆشکی سپیەوە. لەبەرئەوەی لە پێشبڕکێیەکانی هەڵبژاردن، لەسەر ئاستی ویلایەتەکان براوە بوون، لە هەڵبژاردنەکانی درێندانەی بەرایی قوتار بوون، داکۆکیشیان لە سیاسەتی گشتی و پێشەنگدا کرد. ڕاستییەکەی من ناتوانم وێنای ئەوە بکەم، ژمارەیەکی زۆری پاڵێوراوانی پیاو، پاساوی ئەوە دەهێننەوە، بەوەی داکۆکی لە وزەی ئافرەتان دەکەن، کە چەپی ئەمڕۆ گۆش دەکات، زۆر بە سەرکەوتوویتر لەو ئافرەتە بەهرەمەندانەی نێستا .

و: ڕەمزی میرەکانی
سەرچاوە:
www.alittihad.ae

کاریکاتێر



www.xebat.net
ڕۆژنامەی خەبات
سێ شەممە 2019/7/2 ژمارە (5780)

ڕووسیا و چین
دژی ئەمەریکا
چی دەکەن؟





غازی حەسەن

ململانێی نێودەوڵەتی لەتوندبوونە، ڕووسیا و چین ئەمەریکا بەوە تۆمەتبار دەکەن، کە جیهان بەرەو ململانێیەکی تووندی نوێ لێ دەخورێت، ئەمەریکاش نیگەرانی و ترسی خۆی لەسیاسەتی ئابووری و بارزگانی و سیاسی ڕووسیا و چین لەجیهان نەشاردۆتەوە. کێشەکانی نێوان ئەم وڵاتە گەورانە بەرەو ئاڵۆزی پتر دەچێت، شەڕی سارد ماوەیەکە بەشێوازی نوێ دەستی پێکردۆتەوە، ئەمەش جیهان بەرەو مەترسی پەرەسەندنی ناکۆکییەکان دەبات.

یەکەم شت کە ئاماژەی پێ دەکرێت لە ڕۆژنامەی "مۆسکۆفسکی کۆمسۆمۆلیتسچ" دەربارەی ئەم ئاڵۆزیانەی لەم دواییە دەرکەوتوون دەنووسێت: " هێرشی ئەمەریکا لەدوو بەرەی بازرگانی و دارایی دژی چین و ڕەهەندەکانی بازاڕی تەکنەلۆجی، کێشەی سەربازی لە تایوان و دەریای چینی باشوور ئاماژەن بۆ پتر نزیکبوونەوە لەجەنگی سارد". ئەم نووسەرە پێی وایە ئەمەی ئێستا بەرانبەر چین دەقەومێت، هەمان ئەو سیاسەتەیە، کە ئەمەریکا دژی ڕووسیا ئەنجامی دا، سزای دارایی و بازرگانی، بەربەست دروستکردن لەبەردەم بەرهەمهێنانی تەکنەلۆجی و ئابلوقەی سەربازی لەدژی چین هەمان شتە. ڕووسەکان لەم دۆخ و گوشارانە ڕاهاتوون، بەڵام دوور نییە بۆ چین ئاسایی نەبێت.

ڕووسیا بەو ئاراستەیە کار دەکات، لەهەر شوێنێک گوشاری ئەمەریکا هەبێت، بەپەلە خۆی دەگەینێتێ و پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتە گوشار بۆ هێناوەکان پەرە پێ دەدات. لە قەزنوێلا و لیبیا و سودان و سوریا و ئێران.. تاد. ڕووسیا لەسەرەتای ڕووخانی ڕژێمی بەعس ویستی هەمان شت لە عێراقیشدا ئەنجام بدات و هاوکاری دەسەڵاتی داڕماوی بەعسی کرد، بەڵام دەرکەوت ئەم سیاسەتە بێ ئاکامە.

ئەوەی لەهەموو خاڵێک گرینگتر، کاتی خۆی ئەمەریکا ڕووسیای بەرەو ئاراستەیەک برد، کە توانای دارایی و ئابووری خۆی بەشێوەیەکی گشتی بۆ پەرەپێدانی تواستی سەربازی تەرخان بکات. ئەمڕۆش بەهەمان ئاراستە جارێکی دیکە چین و ئینجا ڕووسیاش بەوە مژول کردووە، بیر لەپەرەپێدانی توانای سەربازی خۆیان بکەنەوە، ئەم هەنگاوە لەسەر حیسابی ژیانی ئاسایی هاوواڵاتیان تەواو دەبێت، واتە چین و ڕووسیا لەجیاتی خزمەتکردنی هاوواڵاتی، تواناکانیان بۆ پەرەپێدانی بواری سەربازی بەکاردەهێنن، ئەمەش وڵاتەکە لەنێوەخۆدا بەرەو داڕمانی کۆمەڵایەتی و دەروونی و ئابووری دەبات.

هیچ گومانی تێدا نییە ئەم هێشتا لەڕووی هێزەوە لەپێشەنگ دایە. ڕووسیا و چین خاوەنی هێزێکی مرۆیی گەورەن، چەکی ئەتۆمیان هەیە و دووریش نییە ئەم ململانێ نوێیە ببێتە هۆکار بۆ جارێکی دیکەی دەرکەوتنەوەی ڕووسیا وەکو جەمسەرێک لەڕێگەی هاوپەیمانی لەگەڵ چین و ئێران و بەشێک لەوڵاتە سۆسیالیستەکانی ئەمەریکای لاتینی و هەندێک وڵاتی دیکتاتۆری لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. ئەمەش دۆخی نێودەوڵەتی بەرەو ئاڵۆزی و گرژی پتر دەبات. ئەمەریکاش لەپێناو بەدینەهاتنی ئەم بیرۆکەیە، گوشارە دارایی و بازرگانی و سەربازییەکانی لەسەر ئەم دوو وڵاتە زیادکردووە. بۆ ئەوەی توانا دارایەکانیان بواری لەپێناو پەرەپێدانی سەربازی بەکاربهێنن و وڵاتەکانیان لەنێوەخۆدا بەرەو داتەپینی ئابووری و بێزاربوونی هاووڵاتی بچێت.

بەهێزی ستراتیجی بەرەنگاربوونەوەی نییە، قەیرانی دارایی و ئابووری لەنێوەخۆی هەیە، چین دەیەوێت لەڕێگای بازرگانی بگاتە هەمو بازارێک لەجیهاندا، تەنیا بەشێکی گەورەی ئەو بازرگانییەی لەنێو ئەمەریکایە. سزاکانی ترەمپ پتر لە **300** ملیار دۆلار زیان لە چین دەدات. ئەمەریکا لەڕێگەی سزا ئابووریەکانەوە دەیەوێت ڕکابەرەکانی بشکێنێت، ڕکابەرەکانیشی دەیانەوێت لەڕێگای هاوپەیمانی سیاسی و پەرەپێدانی توانای سەربازی، کە پێویستیان بە دارایی ڕووبەڕووی ئەمەریکا ببنەوە. لەهەردوو دۆخدا فراوانبوونی کاریگەرییەکانی سزای ئابووری ئەمەریکا و تەرخان کردنی توانای دارایی ڕووسی و چینی بۆ هاوپەیمانی نوێ و پەرەپێدانی سەربازی لەقازانجی ئەمەریکا تەواو دەبێت، لەتەک ئەوەشدا هیچ مەرج نییە ئەمەریکا بتوانێت لەیەک کاتدا ڕکابەرایەتی زلهێزەکانی جیهان بکات.

ئەم دۆخە نێودەوڵەتییەی ئێستا دروست بووە، جیهان بەرەو قۆناغێکی نوێ لەململانێ دەبات، دابەشبوون و هاوپەیمانی تازەشی لێ دەردەکەوێت. شەڕی سارد بەواتای پەرەسەندنی ناکۆکییەکان و ڕکابەری نێودەوڵەتی لەئارایە.. دوای هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤیەت، ئەمەریکا ترسی لە چین و هێزی ئابووری و کێشەکانی تایوان و باڵادەستی لەدەریای ئارام و هەندێک ناوچەی ئاسیادا هەیە، نایشارێتەوە ڕووسیا دەیەوێت توانا و پێگەی سیاسی و سەربازی خۆی لەزۆر شوێندا بەهێز بکاتەوە. هەموو ئاماژەکان ئەوە نیشان دەدەن، ململانێکان لەتوند بوون دایە، ڕکابەری نێودەوڵەتی بەرەو قەیران دەچێت، هەموو کێشەیەکیش بەر لەوەی سیاسی بێت، ئابووری و بازرگانی بووە.



وێنە و کۆمێنت

دیاریەکەی شاندی بەرازیل بۆ لوتکەی گرووپی 20

میدیاکانی جیهان ڕایانگەیاند کە دەسەڵاتدارانی ئسپانیا لە شاری ئەشبیلیە لەکاتی پشکنینی شاندی بەرازیلی بۆ لوتکەی گرووپی **20** لە ئۆساکای ژاپۆن ، ئەفسەرێکی سەر بە هێزەکانی ئاسمانی بەرازیلیان دەستگیر کردووە کە ویستوویەتی **39** کیلۆ مادەی کۆکایین لەگەڵ خۆی بگوازێتەوە بۆ ژاپۆن. لەو بارەشەوە وەزارەتی بەرگریی بەرازیل لە بەیاننامەیەکدا جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە ئەفسەرە دەستگیرکراوەکە لەناو هەمان فرۆکەدا نەبووە کە سەرۆکی وڵات گەشتی پێ کردووە و ئێستا ئەفسەرەکە لەلایەن حکومەتی ئسپانیاوە دەستبەسەر کراوە و لەو بارەشەوە دەست بە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە کراوە.

مانشێت



فرانس پرێس:
لە گەڕەکی پولی مەحمود خانی کابولی پایتەختی ئەفغانستان تەقینەوەیەکی بەهێز ڕوویدا و بە گوێرەی زانیاریە سەرەتاییەکان دەیان قوربانی لێ کەوتۆتەوە .



سکای نیوز:
سەرۆکی گرووپی ڕۆستیخی ڕووسی ڕایگەیاند کە وڵاتەکەی دەستی کردووە بە بەرهەمهێنانی موشەکی جۆری ئێس **500**.



ڕۆژنامەی ئەلحەیات:
ئەندامانی نەتەوە یەکگرتوەکان لەسەر کەمکردنەوەی بودجەی **12** هێزی ئاشتیپارێزی جیهان ڕێککەوتن.



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
لە فرۆکەخانەیەکی شاری دالاسی ویلایەتی تێکساسی ئەمەریکا فرۆکەیەکی بچووک کەوتە خوارەوە و **10** کەس گیانیان لەدەست دا.



ئەی ئێف پی:
ئەنقەرە هێزەکانی حەفتەری بە دەستگیرکردنی **6** هاووڵاتی تورکی تۆمەتبار کرد لە لیبیا.



کەنالی ئار تی:
بەریتانیا هێزێکی دەریایی گەورەی ڕەوانەی دەریای بەڵتیق کرد.

لە باخی هەنار

هۆکاری قڵیشانی بەرهەم بۆچی دەگەڕێتەوە؟



دیاردەی قڵیشانی بەری هەنار زیانی ئابووری گەورە بە خاوەن باخەکان دەگەینێت بۆیە پێویستە چارەسەر بکرێت. سەرەتا بابزانین هۆکاری قڵیشانی بەرهەمی داری هەنار بۆ چی دەگەڕێتەوە:

یەکەم: ناڕێکی ئاودان، لەگەڵ ئەوەی کە دار هەنار داڕێکە بەرگەی وشکی دەگرێت بە بەراورد بە داری بەری گەلا وەریوی دیکە، بەڵام ناڕێکی ئاودان کاریگەری لەسەر داری هەنار دروستەکات. ژمارەی چەند جاران ئاودان بەپێی جۆری خاک و کەشوهەوا دەگۆڕێت، بەهۆی ئەوەی ورزی گەشەی بەری هەنار درێژە بۆیە پێویستە بە شێوەیەکی ڕێکوپێک ئاودانی بۆ بکرێت، ئەگەر ڕێژەی شێ لە خاکدا لە قۆناخی گەشەی بەرهەم بەرز بێت ئەوە بەرەکە دووچاری قڵیشان دەبێت بەهۆی گەشەی خێرای دەنکە هەنارەکان.

دووەم: تێکچوونی هاوسەنگی شێ لە نێو بەرەکەدا بەهۆی بەرزبوو نەوەی ڕێژەی شێی خاک یان بەهۆی بەرزی ڕێژەی شێی هەواوە، هەروەها بەهۆی بەهەڵمبوونی خێرای ئاوی تۆپکڵەکەیەوە کە بەهۆی تەوژمی بای گەرم و وشک ڕووەدات.

سێیەم: تێکڕای گەشەی دەنکە هەنارەکە زۆر دەبێت بە بەراورد بە گەشەی تۆپکڵەکەی ئەوەش دەبێتە هۆی دروستبوونی پاڵەپەستۆ لەسەر تۆپکڵ کە هۆکارە بۆ قڵیشاندن (splitting) .ئەو تەرزە هەنارانەی تۆپکڵیان نەرمە زیاتر کاریگەری ئەو دیاردەیەیان لەسەر دەردەکەوێت.

چوارەم: لە هەمانکاتدا قڵیشان ڕووەدات بەهۆی کەمی ئاو و هەندێک توخمی کانزایی وەک کالیسیۆم و بۆرۆن لە دیواری خانەکاندا کە لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی دارمانی شانە سەرەکییەکانی تۆپکڵ و قڵیشان ڕووەدات.

پێنجەم: ئەو دارەی لە دوای نیوەڕۆدا دەکەوێتە بەر تیشکی خۆر ئەگەری قڵیشانی تۆپکڵی بەرهەمەکە زیاترە.

شەشەم: ئەو دارەی لە شوێنێک چاندراوە کە هەواگۆڕکێی تێدا نییە زیاتر ئەگەری ئەو دیاردەیەی لەسەر دەردەکەوێت.

حەوتەم: ئەو دارەی لقەکانی چڕە و هەڵپاچین و تەنککردنی لقەکانی بۆ نەکراوە لە وەرزی زستاندا زیاتر بەرهەمەکەی دەقڵیشێت.

هەشتەم: ئەو دارەی لە وەرزی هاویندا زۆر ئاودەدرێت یان لەم وەرزەدا هەر ئاو نادرێت ئەگەری قڵیشانی زیاترە.

ڕێگاکانی چارەسەرکردنی دیاردەی قڵیشان

یەکەم: ڕێکوپێکی ئاودان.

دووەم: ڕشاندنی دار هەنارەکان بە ترشی جبریلین بە خەستی 125و 250ملم بۆ یەک لیتر دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی ئەگەری تووشبوون بەم دیاردەیە هۆکارەکەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە جبریلین توانای کۆنترۆڵکردنی کرداری هاوسەنگی ئاوی نێو ڕووەکی هەیە، چونکە سەرچاوەیەکە بۆ هەڵمژینی ئاو و خۆراک و دواکەوتنی سیستبوونی گەلا و باشکردنی کرداری ڕۆشنەپێکهاتن کە ڕۆڵی هەیە لە دروستبوونی خانەکانی دیوار لە هەمانکاتدا جیبریلین ڕۆڵی هەیە لە توانای بەهێزی دیواری میوەکە.

سێیەم: ڕشاندنی دارەکان بە نتەراتی پۆتاس 3KMO بە خەستی 1% دەبێتە هۆی دابەزینی ئەگەری توشبوون بە قڵیشان و زیاد بوونی بەرهەم. ئەوەش بەهۆی ڕۆڵی پۆتاس لە دەروستبوونی خانەکانی دیوار دەگەڕێتەوە و لە ئەنجامدا تۆپکڵێکی پتەو و کە بە شێوەیەکی باش بە کیوتیکل دەور درابێت دەستدەکەوێت.

چوارەم: دەتوانین کۆنترۆڵی قڵیشانی تۆپکڵی هەنار بکەین لە ڕێگای هاوسەنگی ئاودان لە قۆناخی پێگەیشتن بەرهەم، لە هەمانکاتدا ڕشاندنی دارەکان بە ماددەی ڕێگر لە کرداری بەهەڵمبوون بۆ پاراستنی شێی نێو بەرەکە.

دیاردەیەی لەسەر دەردەکەوێت.

حەوتەم: ئەو دارەی لقەکانی چڕە و هەڵپاچین و تەنککردنی لقەکانی بۆ نەکراوە لە وەرزی زستاندا زیاتر بەرهەمەکەی دەقڵیشێت.

هەشتەم: ئەو دارەی لە وەرزی هاویندا زۆر ئاودەدرێت یان لەم وەرزەدا هەر ئاو نادرێت ئەگەری قڵیشانی زیاترە.

ڕێگاکانی چارەسەرکردنی دیاردەی قڵیشان

یەکەم: ڕێکوپێکی ئاودان.

دووەم: ڕشاندنی دار هەنارەکان بە ترشی جبریلین بە خەستی 125و 250ملم بۆ یەک لیتر دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی ئەگەری تووشبوون بەم دیاردەیە هۆکارەکەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە جبریلین توانای کۆنترۆڵکردنی کرداری هاوسەنگی ئاوی نێو ڕووەکی هەیە، چونکە سەرچاوەیەکە بۆ هەڵمژینی ئاو و خۆراک و دواکەوتنی سیستبوونی گەلا و باشکردنی کرداری ڕۆشنەپێکهاتن کە ڕۆڵی هەیە لە دروستبوونی خانەکانی دیوار لە هەمانکاتدا جیبریلین ڕۆڵی هەیە لە توانای بەهێزی دیواری میوەکە.

سێیەم: ڕشاندنی دارەکان بە نتەراتی پۆتاس 3KMO بە خەستی 1% دەبێتە هۆی دابەزینی ئەگەری توشبوون بە قڵیشان و زیاد بوونی بەرهەم. ئەوەش بەهۆی ڕۆڵی پۆتاس لە دەروستبوونی خانەکانی دیوار دەگەڕێتەوە و لە ئەنجامدا تۆپکڵێکی پتەو و کە بە شێوەیەکی باش بە کیوتیکل دەور درابێت دەستدەکەوێت.

چوارەم: دەتوانین کۆنترۆڵی قڵیشانی تۆپکڵی هەنار بکەین لە ڕێگای هاوسەنگی ئاودان لە قۆناخی پێگەیشتن بەرهەم، لە هەمانکاتدا ڕشاندنی دارەکان بە ماددەی ڕێگر لە کرداری بەهەڵمبوون بۆ پاراستنی شێی نێو بەرەکە.

سوودی تەندروستیی قەیسی



سوودی قەیسی بۆ ئەو ڕێژە بەرزەی پۆتاسیۆم دەگەڕێتەوە کە لە پێکهاتەکەیدا هەیە، کە تۆخمێکە ڕۆڵی گرنگی لە باشکردنی تەندروستیی دڵ و خوێنبەرەکاندا هەیە.

بە گوێرەی مالپەڕی (Bujinfo) پزیشکانی دڵ و خوێنبەرەکان ئامۆژگاری ئەوانە دەکەن کە کێشەی دڵیان هەیە قەیسی دابنێن لە سیستەمی خۆراکی ڕۆژانەیاندا چونکە ڕێژەیەکی زۆر بەرزی لە کالیسیۆم تێدایە کە تەندروستیی خوێنبەرەکان و جەستەی مرۆڤ لە زۆر نەخۆشیی دەپارێزێت. پزیشکەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە قەیسی بەهۆی ئەو خوێیە کالیسیۆمەی تێدایە ڕۆڵی چارەسەرکردن دەبینێت لە کاتی هەبوونی دڵەکوتەدا، هەروەها گاریگەری لەسەر میزکردن دەبێت، ئەوەش بەسوودە بۆ ئەوانەی پەستانی خوێنیان بەرزە و بەهۆی کێشە لە کارکردنی گورچیلەکانیان تووشیی هەڵاوسان و ئەستوربوون هاتووە.

بە قسەی شارەزایانی بواری تەندروستیی تۆخمی پۆتاس باری خوێنبەرەکان باشتر دەکات و کرداری دردانی ژەهرەکان لە جەستەدا چالاکدەکات بە خۆدەربازکردن لە کولیسترۆڵی زیان بەخشەوە. لە هەمانکاتدا پێویستە بزانین قەیسی وشککراوە ڕێژەیەکی بەرزتری لە پۆتاس تێدایە کە دەگاتە 6-5ئەوەندەی لە نێو قەیسیی تەڕدا هەیە. خواردنی قەیسیی وشکراوە باری تەندروستی باشتر دەکات کە بەهۆی کێشەکانی سووڕی خوێن و بێهێزی ماسولکەکان و ناڕێکی لێدانی دڵ ڕووەدات. تایبەتمەندییەکی دیکەی قەیسی ئەوەیە کە ڕێژەیەکی بەرزی (پیتاکارۆتین)ی تێدایە کە لێکۆڵینەوەکان سەلماندوویانە پیتاکارۆتین توانی هەیە نەخۆشییەکانی دڵ و شێرپەنجە ڕابگرێت و نەهێڵێت پەرەبسێنن، بە هەمانشێوە خواردنی قەیسی بەسوودە بۆ دڵەڕاوکێ (دیستۆنیا) چونکە ئاوێتەکانی فلافۆنۆید و ڤیتامین C تێدایە.

تا چەند هەبوونی جۆ لە پێکهاتەی خۆراکدا کاریگەری لەسەر کولیسترۆڵ دەبێت؟



لێکۆڵینەوە پزیشکییەکان سەلماندویانە بەکارهێنانی جۆ وەک خواردنەوە یان بەکارهێنانی لە ئامادەکردنی خۆراکدا کاریگەری زۆری دەبێت لە کەمکردنەوەی ئاستی کولیسترۆڵی زیانبەخش لە جەستەدا کە پەیوەندی بە مەترسییەکانی توشبوون بە نەخۆشییەکانی دڵەوە هەیە، لێرەدا دەردەکەوێت کە جۆ هەمان کارگەری سێپەڕەی هەیە بۆ دابەزاندنی کولیسترۆڵی زیان بەخش. ئەنجامی لێکۆڵینەوەکاندا دەردەکەوێت کە خواردنی جۆ دەبێتە هۆی دابەزاندنی 75 لە سەدای ئاستی ئەو پرۆتینەی کە چەوری چڕی کەمە و ئەو پرۆتینی ناچەوری چڕی بەرزە.

ئەو ئەنجامانش زۆر گرنگن بۆ ئەو کەسانەی تووشی نەخۆشییەکانی دڵ و خوێنبەرەکان و نەخۆشیی شەکرە لە جۆری دووەم هاتوون.

شایانی ئاماژەیە بەرزی ئاستی کۆلیسترۆڵ لە خوێندا و نەخۆشیی شەکرە بە مەترسیدارترین هۆکارە بۆ تووشبوون بە نەخۆشییەکانی دڵ و جەڵتەی میشک.

ڕێنمایی بۆ کڕینی گوێرەکەی نوێ

لەکاتی کڕینی گوێرەکە (کۆلک) بۆ کێڵگەی پەروەردەکردن پێویستە ئەو خاڵانە ڕەچاو بکرێت:

یەکەم: بە هێمنی گوێرەکە لە بارهەڵگرەکە دابەزێنە و بە وریایی مامەڵەی لەگەڵدا بکە.

دووەم: ڕاستەوخۆ دوای گەیشتن بە کێڵگە ئالیکێکی گونجاوی بدەرێ بۆ ئەوەی بە خێرایی لەگەڵ کەشوهەوا نوێکە بگونجێت. پێویستە ئالیکی خەستی پڕ وزەی پێ بدرێت کە ڤیتامین و خوێی کانزایی تێدایە بۆئەوەی قەرەبووی ئەو توخمە خۆراکییانە بکرێتەوە کە لە کاتی گواستنەوەدا ئاژەڵەکە ونی کردوون.

سێیەم: سەرچاوەیەکی باشی ئاوی خاوێنی بۆ دابین دەکرێت پاش گەیشتن بە کێڵگەدا.

چوارەم: لەو کاتەی کە کەشوهەوا گەرمە پێویستە بە شەو یان بەیانیان زوو گوێرەکەکان بگوازرێنەوە.

پێنجەم: پێویستە لە یاد نەکرێت کە گوێرەکەکان بە خاوێنکەرەوەی گونجاو بڕشێنرێن بۆ دەرباز بوون لە مشەخۆرە دەرەکییەکان وەک ئەسپێ و قڕنە و ئیدیکە.

شەشەم: دەرمانی تایبەت بە لەناوبردنی کرمی گەدە وجگەریان پێ بدرێت.

حەوتەم: کوتانە تایبەتە پێویستەکان بۆ بەرگری وەرگرتن دژی نەخۆشییەکان بەکار بهێنە.

هەولێر لەنێو شاری بەسرە لەگەڵ مینا بەبێ گۆڵ یەکسانبوو

ئا: سەرهەنگ نەجمەدین
فۆتۆ: ئەرشیفی هەولێری

لەگەڕی 33 مینی خولی نایابی عێراق ئەم یەکشەمەیە بەروای 2019/6/30 لەیاریگای بەسرە، هەردوو یانەی مینا و هەولێر و لەیاریبیەکی مامناوەندیدا ڕووبەرووی یەکتربوونەوە، یاریبیەکە بەیەکسانبوونی هەردوولا بەبێ گۆڵ کۆتایی هات و هەریەکە بەخاڵێکی یاریبیەکە رازی بوون.

یانەی هەولێر بەسەرپەرشتی ڕاهێنەر ئەکرەم سەلمان بۆ بردنەوەو 3خاڵی یاریبیەکە گەشتیان بەرەو بەسرە کرد، بەڵام لەیاریبیەکەدا هەردوو یانە براوە نەبوون و هەردوولا ناچار بوون بەخاڵێکی یاریبیەکە رازی بن، بەم ئەنجامە یانەی هەولێر لەکۆی 34یاری 41 خاڵی کۆکردۆتەوەو لەپلەی یازدەهەمینی ڕێزبەندی خولەکەدا دەبیندرێت، لەبەرامبەردا یانەی مینا بەم ئەنجامە دوای کۆکردنەوەی 36 خاڵ لەپلەی شازدەمینی ڕێزبەندی خولەکەدا جێگیر بووە، هەر یەک لەیانەکانی شورتە و قوەی جەوییە و زەورا لەپلەکانی یەکەم و دووەم و سێیەمی ڕێزبەندی خولەکەدان، چەند یاریبیەک ماوە بۆ کۆتایی هاتنی خولەکە، بەڵام یانەی شورتە بەکۆکردنەوەی 82 خاڵ نزیک بۆتەوە لەبردنەوەی نازناوی خولەکە.

وابڕیارە یانەی هەولێر لەهەفتەی داهاتوو پێشوازی لەیانەی کەرخ بکات ، یاریبیەکە ڕۆژی شەمە بەروای 7/6 لەنێو یاریگای فرەنسۆ هەریری ئەنجام دەدرێت، یانەی کەرخ یەکێکە لەیانە هەر باشەکانی خولی عێراق، یانەی ناوبراو لەم کاتەدا لەپلەی چوارەمی ڕێزبەندی خولی عێراق دەبیندرێت، یاریبیەکە بۆ هەولێر کەمێک زەحمەت دەبێت و بەڵام پشت بەستن بەیاریگا وهاندەران واپێشبینی دەکرێت ئەنجامی یاریبیەکە لەبەرژەوەندی یانەی هەولێر کۆتایی بێت.





پاڵەوانێتی یانە پلە نایابەکانی شەترەنجی کوردستان کۆتایی هات

لە ژێر چاودێری لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان و بە هەماهەنگی یەکێتیی شەترەنجی سلێمانی ڕۆژی شەمە **2019/6/29** بە ئامادەبوونی بەڕێزان د. هەڤاڵ ابوبکر پارێزگاری سلێمانی و د. دیار جێگری سەرۆکی لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان و کاک هەردە سەرۆکی نوێنەرایەتی لیژنەی ئۆلۆمپی سلێمانی و زافر عەبدزولئەمیر سەرۆکی یەکێتی شەترەنجی عیراق، ئازاد سابیر سەرۆکی یەکیتی شەترەنجی کوردستان، کۆتایی بە پاڵەوانیەتی یانە پلە نایابەکانی کوردستان هات کە **14** یانە بەشداریان تێدا کرد، ئەو پاڵەوانیتیە کە یەکێتی ناوەندی شەترەنجی کوردستان سەرپەشتی دەکرد ، بە سیستەمی سویسری بەڕێوەدەچوو لە **7** جولە پێکهاتبوو لە ماوەی چوار ڕۆژ لە هۆڵی سیتی سینەما ئەنجامدرا... لە کۆتایی پاڵەوانیەتییەکە خەڵات بەسەر هەرسێ یانەی براوە دابەشکرا، کە بریتیبوون لە:

یانەی پێشمەرگەی سلێمانی پلەی یەکەم
یانەی شەترەنجی خانزاد پلەی دووم
یانەی پیرەمەگرون پلەی سێیەم

لەڕێز ڕۆشنایی ئەنجامەکانی ئەو پاڵەوانیتییە **10**یانەی وەرزشی ڕیزبەند کران وەک یانەی پلە نایابی کوردستان لە یاری شەترەنج

میگان: یاریبیەکەی ئەمشەومان زۆر بەهێز و زەحمەتە

میگان ڕاپینۆی خانمە ئەستێرەی هەڵبژاردەی ئەمەریکا سەبارەت بە یاریبیەکەی ئەمشەویان بەرامبەر ئینگلتەرا کە لەمیانی یاریبیەکانی نیوەی کۆتایی مۆندیالی ئافرەتانی **2019**ی فەرەنسا بەیەک دەگەن، دانی بەوەدانا کە هەڵبژاردەی ئینگلتەرا زۆر بەهێزە و یاریبیەکەیان زۆر زەحمەت دەبێت.

میگانی تەمەن **33**ساڵ گوتی: هەڵبژاردەی ئینگلتەرا تا ئێستا هیچ یاریبیەکی نەدۆڕاندووە و بەشایستەیی گەیشتۆتە ئەم قۆناغە، ئەوان بە حالەتیکی زۆر باش تیدەپەڕن و هیچ کێشەیەکیان نییە ، یاریزانەکان هەموویان خاوەن شارەزاییەکی باشی ئەو جۆرە یاریبیانەن، بەتایبەتیش ئەلین وایتی گۆلکار کە ئێستا لە ڕیزی پێشەوەی گۆلکاران دیت و مەترسی زۆر دەبێت بۆ سەر هێلی بەرگریان.

هەروەها گوتی: ڕاهێنەرەکەشیان زۆر بە ئەزموونە و دەتوانێت چ پلانێک بۆ یاریبیەکانی دابڕێژێت چونکە خاوەنی ئەستێرەی بەتوانایە و هەر هەموشیان وەک هێرشبەر یاری دەکەن.

کلۆپ: کۆتینهۆ بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مان سیتی دەهێنمەوە

سایتی **Le 10Sport** ئاشکرای کرد کە یانەی لیڤەرپوولی ئینگلیزی هەوڵی ئەوە دەدات جارێکی دیکە لە گواستنەوەی ئەم هاوینەدا فیلیپ کۆتینهۆ لە یانەی بەرشلۆنەوە بباتە ریزەکانیەوە.

سایتەکە ئەوەشی ڕاگەیاند

ووە کە بەرشلۆنە ڕێگری ناکات لە ڕۆیشتنی کۆتینهۆ، لەولاشەوە یۆرگن کلۆپی ڕاهێنەری لیڤەرپوول ئەو یاریزانەی دیاری کردووە کە دەتوانێت چۆن لەبەرامبەر مان سیتیدا یاری بکات، بۆیە ئێستا یانەکەی ئاگادار کردۆتەوە کە کار لەسەر ئەوە بکەن ئەو یاریزانە بگەڕێننەوە یانەکەیان.



گواردیۆلا: سەڵماندم ئەوانەی دەیانگۆت سەرکەوتوو نابم لە خولی ئینگلیزی بەهەڵەداچووبوون

پیپ گواردیۆلا ئاشکرای کرد کە بەهیچ شێوەیەک خولی ئینگلیزی جیناهێڵێت و جارێکی دیکە بگەڕێتەوە بەرشلۆنە یان بایرن میونیخ، چونکە بارودۆخی ڕاهێنەرایەتی لە یانەی مانچستەر سیتی زۆر لەبار و گونجاوە.

گواردیۆلا دەڵێت: ئەوەی زۆر سەرسامم دەکات ئەوەی کە توانیم ئەوە جێگیر بکەم کە دەیانگوت ئیمە ناتوانین بەهەمان شێوەی ئەڵمانیا و ئیسپانیا یاری لە ئیسپانیادا بکەین، سەلماندمان کە ئەوان هەلە بوون لەو بۆچوونەیان، ئێستاش هەمان ئەو بیرۆکەیەم هەیە کە کاتی خۆی ڕاهێنەری تیپی لاوانی بەرشلۆنە بووم لە پلە سێ.

گواردیۆلای ڕاهێنەری مان سیتی لە کۆتاییدا گوتی: لێرە لەمان سیتی هەموو شتێکم هەیە ، بەڕاستی، ئەوەی دەمەوێت لێرە هەیە ، کارکردن لە ئیسپانیا زۆر زەحمەتە ئەویش لەبەر زۆری کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی کارەکانی زیاتر زەحمەت کردووە ، بۆیە ئەگەر مان سیتی دەرم نەکات من لێرە ناڕۆم.

سواریێز: سەرم بەرز دەکەمەوە و بەردەوام دەبم

لویس سواریێز، هێرشبەری هەڵبژادەی ئۆرۆگوای، هەرچەندە بووە هۆکاری دەرچوونی هەڵبژاردەکەی لە پاڵەوانێتی کۆپا ئەمریکا، دوای لەدەستدانی لێدانێکی یەکلاییکەرەوە، بەرامبەر هەڵبژاردەی پیرۆ، لە قۆناغی هەشتدا، کەچی بە خۆگری دەرکەوت. دوای یاریبیەکە، سواریێز، لێدوانی بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن دا و وتی:"بە لێدانی یەکلاییکەرەوە دۆڕاندمان، ئەنجامێکی نا یەکسان بوو، چونکە ئێمە باشتر بووین، چەندین دەرفەتمان ڕەخساند، بەڵام گۆڵمان تۆمار نەکرد". لە بارەی لە دەستدانی لێدانەکەشی وتی:"من لەسەر هەڵوێستی ناخۆش را هاتووم، ئەوە جاری یەکەم نییە، هەمان هەڵوێستم بەسەر بێت، بەڵام پێویستە سەرم بەرز بکەمەوە و بەردەوام بم". هەروەها وتی:"ویستم بە تونەی لە تۆپەکە بدەم، چونکە گۆڵپارێزەکەی پیرۆ من باش دەناسێت، بەڵام پێدەچێت بە باشی منی خوێندبێتەوە، چونکە زۆر بە سەرکەوتوویی تۆپەکەی منی گەڕاندەوە".سواریێز پەسنی هەڵوێستی هاوتیپەکانی لە دوای یاریبیەکەدا کرد و وتی:"ئەوان لە سەر ئاستی مرۆیی پشتیوانیان لێکردم،چونکە چەند ساتێکی ئەستەم و ناخۆش بوو، بەڵام پشتیوانی ئەوان بۆ من پێویست بوو". ئاماژەی بەوەش کرد:"پێویستە سوود لە شتە ئەرێنییەکان وەربگرین، یاریبیەکی باشمان کرد و دەرفەتی زۆرمان ڕەخساند، قاریش چەند گۆڵێکی ڕەت کردینەوە، بەڵام دەبێت ڕەخنە لە خۆیشم بگرم". لەکۆتاییدا وتی:"ڕەخنەگرتن شتێکی ئاساییە لەو جۆرە هەڵوێستانەدا، نەوەکو تەنیا بۆ من، بەڵکو بۆ تیپەکە و ڕاهێنەریش، دەبێت قبوڵی بکەین، ئێمە بە لێدانی یەکلاییکەرەوە دۆڕاندمان، بەڵام دەبوو لە کاتی یاریبیەکەدا بیبەینەوە".

ڕەمزی میرەکانی

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Tue, 2. Jul. 2019 No: (5780)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

لەندەن ... لە ڕێوڕەسمێکدا دەستەی خەڵاتی گەل کۆچەر بیرکاری خەڵات کرد



ساسان دەرویش – لەندەن

دەستەی خەڵاتی گەل لە ڕێوڕەسمێکی شایستەدا، لە هۆڵی سەرۆکی شارەوانی کینزیگتن تاون ۆڵ لە لەندەنی پایتەختی بەریتانیا، خەڵاتی ئالتونی گەل کەگوزارشت لە گەلی کورد دەکات بە ئامادەبوونی بەشێکی بەرچاو هاوڵاتیانی هەر چوار پارچەی کوردستان لە کەسایەتی سیاسی و ڕۆشنبیران بەخشرایە پرۆفیسۆر کۆچەر بیرکار کە توانی ئەو شانازییە بە گەلی کورد ببەخشێت وەک کوردێک ببێتە هەڵگری خەڵاتی فیلەدس لە ساڵی 2018دا، خەڵاتێکی گەورەی ماتماتیک کە هاوتای خەڵاتی نۆبێڵە و بۆ یەکەم جارە دەبەخشرێتە کوردێک لەسەر ئاستی دونیا، بەم بۆنەوە دەستەی خەڵاتی گەل کە دەستەیەکی خۆبەخش و سەربەخۆیە و ئەندامەکانی هەر یەکە و پیشەیەکی جیاوازیان هەیە و گوزارشت لە کوردوستانی گەورە دەکەن، بە ئامانجی دروستکردنی کولتووری خۆشەویستی و پێزانین و پێکەوە ژیانە، هەروەکو خۆشیان دەڵێن تا ساڵانە بتوانین خەڵاتی گەل بەبەخشینە ئەو کەسانەی داهێنان دەکەن لە بواری جیاوازەکاندا، ئەندامانی دەستەی خەڵاتی گەل بریتین لە بەڕێزان (شێرزاد حەسەن، سیمین چایچی، دکتۆر چیا زەنگەنە، شەهێن سابیر، زیرەک میرە، ئاکۆ غەریب، مومتاز حەیدەری)، هاوکات لەو ڕێگەیەوە ناوبانگێکی شایستە دەبەخشن بە میللەتی کورد و خزمەت بە بەرژەوەندیی بالای نەتەوەی کورد دەکەن لە هەر کوێیی دوونیا بن، هەر بۆیە خەڵاتی ئالتونی گەل لەم ساڵدا کە لە ڕێگەی کەمپینێکەوە ئەنجامدرا، بە بەشداری هاوڵاتیان و چین و تۆێژکانی کۆمەڵگا بە شانازییەوە بەخشرایە پرۆفیسۆر (کۆچەر بیرکار)تەمەن 40 ساڵ، خەڵکی شاری مەریوانی ڕۆژهەلاتی کوردستان لە ساڵی 2000وەک پەنابەرێک ڕووی کردووەتە وڵاتی بەریتانیا، هەروەها هەمان دەستەش سوپاسی گەرمی و پەرۆشێ بەشدار بوانی کەمپینەکە دەکەن بۆ خەڵات کردنێ زانا کوردەکەیان، هەروەها ئاشکراکردنی ئەم پرۆژەیەش دەگەڕیتەوە بۆ ئەوکاتەی هونەرمەندی پەیکەرتاش زیرەک میرە، لە ڕێوڕەسمی پەردەلادان لەسەر تازەترین پەیکەریدا بەناوی (کولتوور و خۆشەویستی) بەڕێوە چوو لە سلێمانی لە 11/8/2018 پرۆژەی (خەڵاتی گەل) ی ڕاگەیاند و داوای لە خەڵکی هەر چوار پارچەی کوردستان کرد، کە هەریەک بەپێی توانای خۆی ئەگەر بە بڕێکی کەمیش بێت، پێشکەش بە سندووقی (خەڵاتی گەل)ی بکات، میرە بە دڵێکی پڕەوە بەردەوامیی پێ دا و گوتی: تووئەو خوایەتان ئەم بابەتە مەبەستەوە بە حزبایەتیەوە، با ئێمە لەناو خۆماندا، بێ جیاوازی هاوکاریی کەسە لێهاتوو و شیاو و سەرکەوتووەکانی گەلەکەی خۆمان بکەین، زیرەک میرە گوتیشی: یەکێک لەو هۆکارانەی کە بووە هۆی دامەزراندنی ئەم پڕۆژەیە، سەرکەوتن و دڵنیستی زانا و بلیمەتی کورد (کۆچەر بیرکار) بوو، کە لە کاتی وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵ بۆ ماتماتیک، دەڵێت: (هیوادارم ئەم خەڵاتە لە قوڵایی گەلەوە هەڵقوڵا وە و پێشکەشی من کرا.

لەمساڵدا، شایەنی باسە، یەکەمین کەس کە دەستی بە بەخشین کرد بۆ سندووقی (خەڵاتی گەل) زیرەک میرە خۆی بوو، کە ئەڵقەی هاوسەرگیریی هاوسەرە خۆشەویستەکەی خۆیی بەخشی، ئەمەو مەراسیمەکەی لەندەنیش بۆ بەخشینی خەڵاتی ئالتونی گەل بە پرۆفیسۆر (کۆچەر بیرکار) لە ڕۆژی یەک شەممە 29ی حوزەیرانی 2019 بەڕێوەچوو، سەرەتا ووتاری بەشێک لە کەسایەتیەکانی کوردستانیانی هر چوار پارچەی کوردستان پێشکەشکرا، پاشان چەند پارچە میوزیکێک پێشکەشکرا بەوبۆنەیەوە، پاشان لەلایەن دەستەیی بەڕێوەبردنی خەڵاتی گەل لە نێوچەپڵەڕێزانی ئامادەبوان خەڵاتی ئالتونی گەل بەخشرایە پرۆفیسۆر کۆچەر بیرکار و دواتر بەرامبەر ئامادەبوان ووتەیەکی گرنگی پێشکەشکرد و تێیدا سوپاسی هەموو ئامادەبووان و دەستەی بەڕێوەبردنی خەڵاتەکەی کرد و گوتی بەشانازییەوە قبوڵم کرد و جێگایی شانازیە کە ئەم خەڵاتە لە قوڵایی گەلەوە هەڵقوڵا وە و پێشکەشی من کرا.



هونەرمەند ڕزگار بەگۆرانیەک پشتیوانی لەسەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکات

سەباح شێخانی: دوا بەدوای ڕاسپاردنی نێچیرڤان بارزانی لە سەرۆکی حکوومەتەوە بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان، چین و تۆێژەکان هەر یەکە و بەجۆرێک پاڵپشتی خۆیان بۆ دەربڕی، هونەرمەند ڕزگار بۆ سەرکەوتنەکانی نێچیرڤان بارزانی گۆرانیەکی بەناوی" ئەزموونی سەرکەوتوویی سەرۆک نێچیرڤان بارزانی" تۆمار کردووە.ڕزگار تایبەت بە" خەبات " گوتی: ئەم گۆرانیە لە ئاواز و هۆنراوە و گوتنی ڕزگارە، کاری دابەشکردنی موزیکی لە لایەن پیانۆژەنی بەتوانا هۆگر سەعید بۆ کراوە و لە ستۆدیۆی ئۆکتاڤ لایەن ئەندازیاری دەنگ محەمەد ئاکرەیی تۆمار کراوە.ڕزگار گوتیشی (ئەو گۆرانیەم لەبەرانبەر سەرکەوتنەکانی نێچیرڤان بارزانی چری، لە ماوەی حوکمرانیدا ئەزموونێکی سەرکەوتووی هەبووە توانی کوردستان بەرەو ئاوەدانکردنەوە ببات.

ئێستا گۆرانیەکە تۆمارکراوە، ڕزگار چاوەڕێ دەکات دامودەزگایەکی هونەریی یان لایەنێک بۆی کلیپ بکات. ڕزگار تا ئێستا پێنج سروودی بۆ پێشمەرگە گوتووە، هەروەها حەزدەکات هاوکاری هاوپیشەکانی بکات و لەمبارەوە چەندان ئاواز و شیعری داوەتە هونەرمەندان.

دهۆک.. دۆستەک گوندی لەقلەقەکان



بەشێوەیەکی گشتی تەمەنی حاجی لەقلەق لەنێوان 30-45 ساڵ دەبێت

لەقلەق یەکێکە لەو باڵندانەی کە سیفاتی کۆمەڵایەتی هەیە و هاوشێوەی مرۆڤ لەگەڵ یەکتری دەژین، بەڵام تیرەکانیان لەگەڵ یەکتر تێکەڵ نابن، خێزان خێزان بە جیا پێکەوە دەژین، هەر خێزانێک هێلانەی خۆی هەیە، شوێنی سەقامگیر و دوور لە جەنگ و جەنجالی هەڵدەبژێرن بۆ ژیان، مانەوە و زۆربوون. خواردنی سەرەکییان لە چەم و زۆنگاوی ناوچە کشتوکاڵییەکان دەست دەکەوێت، بەبێ ئەوەی زیان بە بەروومی جووتیاران بگەیەنن.حاجی لەقلەق ڕەنگی سپی سەر باڵەکانی ڕەشن و دەنووکێکی سوور و دوو قاچی درێژی هەیە، بە دەنووکە درێژەکەی ڕاوی مار، مشک، جرج و بۆق دەکات و دەیخوات و هەر ئەو خوارندنانەش لە کێڵگە کشتوکاڵییەکان بۆ بێچووەکانیان دەهێنن. تەنانەت بێچووەکانیان ڕادەهێنن لەسەر هەڵفڕین و چۆنییەتی ڕاوکردنی ئەم گیانەوەرانە.هاوڵاتیانی گوندی دۆستەک لە سنووری قەزای بەردەڕەش ئاشنان بە میژوو و سروشتی لەقلەقەکان، بۆیە بەهیچ شێوەیەک ئازاریان نادەن و و هێلانەکانیان ناشێوێنن. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی حاجی لەقلەق ئەوەیە لە شوێنە بەرزەکان ژیان دەکەن و هەر بە کۆمەڵیش کۆچ دەکەن و بە کۆمەڵیش لە کۆچەکەیان دەگەڕێنەوە.تەمەنی حاجی لەقلەق بە شێوەیەکی گشتی لە ٣٠ بۆ ٤٥ ساڵ دەبێت، ساڵانە سێ بۆ شەش هێلکە دەکات و دوای سی ڕۆژ کڕکەوتن چەند بێچوویەک لەقلەق لە هێلکەدا دەردەهێن و باوانی ئەم بێچووانە چۆن خۆیان بە خواردنی مار، مشک، جرج و بۆق دەژین، بەهەمان شێوە هەمان خواردن بۆ بێچووەکانی دەهێنن.ئەوەی سەرنج ڕاکێشە ئەوەیە کە ژمارەی ماڵەکانی گوندی دۆستەک و هێلانەی حاجی لەقلەقەکانی گوندی دۆستەک جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە. خورشید ئەحمەد دانیشتووی گوندی دۆستەکە و ئاشنایەتییەکی دوور و درێژی لەگەڵ لەقلەقەکانی گوندەکەی هەیە و لەمبارەیەوە گوتی: "گوندی دۆستەک لە ساڵی ١٩٧٤ ئاوەدانکرا، هەر لەو کاتەوە جووتێک لەقلەق لە یەکێک لە ستوونی گوندەکەمان و هێلانەیەک دروست دەکەن و هەر لەوکاتەوە هیچ کەس لەقلەقی ئازار نەداوە و ساڵ دوای ساڵ وەچە و نەوەکانی ژمارەیان زیاتر بوو". گوتیشی: "لەقلەقەکانی سنووری گوندی دۆستەک کە ژمارەیان ١٤٠ جووت دەبێت، هەموو وەچە و نەوەی ئەو جووت حاجی لەقلەقەن کە بەرلە ٤٥ ساڵ لە گوندەکەمان جێگیربووە، گونجاوی کەشوهەوای ناوچەکەمان و تێگەیشتوویی و ئاژەڵدۆستی هاوڵاتیانی گوندی دۆستەک و دەروروبەری وایکردووە لەقلەکان سنووری گوندەکەمان بکەنە مۆڵگەیەکی هەمیشەیی".

لە ئاهەنگێکی ماربڕیندا لە ئامەد
پێنج کیلۆگرام ئالتون پێشکەش بە بووک کرا



لە ئاهەنگێکی ماربڕیندا لە شاری ئامەدی باکووری کوردستان، پێنج کیلۆگرام ئالتوون و **500** هەزار لیرە پێشکەش بە بووک و کرا. ماربڕینی زەهرا بوجاک، کچی مەهمەت ئەمین بوجاک کە ئەندامی خانەوادەی بوجاکی ئورفایی-یە، لەگەڵ بیلال چیجەک، کوڕی حاجی تەکین چیجەک کە بازرگانێکی شاری ئامەدی باکووری کوردستانە لە هۆتێلێک بەڕێوەچوو کە نزیکەی دوو هەزار کەس بەشداریان تیادا کرد. دوای ئاهەنگێڕان و نانخواردن، مەراسیمی ماربڕین بەڕێوەچوو. لە ئاهەنگەکەدا نزیکەی پێنج کیلۆگرام ئالتوون و **500** هەزار لیرە پێشکەش بە بووک و زاوا کرا.

وێنەکێشان لەسەر سەوزە و میوە



باکر ئایتەکین کارمەند لە گەورەشارەوانی ئورفای باکووری کوردستان ، بەچەقۆی جۆراوجۆری نوک باریک :گوڵ، ڕووەک و گیانلەبەران لەسەر میوە و سەوزە وێنە دەکێشێت. باکر ئایتەکین ڕایگەیاند کە لە تەمەنی ١٨ ساڵییەوە خولیای وێنەکێشان لەسەر سەوزە و میوە لای دروست بووە و دواتر بۆتەوەی سەوزە و میوەکان بە فیرۆنەچن کوزکوزیان دەکات و پێشکەش بە خەڵکیان دەکات. ناوبراو ئاماژەی بەوە دا کە دەیەوێت لە ڕێگای ئەنجامدانی ئەو کارەوە هونەرەکەی نیشان بدات و گوتی: "بۆ ئەوەنە کێشانی وێنەیەک لەسەر شوتی نزیکەی یەک کاتژمێر دەخایەنێت، چونکە تاڕادەیەک زەحمەتە. خەڵک کارەکەمیان زۆر بەدڵە و بەردەوام دەبم لەو کارە.